# پێشەنگ

گۆڤارێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیریە ڕاگەیاندنی ناوەندیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨)    ساڵی حەوتەم    تشرینی دووەمی/١٩٨٩

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com











وینەکانی دیوی یەکەمی بەرگی یەکەم:

١- وێنەی دەستەراستی سەرەوە، چەند کەس لە وەفدی سۆڤیەت لە کۆنفرانسی پاریس،لەراست بۆ چەپ بەرێزان( زانای کورد نادرۆف ،پرۆفیسۆر لازاریف، دکتۆرگەسرەتیان) بەرچاو دەکەون .

٢- وێنەی دەستە چەپی سەرەوە ،سەرۆکایەتی یەکێ لەدانیشتنەکانیکۆنفرانسی پاریسەلەراست بۆ چەپ بەرێزان(د.شریف وانلی و د. کەندال نزان و خاتوو دانیال میتران وابراهیم ئاکسوی)بەرچاودەکەون

٣و٤- هەردوو وێنەیدەستە راست و دەستە چەپی خوارەوە، دوو دیمەن لە خۆپیێشاندانی جالیەیکورد لەکاتی بەستنی کۆنفرانسی پیشەسازی و دەولەتان دژی چەکی کیمیاوی،لەکانبرای پیتەختی ئوسترالیا لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٩،دیار دەکەن .

oooooooooooo

وێنەکانی دیوی دووەمی بەرگی یەکەم:

١- مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی حزبمان لەنێو خاکیولاتدا .

٢- دێرێکی خاپورکراو.

٣- مەفرەزەیەکیپارتیزانی بەرەی کوردستانی لەنێو خۆی ولاتدا .







# پێشەنگ

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە راگەیاندنی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەری دەکات .







## لەم ژمارەیەدا

٤ ـ کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی "پاریس" .......
١٠ـ نامەی زاخارۆف بۆ کۆنفرانسی پاریس ......
١١ـ نامەی ئەدوارد کەنەندی بۆ /..........
١٢ـ سەردانی ئەمینداری حزبمان بۆ هۆڵەندا ...
١٥ـ شاڵاوی ترۆر،کرێکارانی میسریش دەگرێتەوە..
١٧ـ کۆنفرانسی پیشەسازیودەولەتاندژی/ .......
١٨ـ نامەی سەرۆک وەزیرانی ئوسترالیا بۆ/......
١٩ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیریدەرەوەی ئوسترالیا
٢٠ـ دوو نامە بۆ سەرۆک گورباتشۆف .......
٢٥ـ رۆژنامەی(الفیگارۆ)باسی ویرانیکوردستان..
٢٦ـ جەنگ بە چاوی منالانی کورد.. تیم کلسی ...
٢٨ـ کوردستان:مێژوویەکی بێ جوگرافیا .......
٣١ـ بزوتنەوەی ولاتانی بێلایەنلە(٩)کۆنگرەدا ..
٣٣ـ گەشتێک بەکوردستانی سۆڤیەت..دیمتری .....
٤١ـ ئەو دیوو هەڵەبجە ..(ص.رەواندوزی).......
٤٢ـ من هەڵەبجەم/شیعری(عزیز کەیخوسرەوی).....
٤٣ـ سروودی نائومێدی/شیعری(حەمەسەعیدحەسەن)..
٤٤ـ پۆستەی خوێنەران .................
٤٦ـ دوو هۆنراوە/ مامۆستا عبداللەپەشێو .....

Hevpeyvînek Digel(M.Kitani)......(49)
Xoragirtin..(HOZAN) ..............(50)
Hosa Am Mişext Büyn ..............(53)
Z.B.DOBATO ÇÜ WEXER ..............(54)
MİSRİ Jİ Lİ İRAQE DİHEN KÜŞTİN ..(55)
KONFİRANSA DEWLETA Ü PİŞESAZİ....(56)
ÇEND KIRYARÊD LEŞKİRİ............(57)
KONGİRA NEVDEWLETAN:PARİS........(58)

ADRES:
P.O.BOX 5042 13105 NACKA SWEDEN

نرخی لە :
رۆژهەلاتی ناوەراست (١) دینارە
ئەورووپا و ئەمریکا (١) دۆلارە

# کۆنفرانسی نێودەولەتی

# «کورد: مافی مروڤ وناسنامەی فەرهەنگی»

رۆژانی (١٤و١٥) ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ ، لە هۆلی نێودەولەتی ناوەندی کۆنگرەکان لە پاریس لەسەر داوای (ئەنستیتۆی کورد لە پاریس) وبە یارمەتی وهاوکاری دام و دەزگاکانی (کۆمەلەی فەرەنسای ئازادی ـ فرنسا الحریات) وبەسەرپەرشتی خاتوو (( دانیال میتران )) ، یەکەمین کۆنفرانسی جیهانی لەمەر ( ناسنامەی فەرهەنگیو مافی مرۆڤی کورد ) بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بەشداران ،بەسترا .

کۆبونەوەی یەکەم تەرخان کرابوو بۆ (مێژووی کوردو کۆمەلگای کورد) کەلە لایەن لۆرد (( ئیڤری )) یەوە سەرۆکایەتی کرا ،بەلام کۆبونەوەی ئێوارەبەسەرۆکا ـ یەتی خاتوو (( میتران )) دەستی بەکارکرد ،و زیاتر دەربارەی بارودۆخی ئێستای کوردستان بوو . دانیشتن و کۆبونەوەی بەیانی رۆژی یەک شەمە بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسا دکتۆر ( بیرنارد کۆشنر ) بوو ، و تەرخان کرابوو بۆ گوێ گرتن وپیستنی گوفتاری شاهیدان لەرۆژئاوا و جیهانی رۆژئاوایی و کورد ،دوا کۆبونەوەو دانیشتنی ئێوارەش بەتەواوی تەرخان کرا بۆ بابەتی ( کوردو کۆمەلگای نێودەولەتی )و دارشتن و وەرگرتنی بریار . کۆبونەوەکە بەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری کەلەلایەن رێکخەرانی کۆنفرانسەوە بەسترا ،کۆتایی هات.پاشان بەئاهەنگێکی نان خواردن و گوێ گرتن لەئاواز و دەنگی تەمبوری (شڤان)و هونەرمەند (مەزهەری خالیقی) ،کۆتایی پێ هات.

جگە لەخاتوو میتران ،لەزۆربەی چالاکیەکانداکە بەشدار بوو ،بەرێز (کۆشنەر) وەزیری فەرەنسا و لۆرد ئەڤیری و ژمارەیەک لەکەسایەتی نێودەولەتیش بەشداریان لەو کۆنفرانسەدا کرد ،لەوانە سناتۆر ( کلیبورن پیل) سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەئەنجومەنیپیرانی ئەمریکاو ( تۆماس هامربری ) سەرۆکی پێشووی رێکخراوی لێبووردنی نێودەولەتی و سەرۆکی کۆمەلەی پاراستنی منالانی سوید، دکتۆر خاتوو ( ئان کلۆید ) جێگری کرێکاران لە پەرلمانی بەریتانیاو سەرۆکی رێکخراوی(کاردری) و وەفدێکی سۆڤیەتی کەپێک هاتبوو لە هەریەک لە دکتۆر ( گەستریان)و پرۆفیسور ( لازاریف)و کوردی ئەکادیمی سۆڤیەت( نادر نادرۆف) ،هەروەها خاتوو (بونیر ) خێزانی پرۆفیسور (زاخارۆف) جونکە پرۆفیسور زاخارۆف نەیتوانی بوو بەشداری کۆنفرانسەکە بکات بەلام نوسراوێک و چەندین پێشنیاری ئاراستەی کۆنفرانس کرد بوو کەلە لایەن خاتوو زاخارۆف پێشکەش کران و وەرگیران.

هەروەها لەکەسایەتی زانستیش،پرۆفیسور ( رۆدلیتر ) وخاتوو (جویس بلاو ) ئامادەی کۆنفرانس بوون،لەوکەسایەتیانەی کە چەندین گەواهیان پێشکەش کرد بەرێز ( پیتر گالبیرشا ) و رۆژنامەنووس(کوین روبرتس)و پرۆفیسور ( هندریک) کە شارەزاو پسپۆرێکی ژەهرەکان بوو.

لەسەر ئاستی عەرەبیش (عەقید سەلیم فەخری) وەزیری پێشووی جەزائیرو (حسین آیة احمد) و بەرێز (حبیب بولص) لەلایەن یەکێتی نووسەرانی عەرەب وخەبات گێڕێکی فەلەستینی بەشداریان کرد.

ئامادەبوونی کوردیش لەو کۆنفرانسە شێوەیەکی بەهێزی بەخۆوە گرتبوو، لە سەرکردەی حزبەسیاسییەکانی کورد، بەڕێزان (جلال طالبانی وسامی عبدالرحمن و کمال بورقایو رسول مامند و محسن دزەیی و سەرهاد دجلەو حەسەن شەرەفی و نوشیروان و دکتۆرمحمود عثمان و دکتور مجیدرشید جعفرو صلاح بدرالدین و عدنان موفتی) بەشداریان کرد، هەروەها لەلایەن ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییەکانی کورد لەدەرەوە بەڕێزان (هەژار موکریانی و ئیبراهیم ئەحمەد و مظفر شافعی و مظهری خالقی و حمید نەورۆز و پیرۆت ئیبراهیم و ظاهرحسینو عصمت شریف وانلی و دکتۆر اسعد خەیلانی و دکتۆر نجمالدین عمر و خلیل شەنگالی و بشیر رسول و خالد کایا) ئامادە ببوون.

ئامادەبوونی (نۆ) جێگری کورد لەئەندامانی پەرلەمانی تورکیا لەوانەش (ئیبراهیم ئاکسۆی و محمد علی ارسلان) لەو کۆنفرانسەدا جێگەی خۆشبەختیبوو ئەگەرچی ئەوبەڕێزانە لەبەرئامادەبوونیان چاوەڕوانی سزایان دەکرد لەلایەن حزبەکەیان حزبی (سۆشیالیستی دیموکراتی گەلی تورکیا) و حکومەتی تورکیا.

شیاوی باسە کەلایەنەکانی بەرەی کوردستانی عێراق، وەک وەفدێکی یەکگرتوو ئامادەی کۆنفرانس بوون و دەورێکی بەرچاویان تێداگێڕاو ووتاری بەرەش لە لایەن بەڕێز (دکتور محمود عثمان) خوێندرایەوە.

هەروەها چەندین بروسکەی سڵاو بۆ کونفرانس لێدران لەوانەش بروسکەی بەڕێز (فیلی برانت) و (برونوکراسیکی) وئەو نوسراوەپڕسۆزەی کەسیناتۆر (ئەدوارد کەنەدی) ئاراستەی کردبوو.

هیچ شاراوەو جێگەی گومان نەبوو کە دکتۆر (کەندال نزان) سەرۆکیپەیمانگای کورد لەپاریس لەولەبی کونفرانس بوو. لەقوڵایی دڵەوە داوای لێبووردنلەو کەسانە دەکەین کەئامادەی کۆنفرانسەکە بوونو ناتوانین ناوی هەموویان بهێنین، چونکە ژمارەی ئامادەبووان لە (٣٠٠) کەس زیاتربوون و لە (٣١) وڵاتەوە هاتبوون، وگشتیان لەکەسانی ناسراوو خاوەن شوێنو شایستەی بەشداربوونی ئەم جۆرە کۆنفرانسە بوون.

(١٢٠) ڕۆژنامەنووس کەنوێنەرایەتی ئاژانسەکانی دەنگ و باس و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهانیان دەکرد ئامادەی ڕاگەیاندنی ڕوداوەکانی ئەوکۆنفرانسە بوون، هەروەها ڕۆژنامەگەری تازە پێشگەیشتووی کوردیش بەش بەحاڵی خۆی ئامادەبوو، جگەلەوەش ڕۆژنامەو ئێزگەی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی فەرەنساو جیهانی بەشداریەکی چالاکیان کردو ڕوداوو چالاکیەکانیان بڵاو کردنەوە.

لەبەر فراوانی بەرنامەی کۆنفرانس وبەشداری بەرفراوانی لایەنەکانرروونەکە لێکۆڵینەوەو وتارو گەواهییەکان لایەنە جیاجیاکانی کێشەیکوردیان بەخۆوە گرتووە. تاوانباری سەرەکی و گوناهباری ڕاستەقینە لەوکۆنفرانسەدا ڕژێمی صدام بوو، کەزۆربەی وتارو گوفتارەکانی نوێنەرە جۆراوجۆرەکان باسیتاوانە درندەکانی ئەو ڕژێمەیان دەکرد دەرهەق بەگەلی کورد، وەک بەکارهێنانیچەکی کیمیاویو کاولکردنی چوار هەزار دێهات و ژەهرکردنی ناحەزان وپێشێلکردنی

مافی مرۆڤ و هتد... جالەبەرئەوە رژێمی عێراق چەندین مانگ هەوڵی ئەوەی دەدا کەئەم کۆنفرانسە نەبەسترێ،و زۆر بەتوندی نارەزایی خۆی بۆ حکومەتی فەرەنسا دەربری سەبارەت بەبەستنی،هەروەها زۆری هەوڵدا کەیەکێک لە جاشەکانی خۆی ئامادەی ئەو کۆنفرانسە بکا،کەئەویش سەرۆکیبەناوئەنجومەنی تەشریعی ناوچەی کوردستان بوو،بەڵام تەقەلای ئامادەبووان بەتایبەتیهەوڵی بەرەی کوردستانی عێراق وای لێکردن کەهیچ ئەنجامێک وەدەست نەهێننو بە جارێک شەرمەزارببن،ئەمەش مشتێکی تربوو کەبەردەم ولوتی ئەورژێمە کەوتبە تایبەت لەسەرئاستی راگەیاندنی جیهانی،جگەلەوەش چەندین بریاری کۆنفرانس لەناوەڕۆکدا پەنجە بۆتاوانەکانی ئەورژێمە رادەکێشن،ئەگەرچی ئێمە وا دەبینین کەدەبوایە بەئاشکراو ناودرکاندن بوایە .

بەلام تورکیا بەتاوانباو گوناهباری دووەم دانرا،ئەویش لەبەر چەند هۆیەک گرنگتریشیان رەتکردنەوەی بوونی گەلی کوردە کەژمارەیانزیاتر لە (١٢) ملیونە لەکوردستانی تورکیا،ئەم رژێمەش بەو رەتکردنەوەیە بەشەرمەزارێک دەناسرێ لەبەردەم جیهاندا،بەتایبەتی کاتێ کەهەوڵی جوونە ناوبازاڕی هاو بەشی ئەوروپا دەدات.

شیاوی باسە کەگیانی پیرۆزی شەهید (عبدالرحمن قاسملو) لەهۆڵی کۆنفرانس دەسورایەوەو باڵی بەسەر زۆربەی وتارەکاندا کێشابوو،چونکە شەهیدی مەزن چەندین ساڵ لەم شارە(پاریس)دا ژیابوو،و زۆربەی پیاوەناسراوەکانیش دۆست و هەڤاڵی بوون،هەروەها (هیلین قاسملو) خێزانی شەهید قاسملو لەکۆنفرانسەکە بەشداربوو،و وتارێکی پێشکەش کرد.

دوای پەسەندکردنی بریارەکانی کۆنفرانس،بەرێز تۆماس هامیری خۆیگەیاندە شوێنی وتار خوێندنەوە بۆئەوەی رابگەیەنێ کەوا سویدیەکان خۆشحاڵن بەوەی کە مەشخەڵی کۆنفرانس لەپاریسەوە بەرەو ستۆکهۆلم(سوید)هەڵگرن.
بۆیە کۆنفرانسی داهاتوو دەربارەی کێشەی کورد بەرلەگەلاوێژی داهاتو لە پێتەختی سویدی دەبەسترێ.

بریارەکانی کۆنفرانس:-

---

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی(کورد:مافی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگی)کەلەرۆژانی (١٤و١٥)یتشرینییەکەمی ١٩٨٩،لەپاریس پێتەختی فەرەنسا بەپێشنیاریکۆمەڵەی فەرەنسای ئازادی وپەیمانگای کورد لەپاریس بەسترا.بەلەبەرچاوگرتنیئەوەی کەکوردەکان گەلێکی پارچەپارچەکراوی نێوان چەندین وڵاتن ودووچاریدەردێکی نالەبارهاتوون تەنها لەبەرئەوەی ئارەزووی پاراستنی ناسنامەی فەرهەنگی خۆیان دەکەن وبەرگری لەمافەسیاسیو دیموکراتی رەواکانی خۆیان لەهەریەک وڵاتانەی کەتێیدا هەن،دەکەن.لەکۆتایی کۆنفرانسەکە ئەوبریارانە هاتنە وەرگیران:

- کاربەردەوام بێت لەمیان دامەزراندنی دەستە هەمیشییەکان کەبەرپرسیارن لەبەرگری کردن لەمافی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کەکوردی تێدا دەژین،دەستەی کراوەش بۆ وەرگرتنی ئەندامانی پەرلەمان لەتەواوی وڵاتە دیموکراتیەکان،

هەروەها داوا لە دامودەزگای(فرنسا الحریات) دەکات کەکاربکات لەپێنا و جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە.
- نوێنەرانی گەلی کورد بانگ بکرێن بۆ پەرلەمانی ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئەوروپا و پەیمانەسەرەکیەکانی نێودەولەتان.
- قەدەغەکردنی بەرهەم هێنانی چەکیکیمیاوی و پشتگیری کردن لەبەستنی پەیمانیکی نێودەولەتی کەچەندین سزای ئابووری وسیاسی دژی ئەو ولاتانە وەربگیرێت کەچەکیکیمیاوی وبایۆلۆژی بەکاردەهێنن،چونکەئەمە پێچەوانەی یاساکانی نێودەولەتیە.
- بەپەلە داوای دامەزراندنی رێکخراوێکی کوردی بکات کەنێونەرایەتی تەواوی گەلی کورد بکات،ئەمەش بەئامانجی وەدەست هێنانی مافینوێنەرایەتی لەدەستەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەسیفەتی چاودێر.
- لەسەرپێشنیاری پرۆفیسور (زاخاروٚف) کۆنفرانس داوا لەنەتەوە یەکگرتوکان دەکات چونکە پاسەوانی ئاشتی جیهانیە تاکۆبونەوەیەکی تایبەت لەدەستە گشتییەکەی سەبارەت بەکێشەی کورد ببەسترێت.
- بۆ سەرنج راکێشانی بارودۆخی تراژیدی ژیانی پەنابەرەکوردەکان،کۆنفرانس سوورە لەسەر گفت و گۆی بەپەلە لەگەڵ موفەوەزی سامی پەنابەران کەسەر بەنەتەوەیەکگرتوەکانە وبەمەبەستی ئەوەی پشتگیری کاریگەر وەدەست بهێنێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئارەزوو ویستەکانی پەنابەران،بەتایبەت لەبواری یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان و واش دەبینی کە توانای بەستنی کۆبونەوە لەگەل موفەوەزی سامی پەنابەران بۆ چارەی ئەوگیروگرفتە هەیە کەسەربەنەتەوە یەکگرتوەکانە.
- ئەوجارەنووسەی کەرووبەرووی ئاوارە کوردەکان دێت رەت دەکاتەوەو داوا لەولاتە خاوەن پەیوەندییەکان دەکات کەرێز لەویاسا نێودەولەتیە بگرن کە بەوکارەوە پەیوەستەو پشتگیری ویارمەتی مرۆڤایەتیان بدەن.
- لەپێنا و خزمەت کردنی ئەو ئامانجە داوادەکات کەئازادی پەیوەندی کردن بەرێکخراوە نێودەولەتیەکان ئەوانەی کەبێ لایەن و بێ ئیجازەن ،بدرێ،ئەمە بەپێی گونجاندن لەگەڵ بریاری دەستەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان (ژمارە ١٣١/٤٢ لە ٨/ك ١ /١٩٨٨).
- کۆنفرانس ئارەزووی خۆی دەردەبرێ سەبارەت بەبەستنی جارێکی تر لە ستۆکهۆلم بەرلەگەلاوێژی(١٩٩٠)لەژێر سەرپەرشتی کۆمیتەی سویدی بۆمافی مرۆڤی کورد.

گرنگی کۆنفرانس:-

کۆنفرانس چەندین گرنگی بەخۆوە گرتوە،یەکەمیان ناوەرۆکی کۆنفرانسەکە لە ناونیشانیەوە بەدی دەکرێ(( کۆنفرانسی نێودەولەتی،کورد:مافی مرۆڤ و ناسنامەی فەرهەنگی)) .ئەمەش سێیەم کۆنفرانسی نێودەولەتیە کەدەربارەی کێشەی کورد لەم سەدەیەدا دەبەسترێ،یەکەمیان لەنزیک پاریس لە(سیڤەر) ساڵی(١٩٢٠)بەسترا و تیایدا دان بەسەر بەخۆی کوردە نیشتمانپەروەرەکانرا بەلام دووەم لە(لۆزان) بەزمانی فەرەنسی لەساڵی(١٩٢٣)بەسترا و تیایدا

تەواوی مافی کورد ژێرپێ خرا، ئەمەش بۆخوبەدەستەوەدان لەبەرامبەرداواکاری یەکانی تورکیای کەمالی، ئەم کۆنفرانسەی سێیەمیش هەر لەپاریس شاری ئاسۆو هیوا بەسترا.

ئەگەرچی بەشداربوان کەلە (٣٦) وڵاتەوە هاتبوون، نوێنەرایەتی حکومەتەکانیان نەدەکرد بەڵام زۆربەهێزەوە نوێنەرایەتی ناوەندەکانی رای گشتی جیهانیان دەکردو زۆربەیان لەرای حکومەتەکانیان دوور نەبوون.

هەروەها کۆنفرانس لەبنایەتی ناوەندی نێودەوڵەتی کۆنفرانسەکان کەسەر بەوەزارەتی دەرەوەی فەرەنسایەو بەسەرپەرشتی راستەوخۆ لەلایەن یەکەمین خانمی فەرەنسا (دانییال میتران) بەسترا. لەوانەشە گرنگترین رەگەزی ئەو کۆنفرانسە بەشداربوونی ئەم ژمارەزۆرەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و زانستی خاوەن شوێن و پایەی بەرزی نیشتمانی نێودەوڵەتی بوو بەتایبەت دۆست و هاوپەیمانانی گەلەکەمان وئەوانەی کەلەم ساڵانەی دواییدا زۆر چاک ئاگاداری ئەو چەوسانەوەیە بەردەوامەن کەدووجاری گەلی کوردمان هاتووە.

بەڵام ئەوانەی کەتوانای ئامادەبوونیان نەبووە بەناردنی بروسکەو نوسراوی لایەنگری وپشتگیری کەم تەرخەمیان نەکرد. جگەلەوەش ئامادەبوون و بەشداری کردنی تەواو لەلایەن سەرکردەکانی حزب و کۆمەلەسیاسییەکانی کورد و دام و دەزگا رۆشنبیری و کۆمەلایەتیەکانی کوردستانی لەدەرەوە جێگەی شانازییەکی بەهێزو خۆشحاڵی بوو.

لێرەدا لایەنێکی گرنگتر هەیە کەپێویستە پەنجەی بودرێژ بکرێت ئەویش ئامادەبوونی وەفدو کەسایەتی لەئەوروپا و ئەمریکای لاتین و یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەکونفرانس توانیویەتی لایەنگری وپشتگیری ئەو وڵاتانە بۆخۆی وەربگری، کەئەمەش لەگەڵ بارودۆخی تازەی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بەتەواوی دەگونجێ.

ئەوەی شیاوی باسە کۆنفرانس لەگەڵ لێکۆڵینەوەی تەواوی لایەنەکانی کێشەی گەلەکەمان هەوڵی ئەوەشیداوە کەچارەی ئەوکێشەیە لەچوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت. لەگەڵ چاوخشانێک بەبریارەکانی کۆنفرانس وادەردەکەوێ کەدیدێکی ئایندە بۆکێشەی گەلەکەمان هەیە، واتە کۆنفرانس بریتی نەبووە، لەئاهەنگێکی دوورۆژە، بەڵام جێبەجێ کردنی بریارەکانی پێویستیان بەپێەکگرتن ویەکێتییەکی راستەقینەی تەواوی دەستەولایەنەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی هەیە. هەروەها پێویستی بەخەبات و تێکوشانێکی زۆر هەیە بەتایبەتی لەسەرئاستی راگەیاندنی جیهانی وکاری دبلۆماسی، ئەمەشە کە حزبمان لەم ماوەیەی دواییدا زۆربە گرنگی هەوڵی بۆدەدات. جگەلەوەش ئەم کارە پێویستی بەپشتگیریەکی بەردەوام لەلایەن بەشداربوانو هی تریش هەیە بەتایبەتی ئەوانەی کەگرنگی بەمافی مرۆڤ و رۆشنبیری گەلان و عەدالەتی جیهانی دەدەن.

ئامادەبوونی کەسایەتی عەرەبی و تورکی و ئێرانیووەستانیان لەگەڵ عەدالەتی کیشەی گەلەکەمان گرنگیکی تایبەتی هەیە، چونکە گەلی کوردمان هاوژیانە لەگەل ئەم گەلانەو هاوچارەنووسیشە لەگەلیان، ئێمەش خەبات دەکەین لە پێناو وەدەست هێنانی چوارچێوەیەکی عادیلانەی پەیوەندی دەگەڵ ئەم گەلانە.

لەبریارەکانی کۆنفرانس،داواکردن بۆبەستنی کۆبونەوەیەک لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دەربارەی کێشەی گەلی کوردو قەبول کردنی نوێنەرێکی گەلی کورد بەسیفەتی چاودێر لەو رێکخراوەجیهانی یە.چونکە ئاڵۆزکردنی کێشەی گەلەکەمان والەنەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کەباشترین دەستەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەی گونجاو.

تاڕادەیەک ئەم کۆنفرانسە دەرچوونێک بوو لە دبلۆماسی تەقلیدی،کە هەر وڵاتێ رەچاوی بەرژەوەندی ئابوری و ستراتیژی خۆی دەکات،بەبێ گوێ دانە تیرورو داپلوسینو گۆماوی خوێنی ولاتانی دیکەی جیهان،ئەمەش بە بیانووی دەست نەخستنە ناوکاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەوە.
ئەو دبلۆماسیە تەقلیدی‌یە هاندەری بێ دەنگی دوورودرێژو تۆقینەری نێو دەوڵەتانە بەرامبەر بەکارەساتەکانی گەلەکەمان.هەروەها بەبێ دەرچوون لەم رەوتە هەرگیز پاڵپشت و هاریکاری شێلگیرانەی دەوڵەتان بۆ خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان لەپێناو سەربەستی‌دا نایەتە دی.

لەکۆتایی‌دا چاکترین بەڵگە لەسەربەردەوام بوونی ئەمبابەتە ئەوەیە کە پێشنیارو رازی بوون هەیە لەسەربەستنی کۆنفرانسی دووەم لەستۆکهۆلم بەر لەمانگی گەلاوێژی داهاتوو ،واتە ساڵی (١٩٩٠).بەوئومێدەی ئەو کەمو کورتیانەی لەکۆنفرانسی پاریسدا هەبوون،هەرچەندە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێناوە ،لەکۆنفرانسەکانی داهاتوودا دووپات نەبنەوەو کۆنفرانسی داهاتوو سەرکەوتنی گەورەو پڕ بەرهەمتر وەدەست بهێنی،چونکە کۆنفرانسی پاریس یەکەمو یەکەم تاقی کردنەوەبوو•

## ★وتەی نەمران★

* دکتۆر فوئاد ،سەرکردەی کۆمەڵەی خۆیبون،لەبەردەمپەتی سێدارەدا :
من هەمیشە خەونی‌ئەوەم دەدی لەپێناو نیشتمانەکەمدا گیانم بەخت کەم، ئێستاش گومانم لەوەدانیە کەرۆژێ دێ ئاڵای سەربەخۆیی لەسەر ئەمخاکەی ئێستا ئێمەی لەسەر ئیعدام دەکرێین، بەرز دەکرێتەوە.

* سەید رەزای دەرسیمی،لەسەر تەختی سێدارەدا :
تەمەنم گەیشتە (٧٥)ساڵ،لەوتەمەنەدا دەچمە ریزی شەهیدانی‌کوردستان رۆژی‌دێ کەلاوانی‌کوردستان تۆڵەمان بسێننەوە ،بژی‌گەلی‌کورد ،بژی‌کوردستان

* پێشەواقازی‌محمد ،کاتێ سیخورەکانی شاچاوی دەبەستن‌و بۆسێدارەی دەبەن:
چاوم مەبەستن،من شەرمەزاری گەلەکەم نیم ،با بۆدواجاریش چاوم پێیان بکەوێ و کوردستانەکەم ببینم .

* شێخ سەعیدی پیران،لەبەردەم پەتی سێدارەدا :
من گەیشتمە کۆتایی‌ژیانی‌ئاسایی‌خۆمو پەشیمانیش نیملەوەی کەوا ژیانی خۆم لەپێناوی وڵاتەکەموگەلەکەمدا دەکەمە قوربانی‌و ئەوەندەمان بەسە نەوەکانمان لەبەردەمی دوژمندا شەرمەزار نەبن .

# نامەی پرۆفیسور زاخارۆف بۆ کۆنفرانسی پاریس

*Lettre d'Andreï Sakharov*
*à la Conférence Internationale*
*sur les Kurdes*

Moscou, le 13 octobre 1989

من بایەخێکی زۆر بەکێشەی گەلی کورد و ئێش و ئازارو قوربانیەکانی ئەمگەلە دەدەم.زۆر لەمێژە خەباتی نەپساوەی گەلی کورد پشت بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەبەستێت و هەر ئەمەش راسترو رەواترە.

داوا لەحکومەت و رێکخراو و هاوولاتیانی تەواوی ولاتان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتان دەکەم کەلە رەفتارکردنیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تیادا دەژی رەچاوی سیاسەتی پراکتیکانەی سەرکردەکانی ئەم دەوڵەتانە بەرامبەر بە کورد بکەن. نابێ چاوپۆشی بکرێ لەهەر جۆرە پەنابردنە بەر زەبرو زەنگێکێ و هەر چەشنە زوڵم و زۆرێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و هەرپێشێلکردنێکی مافەکانی مرۆڤ و هەر جۆرە رەشەکوژیەکی بەکۆمەڵ . هەروەها پێویستە بەبێ تەنگ پێهەڵچنینی ئەو دەوڵەتانەی ئەنجامیان دەدەن،تیپەر نەبێت. بەتایبەتی نابێ ئەوراستیە لەبیر بکەین کە چەکی کیمیاوی بۆ کوشتن و ئەشکەنجەدانی منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوان دەکار کراوە.

داوا لەکۆنفرانس دەکەم کەکێشەی کورد بخاتە بەردەم دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەم دەستەیەش دەبێ وت و وێژێکی گشتی لەمەڕ کێشەی کورد ساز بکات .بەرای من ئاکامی ئەم وت وویژە بریارێکی دەستەی گشتی وەخو بگرێ و بەپێی ئەم بریارە ئەو دەوڵەتانەی کوردی تیادا دەژی ناچار بکرێن کەناوچەی ئۆتۆنومی نەتەوایەتی کوردی دابمەزرێنن و لەبواری سیاسەت و ئابوری و ئایین و کەلتوردا ئەو سەربەخۆییە بەگەلیکورد بدرێ کە شیاویەتی .

دەبێ تەواوی هەنگاوی زالمانەو ئەو رەفتاری غەیرە قانونیانەی کە لە رابردوودا دەرهەق بە کورد ئەنجامدراون تاوانباربکرێن و بریاری پێویست بۆ قەدەغەکردنی دووبارەبوونەوەی ئەم رووداوانە لەداهاتوودا وەربگیرێت.

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو هیوامندا

ئەندرێ زاخارۆف

*Andreï Sakharov*

# نامەی ئیدوارد کەنەدی بۆ کۆنفرانسی پاریس

*from the office of*

**Senator Edward M. Kennedy**

*of Massachusetts*

خۆزگە دەمتوانی بەشداری کۆبوونەوەکەتان بکەم لەپێناو پێشختنی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەلتوری کورد.

رێگەم بدەن سەرەتا رێز لەو دڵسوزە بگرم کەبەهەوڵ و کۆششی بەردەوامی خۆی کاری بەستانی ئەم کۆنفرانسە گرنگەی هێنایە دی (خانمی - دانییال میتران). دڵنیام کە ئەنستیتۆی کورد لەپاریس وەک قەڵای هیوای ملیۆنەها کوردی سەرتاسەری جیهان کەچاویان بڕیوەتە پاشەرۆژێکی عادیلانەو روونا کتر کار دەکات. ئالێرەدا ئیمڕۆ بەشداری بەڵێنی نەگۆڕی ئێوە دەکەم لەپێناو پێشخستنی کێشەی گەلی کورد. دەبێ هەموو پێکەوە بەشداری لەپێشخستنی مەسەلەی عەدالەت و رێز لێنانی مافەکانی مرۆڤی کورد بکەین.

کورد میراتگری یەکێکێ لەکۆنترین و دەوڵەمەندترین کەلتورەکانی مێژووی مرۆقایەتییە، هەرلەزەمانی میدیەکانەوە کەلتوری ئەم گەلە جەندین نوسەر و فەیلەسوف وموسیقازانی مەزن و هۆزانڤانی لێ لەدایکێ بووە کە چەندین نەتەوەی دیکەی سەرتاسەری زەویان دەوڵەمەند کردووە. کەچی ئەم کەلتوورە مەزنە هەمیشە لەلایەن چەندین هێزی بەدەسەڵاتەوە هەڕەشەی لێکراوە.

هەروەها بەدرێژایی مێژوو لەشەڕو ملمانێی ناوچەییدا، کورد وەکێ داشیدا مەرەفتاری لەگەڵدا کراوە، رۆڵەکانی ئەم گەلە چەوسێنراونەتەوەوکەلتورەکەش خەفە کراوە. ئیمساڵ ماوەیەکێ لەمەوبەر حکومەتی عێراق شاڵاوێکی بەربڵاوی دەستپێکرد تابەزۆروزۆرداری دەیان هەزار کوردی کوردستانی عێراق بۆ بەشەکانی دیکەی ئەم وڵاتە رابگوێزێتەوە. ساڵی پار هەزاران کوردیعێراق بە شاڵاوی گازی ژەهراوی عێراق، گیانی خۆیان لەدەستداو هەزارانی دیکەش بە ناچاری پەنایان بردەبەر تورکیاو ئێران و سوریا. زۆر لەمێژە گەلی کورد ئێش و ئازارێکی بێپایان دەچێژێ.

ئێمە دەبێ خۆمان تەرخان بکەین لەپێناو کۆتایی پێهێنانی ئێش وژانەکانی گەلی کوردو مسۆگەرکردنی رێز لێنانی مافەکانی مرۆڤ و زیاترروونکردنەوەی مەینەتیەکانی ئەم گەلە بۆ سەرتاسەری جیهان.

ئیدوارد کەنەدی

# سەردانی ئەمینداری گشتی حزبمان بۆ هوڵەندا

چەند رۆژێک دوای هەڵسانی رژێمی عیراق بە راگواستنی جەماوەری شاری قەڵادزێ و ئوردوگای دەوروبەری و تەخت کردنی ئاواییەکانی لەگەل زەوی . ئەمینداری گشتی حزبمان سەردانی چەندین پیتەختی وڵاتە ئەوروپاییەکانی کرد بەمەبەستی راگەیاندنی رای گشتی جیهانی و بەرپرسیاران لەسەر دوا قوناغی سیاسەتی شوفینی رژێمی عەفلەقی دەرهەق بەگەلی کوردمان،لە(امستردام) دووەمین ویستگەی دوای لەندەن بەرێز ئەمینداری گشتی زنجیرەیەک دیدارو کوبونەوەی دەگەل سیاسەتمەدارو بەرپرسیارانی حکومەت و نوینەرانی ریکخراوە پیشەیی و سندیکایی و مروفایەتیەکان کرد گرنگترینیان:

١- دیدار لەگەل کومیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەپەرلەمانی هوڵەندی.

٢- دیدار دەگەل سکرتیری پەیوەندیەکانی دەرەوەی یەکیتی گشتی سندیکای کریکاری هوڵەندا

٣- دیدار دەگەل سکرتیری پەیوەندی یەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی کلیسەکانی هوڵەندا .

٤- دیدار دەگەل بەرپرسیارانی بەرزی حکومەت.

٥- دیدار دەگەل سکرتیری گشتی پەیوەندیەکانی نیونەتەوەیی پارتی کریکارانی هوڵەندا .

٦- دیدار دەگەل سەروکایەتی شارەوانی(ارنهم) .

٧- دیدار دەگەل دەستەیەک لەسیاسەتمەدارانی هوڵەندا کەگرنگی بەکیشەی گەلی کورد دەدەن .

٨-گریدانی سیمینا ریکی کراوە دەگەل رولەکانی جالیەی کورد لەهوڵەندا .

٩- ئەنجامدانی ژمارەیەک لەچاوپیکەوتنی ئیزگەیی و روژنامەگەریی .

لەمیانی ئەو دیدارانە باسی سیاسەتی شوفینی رژیمی عیراقی کرد دژ بەرولەکانی گەلەکەمان بەتایبەت سیاسەتی دەربەدەرکردن وراگواستنەوەی جەماوەری کوردستان بەپێی چەندین قوناغ هەرلە سالی(١٩٧٤)ەوە تاکو ئیستاو هەروەها بەکارهینانی چەکی کیمیاوی وبایولوژی کەچەکیکی قەدەغەکراوی نیودەولەتیە .

دەربارەی سیاسەتی حکومەتی هوڵەندا بەریز ئەمینداری گشتی بە هوڵەندیەکانی ووت(بیگومان حکومەتی ئیوە مەعلوماتی تەواوی هەیەلەسەر ئەو هەموو پیشیلکردنەی مافی مروف لەعیراق بیگومان ئیوە ئاگادارن لەسەر سیاسەتی شوفینی ورەگەزپەرستی رژیمی عیراق دەرهەق بەگەلیکورد بەمەبەستی لەبەین بردنی بەکارهینانی چەکی کیمیاوی دژ بەدانیشتوانی شاری هەلەبجەوژمارەیەکی تر لەدیهات و شاروچکەکانی تر چاکترین بەلگەیە لەسەر ئاشکرابوونی رق و کینەکویرانەکەی رژیمی عیراق دژ بەکوردەکان. من لەو بروایەشدام کەئیوە ئاگادارن لەسەر راپورتەکانی ریکخراوی لی بووردنی نیودەولەتی لەمەر شالاوەکانی لەسیدارەدان وئەشکەنجەدان وهەتا کوشتنی منالانی شیرەخورە... هەروەها ئیعدام کردن بەمادەی( سولفەریک ئەسید )و ژەهرکردنی خواردن...بەلام بەداخەوە سەرەرای ئەم هەموو راستیە،هەلویستی حکومەتەکەتان لەهەندی لە کونگرەو کوبونەوە جیهانی و ئەوروپاییەکان زور روون،ئاشکرا نەبوو،راستەکاتی کونگرەیمافی مروف کەلەژیر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکانلە سەرەتای ئەم سالەدا لەجنیف لەسترا،گورانیکی کەم لەهەلویستی حکومەتەکەتان رووی دا، بەلام کاتی بەریتانیا پروژەی پیشنیاریکی پیشکەش بە کومەلەی ولاتانی ئەوروپا کرد بوئەوەی سزای ئابوری دژ بەرژیمی عیراق وەربگریت هەلویستی حکومەتەکەتان زور ئاشکرا و روون نەبوو ... ئیمە ئاگادارین کەوا بالویزانی ولاتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپا لە بەغدا خەریکی ئامادەکردنی راپورتیکن بو گفت و گو کردن لە کوبونەوەی ولاتانی ئەو بازارە،ئومیدەوارین کە ئەمجارە دەنگتان شانبەشانی گەلی کوردیجەوساوەمان بیت .

تاوانبارکردنی رژیمی عیراق لەسەر پیادەکردنی شوفینیەت و بەکارهینانی چەکی کیمیاوی کاریکی بەجیە،بەلام هاوکاری کردن لەگەلیوبەتایبەتی لەبواری ئابووریدا،دەبیتە رازی بوونیکی لابەلا لەسەر سیاسەتەکەی،پیویستە تاوانبارکردنبەر دەوام بیت و قەرزە بازرگانیەکان ببرینونەوتی لی نەکرنو بازرکانیش کەم بکریتەوەبو نزمترین رادە،و هەروەها چەرمەسەری گەلی کوردو شەریلە بەین بردنی لەسەردەستی رژیمی عیراق بەرز بکریتەوە بو نەتەوە یەککرتوەکان ونا وەندکانی تری نیودەولەتی .ئیمە لەوبروایە داین کە گوشاری ولاتە مەزنەکان ئەمریکاو ئەوروپا و ژاپون رژیم ناچار دەکات کەلەهەنگاوەکانی پاشگەزبیتەوە جونکە پیویستیکی چاکی بەقەرز هەیە لەپینا و دەرباز بوون لەقەیرانی مالی و

ئابووری).

هەروەها ئەمینداری گشتی لەو دیدارانەیدا پەنجەیبوباری ژیانی پەنابەرە کوردەکانراکیشا بەتایبەتی ئەوانەی لەتورکیان،وباسی ئەو گوشارەی کرد کەدووچاری دین بوئەوەی ناچار بکرین بگەرینەوە بو نیو جەهەنەمی رژیمیعیراق. دووپاتی ئەوەی کردەوە کەپیویستە دەستی یارمەتی لەرووی مروفایەتی و تەندروستییان بو دریژبکری و لەولاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش بەپەنابەر وەربگیرین.جگەلەوەی داوای لەهەندی لەشەخصیاتە سیاسییەکانی هولەندا کرد کە ریکخراویکی هاوکاری لەگەل گەلی کورد دروست بکەن هەروەکو ئەوەی کەلەسوید هەیە بو ئەوەی رای گشتی هولەندا بەکیشەی کورد بناسینو دوستان بو کیشەکە رابکیشن،هەروەها نوینەرانی ریکخراوە پیشەیی و سندیکاییو سیاسی و مروف پەروەرەکانی ئاگادار کرد کەبەردەوام بن لە سەرگوشار خستنە سەر حکومەتی ناوەندی هولەندا بوئەوەی کار لەهەلویستەکانی بکات لەکوبونەوە نیودەولەتیەکاندا ،داوای لەونیونەرانە کرد کەکیشەی گەلی کورد لەدیدارەکانی دووقولی خویان و کوبونەوەو کونگرەنیودەولەتیەکانپیش کەش بکەن و زیاتر بەرزی بکەنەوە ،هەروەها داوای لەسەروکی شارەوانی شاری(ارنهم)کرد کە ناسراوە بەهەلویستە چاکەکانی دەرهەق بە گەلی کوردمان تاکو برایەتی شارەکەی لەگەل شاری قەلادزی رابگەیەنی وەک دەربرینیکی مەعنەوی لە هاوکاری کردن دەگەل خەلکی قەلادزی .

ئەوەبوو سەروکی شارەوانی (ارنهم) بەگەرمیەوە پیشوازی لەسەردانەکەی هەفال ئەمینداری گشتی کردو چەندین دیاری پیشکەش کرد وەکو رەمزیک لەهاوکاری، نیوان دانیشتوانی شاری(ارنهم) و دانیشتوانی شاری قەلادزی و گەلی کورد.هەروەها سەروکی شارەوانی شاری ناوبراو سەرنجی بو پیشنیارەکانی ئەمینداری گشتی راکیشا لەمەر بەستنی ریککەوتننامەیەکی برایانە وهاوکاری لەنیوان شاری قەلادزیی ویرانو شاری( ارنهم ). ئەوەی دووپات کردەوە کەوا ئەم بابەتە بو گفت و گودەخاتە بەردەم کوبونەوەکانی ئەنجومەنی پارەوانی و ئامادەیی خوی دەربری بولیکولین لەسەر بابەتی راگواستن لەدیدارە نیودەولەتیەکانیشارەوانی بەتایبەت لەکوبونەوەکانی یەکیتی شارەکان لەپینا و ئاشتی.بوئەمەبەستەش کومیتەیەک بو کوکردنەوەیزانیاری و ئامادەکردنی راپورتیکی دوورودریژلە بارەی ئەو مەسەلەیەوە دامەزریندرا .

(ئەندری فانئیس) قسەکەری بەناوکومیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەپەرلەمانی هولەندا وتی: ( تەواوی ئەندامانی کومیتەیوجیگرەکانی دیکەی گرنگ پی دەر بەکیشەیروژهەلاتی ناوەراست و گورانکارییە دژوارەکانی گەلی کوردئاگادار دەکەمەوە هەم لەنیو عیراق ،و هەم لەناوئوردووگاکانی پەنابەران) ،هەروەها پەیمانی داکەداوا لە وەزیری دەرەوەی هولەندا بکات کەهەلویستی حکومەتەکەی ئاشکرابکات و چەندین دەستپیشخەری و پیشنیاریش لەنیو کومەلەی ولاتانیئەورووپا بە روونی ئەنجام بدات .

ئەم جیگرە کەسەربەحزبی سوسیالیستی ئاشتیخوازە و(فان ترا )کەسەربەحزبی کریکارانی هولەندایە و(ئیق ئیسما ) ی حزبی دیموکراتی(٦٦) ،کە هەر سیکیان ئەندامی کومیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەرلەمانی هولەندەن چەندینپرسیاریان ئاراستەی وەزیری دەرەوەی هولەندا کرد کە پەیوەندی بەبارودوخی کوردەکانی عیراق،وشارە ویرانکراوەکانو بارودوخی ژیانی پەنابەرانی کورد لەتورکیاوە هەبوو ،هەروەها پرسیاری سەر ئەنجامی ئەو وەعدەیان کرد کەوەزیر دەربارەی جولانەوەی ریکخراوی هیو دەولەتی پەنابەرەکانی دابوو بو هاریکاری کردنی کوردەپەنابەرەکان لەتورکیا ،جگەلەوەش داوای گوشاریان کرد کە بخریتە سەرحکومەتی تورکیا لەریگەیبالویزخانەی هولەندا بوئەوەی ریگە بەریکخراوی پەنابەران بدریت بویارمەتی دانیان .

لەرستەی ئەو وەلامدانەیەوە وەزیری دەرەوە وتی حکومەتەکەی چەند جارە دوودلی خوی دەردەبری سەبارەت بەوسەرپیچیکردنەی رژیمی عیراق لە بەلگەنامەو پەیمانەکانی مافی مروف ئەویش لە ریگەی کومەلەی دوانزە ولاتی وەیانلەریگەی نوینەری هولەندا لەدەستەی سییەمی کوبونەوەکانی گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان.ئەوەش دووپات کرایەوە کەگرنگییەکی تایبەتیان داوەبەکورد بەتایبەت کوردی عیراق لەکاتی دوا کوبونەوەی دەستەی مافی مروف کە لەماوەی نیوان(٣٠-٣/١٠/١٩٨٩)دا لەژیر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەسترا .هەروەها پەنجەی بوئەوە دریژکرد کەوا هولەندا لە (١٩٨٩/٣/٣)دا ولەنیو کومەلەیەک لە ولاتانی روزئاوا پروژەیەکی چەند بریاری پیش کەش کردووە دەربارەی بارودوخی کوردی عیراقکە دوودلی حکومەتەکەی دەردەخات لەمەر ئەو هەولانەی دووپاتی ئەوەدەکەنەوە کەوا هاولاتی لاشەرو بی تاوان لەلایەن رژیمی عیراقەوە بە کومەل دەکوژرین.

بەلام جیگر( فان ئیس)جاریکی تر بووەزیری دووپات کردەوە کەوا پیویستە کاربکریت بوئەوەی ولاتانی بازاری هاوبەشی ئەورووپا هەلسنبەچەند دەست پیشچەری تازەو شیلیگرانە ،وەباسی سەردانەکەی هەفال سامی عبدالرحمن ئەمینداری حزبمانی بو وەزیری دەرەوە کردو وتی: (بەر لە

هەفتەیەک بەڕێز سامی عبدالرحمن ـ کەجاران وەزیری کاروباری کوردەکان بوو لەحکومەتیعیراق لەسالانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ سەردانی پەرلەمانی ئیمەی کردو ئاگاداری کردین لەسەربارودخیکورد و رایگەیاندکەواپاشەرۆژی کورد لەعیراق لەمەترسی دایە،واش دەبینی کەتاقەریگەبوناچار کردنی رژیمی عیراق بودەست هەلگرتن لەوکارانە بریتیە لە سزادانی ئابووری، هەروەها باسی دەستپیشخەریەکانی بەریتانیای کرد کەلە کوبونەوەی ولاتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپا سەری هەلدا دەربارەی یەکبونی هەلویست بو سەپاندنی سزای ئابوری دژی عیراق..ئایا وەزیر ئامادەیە پشتگیری ئەم جورەپیشنیارانە بکاتکە لەلایەن بەریتانیاوە وەرگیراوە).

بەلام بەریز(ئیف ئیسما )بابەتی راگواستنی سەدان هەزار کورد لەلایەن عیراقی وورووژاند و پرسیاری کرد کەوائایا حکومەتی هولەندا تا چ رادەیەک ئامادەبە بوئەوەیئەم بابەتە لە کوبونەوەکانی پەرلەمانی ئەوروپا وکوبونەوە ـ کانی ولاتانی بازاری هاوبەشدا پیشکەشبکات.

لەلایەکی ترەوە ئەمینداری گشتی حزبمان بەریز سامی عبدالرحمن هەلسا بەروون کردنەوەو پەردە هەلمالین لەسەر سروشتی رژیمی فاشی عیراق لەمیان چەندین چاوپیکەوتنی روژنامەگەری و ئیزگەکان،ئەوەبوو چاوپیکەوتنیکی بەزمانی عەرەبی و بەزمانی ئینگلیزی لەگەل ئیزگەی هولەندا کردو تیایدا باسی کوردستانی ویران و راگویزراوی کرد،ئیزگەی هولەنداش گرنگییەکی تایبەتی دابەسەردانەکەی ئەمینداری گشتی حزبو لەبەرنامەکانی روژنامەی بایەخی تایبەتی پیدا سەبارەت بەروژنامەکانی هولەندا ،روژنامەی (فولکس کرانت ـ گەل) کەمەزنترین وبەرفراوان ترین روژنامەی هولەندایە،چاوپیکەوتنیکی دورو دریژی ئەمینداری گشتی بلاوکردەوەولەژیرناو نیشانی(سوپای عیراق شارەکانی کورد چولدەکا) کەتیایدا باسی قوناغەکانی دەست پیکردنی راگواستنو بەعەرەبکردن و بەکارهینانی چەکی کیمیاوی کرا ،هەروەها رەخنەی لەهەلویستی نیو دەولەتی گرتبوو لەبەر بیدەنگ بوونیان .

بەلام روژنامەی(تراو) کەروژنامەیەکیکاثولیکیە لەژیرناونیشانی(عیراق شاریکی کورد ،بەتەواوی بوبیابان رادەگویزی)بلاوکردەوە و وتی(چەکی کیمیاوی و چەکی بایولوژی ،١٥٠ ژووری ئیعدام کردن بەسولفەریک ئەسید ،دیهاتی راگویزرا و سووتینراو،دەربەدەرکردنی بەکومەل بوبیابان ، ئەمانە گشتی وبەکورتی میحوەری گفت و گومان بووە دەگەلسامی عبدالرحمن کەجاران وەزیری کاروباری کورد بووە لەحکومەتی عیراق،لەسالانی (٩٧٠ – ١٩٧٤).هەرهەمان روژنامە روژی دواتر لیدوانیکی لەژیرناوی (کوردەکان لەژیر سیبەر) بلاوکردەوەو کەتیایدا هاتووە(صدام حسین،ئیستا دەتوانی زوربەهیمنی وبەبی قەرەبالغی کورد لەبەین بەری،چونکە گرنگی نیودەولەتی ئیمرو رووی لەپارچەکانی تری جیهانە.. ئەوکردار و رەفتارەی ئیستا رژیم پیی هەلدەستی ئەوەمان دینیتەوە یاد کەتورکەکان دژ بەئەرمەنیەکانلە سالی ـ ١٩١٥ـ ئەنجامیاندا ،کاتی ناچاریانکردن ناوچەکانیان بەجی بهیلن لەروژهەلاتی تورکیا ).

بەلام روژنامەی(ارنهم کورانت) دوو وتاری بلاو کردەوە بەکەمیان لەژیرناوی(ارنهم پەیمانی هاوکاری دەگەل شاریکی ویران کراو لەلایەن رژیمی عیراق ،دەبەستیت) کەتیایدا هاتووە (شارەوانی ارنهم لەبابەتی بەستنی پەیمانیکی برایەتی وهاوکاری دەگەل،شاری قەلادزی)یکوردان دەکولیتەوە ئەمەش وەکو نارەزایی دەربرینیک لەسەر راگواستنەوەی لەلایەن سوپای عیراق و وەکو هاوکاری دەگەل دانیشتوانی چەوساوەی ئەو شارە.. بیروکەی ئەم کارەش لەلایەن (سامی عبدالرحمن) کەسەرکردەیەکی کوردە ،کاتی سەردانەکەی بوشارەوانی پیتەختی(خیلدر لاند ) پیشکەش کرا .

بەریز سامی عبدالرحمن کەلەم هەفتەیەدا بە سەردانیکی رەسمی گەیشتە هولەندا بەمەبەستی راگەیاندنی پەرلەمان ویەکیتییەگشتییەکان و ئەنجوومەنی کلیسەو یەکیتی سندیکاکانی کریکاران و زوربەی ریکخراوەکان لەسەرباردو ـ خی کوردەکان و دەرکردنی یەک چارەک ملیونکورد لەشارەکانی قەلادزی و تووەسوران..هتد .

ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان کەیەکیکە لەوشەش حزبانەی بەرەی کوردستانی،ئەوپیشنیارەی لەبەر ئەوە پیشکەش کردووە بوشارەوانی(ارنهم ) چونکە پیتەختی (خیلد لاند) شاریکی ناسراوە لەجیهان وشارەوا ـ نیەکەشی دانی بەکورد ناوە وەکو نەتەوە.لە کوتایی سەردانەکەی ئەمینداری گشتی بوهولەندا هەلسا بەبەستنی سمینیاریکی کراوە بورولەکانی جالیەی کورد لە (ئیمستردام )کەژمارەیەکی زور تیایدا ئامادەبوون،هەرچەندە کەبەرلەدوو روژ خوی بوئامادەکرابوو ،کەزورکەمە ،بەلامسیمینارەکە سەرکەوتنیکی زوری بەدەست هینا .

پەیامنیری
هولەندا
پیشەنگ

# شاڵاوی تیرۆر

# کرێکارانی میسریش دەگرێتەوە!

جێگای گومان نیە،ئەگەر بڵێین ڕەفتاری ڕەشەکوژی و تروری رژێمی عێراق، خەریکە: هەموو ئەو بیانیانەش دەگرێتەوە کەلە چوار چێوەی عێراق خەریکی کارو بژێون.دیارە رژێم لەم کارەیدا زور دادگەرانەیەو کەس نابوێری .

جگە لەرەشەکوژی و تروورو داپلوسینی روژانەی رولەکانی گەلی عیراقمان بەدەست پیاوانی ئەمن و پاتەخورەکانیان،بەبیانووی مافی هاولاتی عیراق و خستنە ژێر پێی تەواو مافی مروفی عیراق،ئەوا ئەمجارە وا خەریکە بە ئاشکراش تەواوی کریکارانی میسری لەعیراق لەژێر ناوی عەرەبایەتی دەگریتەوە،ووەبەر شالاوی ئازارو ئەشکەنجەو تروور دەکەون .بێ گومان لەروانگەو بوچوونی عەرەبایەتی بەعس هیچ جیاوازیەک لەنیوان هاولاتیەکی عیراقی و عەرەبیکی تردا نیەو دەبێ وەکو یەک رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت .

ئەو هەواڵانەی کەئاژانسەکانی دەنگ و باس ، لەم دوایەدا بلاویان کردەوە،باس لەبێ رەفتاری رژێمی صدام دەرهەق کریکارانیمیسری دەکەن و ئەوە ئاشکرا دەکەن کەلە چەند مانگی رابردوودا نزیکەی(١٣٠٠) کریکاری میسری لەعیراق بەکاری ئەنقسەت بەدەستی کاسەلێسەکانی دەولەت گیانیان لەدەست داوە، هەروەها هەواڵەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە تاوەکو ئێستا زیاتر لەیەک ملیون کریکار عیراقیان بەجێ هێشتوەو خۆیان گەیاندوتەوە میسر.ئەو هەواڵانە هیندە دژوارو قەرەمات بوون،ئالۆزی وپەشێوی لەپەیوەندی نێوان عیراق و میسر هینایە ئاراوە..بەلام کاربەدەستانی دەولەتی عیراق،بۆ داپۆشینی ئەم کارەو بۆ هەلچنینی قەیران و بۆکەم کردنەوەی ئالۆزی لە(جفاتی هاریکاری عەرەب)،وایان پێشاندا کەبەرهەلستکارانی رژێم ئەم کارەیان ئەنجام داوە،هەربۆ ئەمەبەستە (طەیاسین رمضان) خۆی گەیاندە میسر،تاوەکو لەکۆبونەوەی لیژنەی باڵای هاوبەشدا ئامادە بیت و رابگەیەنێ کەولاتەکەی ئامادەیە قەرەبوو بۆ کەس و کاری کوژراوەکان بکاتەوە و دراوەکانی کرێکارانی میسریش ئازاد بکرێن و بەئارەزووی خۆیان ڕەوانەی میسری بکەنەوە . هێندی سەرچاوە ئەم دراوە بە(٣٥٠) ملیون دۆلار لەقەلەم دەدەن.

لەکەس شاراوە نیە کەرژێمی صدام بەدرێژایی ساڵانی شەری عێراق ـ ئێران،بەمەبەستی داکۆکی و یارمەتی دانی مانەوەی کورسی حوکم ، دەرگای ولاتیبۆ کرێکارانی میسری خستە سەر پشت ، تاجێگای ئەو ملیۆن کرێکارە عێراقیە پر بکەنەوە کەرەوانەی بەرەکانی شەرکرابون، وتاهەنا سەیەکی تازە بێت بۆ زیندووکردنەوەی چالاکیەکانی بەرهەم هێنان کەبەتەواوی لە کار کەوتبوون . .

هەر بەم نیازە گلاوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کرێکارو زەحمەتکێشی میسری(ئەوانەی کە لەبەر باری سەختی ئابوریدا دەیان ناڵاند ) کێشایە ولات و لەشوێنەکانی بەرهەم هێناندا خرانە سەرکار.بەم شێوەیە نزیکەی (٢) ملیۆن کرێکاری میسری کە زۆربەیان نەشارەزا بوون جێگای کرێکاری عێراقیان گرتەوە.لەکاتیخۆی ئەمە بۆ رژێم (دوو شەش)بوو،چونکە لەبەرە ـ کانی شەر هێزی زۆری چەکدار تەیار کرابوون،و لەنێو خۆی ولاتیش هۆیەکانی بەرهەم هێنان بە باشی کەوتبونەوە کاری ئاسایی خۆیان. بەلام هەر لەگەڵ گەیشتنی یەکەم پۆلی کریکاران،لە پڕ رووبەروی رەفتارە دزێوەکانی رژێمی بەعس بونەوە،پیاوانی بەعس هەولیان دەدا تا ئەو میسریانە بچنە ریز حزبی بەعس،یاخود وایان لێبکەن بچنەبەرەکانی شەری قادسیە.دیارە هەر ئەوکاتی مەبەستی رژێم روون وئاشکرابو، چونکە دەیانویست بۆ داهاتوو سیخوری سەر بە خۆیان لە ولاتی میسر بچێنن و لەکاتیپێویستا سوودیان لێ وەربگرن و لەبەرژەوەندی حزبی بەعس و رژێمەکەیان بەکاریان بێنن..هەر ئەو کاتی ژمارەیەکی زۆر بەتوندی بەرپەچی داخوازیەکانی رژێمیان دایەوە،بەمەش شوێنی کاری خۆیان لەدەست داو دووچاری چەندین رەفتاری نامرۆڤانەبوونەوەو هەندیکیان بە خێرایی گەڕانەوە ولاتەکەی خۆیان و هەندێکی دیکەش لەبەر هەلوێستیان دووچاری ئەشکەنجەو ئازاربوون و چەندین سوکایەتیان پێ کرا . ئەوانی تریش لەلایەن بەلێندەروسەرمایەدارانەوە کرانە گوی قاشوو بەئارەزوی خۆیان تێ یان هەلدەدان و رووداوی سەیریان دەهێنایە سەریان ..بۆ نموونە لەشاری موسل بەلێندە ـ رێک ،دەیان کریکاری بەبیانوی کارکردن کۆ کردەوەو شوێنی کاری بۆنیشان نەکردن وسواری

ئۆتۆمۆبێلی کردن و دوور لەئاوەدانی لە شوێنی کە ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ نە دەدۆزرایەوە، هەڵی ڕشتن وگاڵتەی خۆی پێ کردن، ئەمەو چەندین ڕووداوی دیکە، کەخەڵکان بەچاوی خۆیان بینیویانە.

ئەو هەموو بێ ڕەفتارییە لەلایەک و لەلایەکی دیکەدا لەوکاتەی کەسوپای عێراق لەبەرەکانی شەر تووشی شکان هات وبەناچاری پاشەکشەی کرد، دەستەلاتدارانی عێراق زۆریان بۆکرێکاری میسری هێنا و ناچاریان کردن کە بە هەر نرخێک بێت بەشداری قادسیەی شوم و شەرمەزار بکەن و بەبێ خواستی خویان ببنە سووتەمەنی شەرەکەی صدام. بەراستیش ئەمەیان بە بێ مەشقی سەربازی بێ بایەخ پێ دانیان، ئەو میسرییانەیان ڕەوانەی قا کانی شەڕکردن. کە لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بەدیل گیران وکەوتنە دەست سوپای ئێران. هەروەها هەندێکی دیکەش لەشوێنی کاریان وەکو (جیش شعبی) ناچارکران کە بچنە قادسیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی کریکارەتیان وبێدابین کردنی موچەیان .....

رژێم هەربەوەندە وازی لەکرێکارانی میسری نەهێنا، بەڵکو ئەوانی خستە بازنەی شەری ڕەگەزپەستانەیان دژ بەگەلی کوردستان و داوایان لێ کرا کەدەبێ بچنە سەر گوندەکانی کورد نشین و نیشتەجێ ببن، بەڵام کرێکارانی میسری هەر زوو لەم پلانەی ڕژێم ئاگادارکران و نەچونە ژێرباری پلانی رژیم .

لەگەڵ بڕیاری ئاگربەس لەشەڕی عێراق ـ ئێران ژمارەیەکی زۆری عێراقی لەبەرەکانی شەر گەرانەوە، ئێستا چاوەروانی ژیانی ئاسایی و سروشتی خۆیانن و زۆربەیان کرێکاروهێوی کارگەرن. لێرەدا رژێم ڕووبەرووی بێکاری بۆتەوەو کرێکارانی عێراق خۆیان داوای کاری خۆیان کردەوە، بەڵام ڕژێم لەجیاتی ڕێگەچارەیەکی لەباروگونجاو بۆکرێکارەمیسرییەکان بدۆزێتەوەو لەپاداشتی ئەوچاکەیەی کە لەگەڵ ڕژێمیان کردوە بەسەلامەتی بەرێزەوە ڕەوانەی میسریان بکاتەوە، یاخود لەگەڵ کومپانیایەکی میسری ڕێک بکەوی بۆ کارپێ کردنی میسرییەکان لەعێراق پێئەوا پەنادەباتە بەر زەبروزەنگ و شێوازی تری داپلۆسین، تاوەکو کرێکارانی میسری بترسین و بەناچاری عێراق جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە وڵاتەکەیخۆیان.

بۆ ئەم مەبەستە هەر لەسەرەتاوە دەستی کرد بەنەدانی موچەو دەست بەسەرداگرتنی کەل و پەلی تایبەتی کریکاران، بەتایبەت هەندێ کریکار یەکسەرە (١٠) دینارییان لە موچەکەیان کەم کردنەوە، کەدەکاتە (٣٠) دۆلاروئاستەنگی خستە بەردەم ڕەوانەکردنی دراوی کریکاران بۆ وڵاتەکەی خویان، دوایی بەبیانوی بەخشین بۆ بیناکردنەوەی فاو موچەی چەند مانگی لێبڕین دوابەدوای ئەوەش شاڵاوی ڕاوتان و ترۆری دەست پێکرد، تاک تاک کریکاران کوژران و شون بزر کران. بەم شێوەیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کرێکار گیانی خۆیان لەدەست داو بەمردنی ئاسایی لەقەڵەم دران، بەرەبەرە ڕێژەی کوژراوان زیادی کردو لەوەزیاتر نەتوانرا دیزە بەدەرخۆنە بکرێت. بەتایبەتی لەوکاتەی کە چەند کەسێک بەجلی سەربازی، بەبۆنەی سەرکەوتنی تیپی نیشتمانی بۆ تۆپی پێ، بە ئۆتۆمۆبێل کەوتنە ناو کرێکارانی میسری و لەئاکامدا ژمارەیەکیان لەناوبردوژمارەیەکی تریش بریندار بوون ..

ڕۆژنامەی (السفیر) ی لوبنانی لەژمارەکانی دوایی خۆی ئاشکرای کرد، کەزیاتر لە (١٠٠) کەس لەکرێکارانی میسری لەلایەن هێزە تایبەتیەکانی عێراق بەبێ دادگا لەسێدارەدراون. هەروەها دەستەیەک چەکداری تری عێراقی ژمارەیەک کریکار لە کارگەیەک بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ دەست بەسەردەکەن و دوایی گوللەبارانیان دەکەن و لەئاکامدا (١٠٦) کریکار کوژران. هەروەها وەکو زانراوە ژمارەیەک لەو کرێکارانەی کە لەکاتی تەقینەوەی کارگەی چەکسازی نزیک بەغداو تەرمەکانیان درابووەو کەس وکاریان شوێنی گوللەیان پێوەدیار بوو، کەئەمەش نیشانەیئەو تێک هەڵچوونە چەکدارییەیە کە بەر لەتەقینەوەی کارگەکە قەوماوە.


ئەگەر مرۆڤ گوێ بۆ قسەی کریکارە میسریەکان هەڵبخات، ئەوا بۆی دەردەکەوێ کەشتی سەیر و قەرەمات ڕوویداوە، چونکە کریکارەکان ڕوداوی یەکجار دڵتەزین دەگێڕنەوەو چۆنیەتی شێوەی ئازارو ئەشکەنجە دیار دەکەن و شیوازی ترس ناکی ترۆرو داپلوسین دەگێڕنەوە، ڕۆژنامەکانی قاهیرە بەتوندی ئەم کارەی عێراقیان تاوانبار کردو ڕاستیەکانیان لەسەر زاری کرێکاران خستە ڕوو. بەڵام سەرباری ئەم هەموو کوشت وکۆشتارە هێشتا صدام حسین شەرمنایگرێ و دەڵێ (برایانی میسری شوێنی تایبەتیان لە لای من هەیە)... خۆشەگەر برایانی میسری لە مەبەستی صدام نەگەن، ئەوا ئێمەی کورد لەو مەبەستە دەگەین، چونکە کاتێ صدام حسین وتی: (کوردەکان شوێنی تایبەتیان لای من هەیە)، ئەوا یەکسەر بەچەکی کیمیاوی کوشت وبڕی کردین و چەندین هەزاری کردە قوربانی پیلانە گلاوەکانی خۆی وکوردستانی خاپورکردین .

# کۆنفرانسی پیشەسازی ودەوڵەتان دژی چەکی کیمیاوی

لەژیر ئەمناوەی سەرەوە، روژی (١٩٨٩/٩/١٨) لە کانبرای پیتەختی ئوسترالیا کونگرەی قەدەغەکرنی چەکی کیمیاوی بەسترا. ئەمکونگرەیە پینج روژی خایاندو نوینەرانی نزیکەی (٧٠) دەولەتی بەشدار بوون ئەمە یەکەم جارە کەنوینەرانی کومپانیاکانی دروستکردنی چەکی کیمیاوی شانبەشانی نوینەرانی دەولەتانی جیهان کونگرەیەکی لەم جورەسازبکەن.
چەکی کیمیاوی بویەکەمجار لەنیسانی سالی ١٩١٥، لەگەرمەی شەری یەکەمی جیهاندا بەکارهینرا . هەروەها گازی (ماستەر) سالی (١٩٣٦) لەئەسیوبیا و لەکوتاییی سیەکانیش لەچین بەکارهینرا . سالی ١٩٨٣ جاریکی تر چەکی کیمیاوی لەشەری عیراق - ئیران و بەتایبەتیش لەناوچەجوربەجورەکانی کوردستان تاقیکرایەوە، بەلامکارەساتی هەرەمەزنی بەکارهینانی ئەمچەکە کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجەی کوردستانیعیراقبوو، کاتی روژانی (١٦ و ١٧و ١٨ی ئازاری ١٩٨٨) فروکەکانی رژیمیفاشی عیراق ئەمشارەلاشەرەیان بەچەکی کیمیاوی بومبا بارانکردو بەمەش (٥) هەزار هاوولاتی کورد کە زوربەی زوریان مندال و ئافرەت و پیروپەککەوتە بوون گیانی خویان لەدەست دا.
بەکارهینانی جروپروبەردەوامی ئەمچەکەترسناکە لەلایەن رژیمی عیراق یەکیک بوو لەگرنگترین ئەو هویانەیکە دەولەتە مەزنەکانی جیهانی هاندا تا لەپینا و گەیشتن بەریککەوتننامەیەکی تایبەتی لەمەر قەدەغەکردنی دروستکردنوبەکارهینانیچەکی کیمیاوی (کەبە بومبی ئەتومی ولاتانی هەژار دەناسری) کاربکەن.
لەدووەمین روژی بەستانی ئەمکونگرەیەدا، کاتی کەهولی کونگرە لەبەشداربووان جمەی دەهاتجالیەی کورد لەئوسترالیا خوپیشاندانیکی گەورەی ساز کرد. کاروانی خوپیشاندەران لەنیوەراستیپیتەختی ئوسترالیاوە بەرەو هولی کونگرە وەری کەوت و بەشداربوانی ئەمکاروانە چەندەها دورشمیانبەرز کردەوەو کەبەکارهینانی چەکی کیمیاوی لەلایەن رژیمی عیراقی تاوانبار دەکرد، هەروەک:
(نەفرەت لە صدام)، (سەربەستی بوکوردستان)، (هیروشیما لەیابان، هەلەبجەش لەکوردستان).
سیناتوری فیدرالی بەریز (بوب ماکمیلان) لەبەردەم هولی کونگرەدا وتاریکی ئاراستەی خوپیشاندەران کردو تیایدا دەقی ئەونامەیەی خویندەوەکەسەروک وەزیرانی ئوسترالیا بەریز (بوب هوک) بو رولەکانی جالیەی کورد لەئوسترالیا رەوانەیکردبوو. دوای ئەوە خوپیشاندەران داوایانکردکەچاویان بە (گارث ئیفین)ی وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا و سەروکی دانیشتنەکانیکونگرەبکەوت و ناوبراویش ئامادەبوو کە چاوی بەوەفدیکی نوینەری جالیەبە سەروکایەتی کاک (محمد عمری) بکەویت، ئەمچا و پیکەوتنە نزیکەی (٢٠) خولەکی خایاندو نوینەرانی کورد لەکاتی هاتنە دەرەوەدا دەستەکانی خویان بەنیشانەی سەرکەوتن تەکان دەدا.
لەهەمان کاتدا دەستەیەکی دیکەی خوپیشاندەران، شانوگەری تاوانی ترسناکی هەلەبجەیان پیشکەش دەکردو مندال وئافرەت و پیاوان لەنیو گازوجرە دوکەلی دەستکردا خویان دەخستە سەرزەوی وبەمەش جاریکی دیکە لەبەردەمهولی کونگرەو بەئامادە بوونی ژمارەیەکی زوری نوینەرانی دەزگاکانی راگەیاندنی دەولەتانی جیهان کارەساتیدلتەزینی هەلەبجەیان دەهینایەوەیاد. شایانی باسەکەهەموو کەنالەکانی تەلەفزیونی ئوسترالیا چەندیمەنی ئەم خوپیشاندانەیان بلاوکردەوە.
ئەمخوپیشاندانە پتر لەشەش سەعات دریژەی کیشا لە (نوی بەیانی تا سی پاش نیوەرو).
زوربەیخوپیشاندەران لەشاری (سدنی) و (ملبورن) ەوە خویانگەیاندبووە کانبرای پیتەختیئوسترالیا شاری سدنی نزیکەی ٣٠٠کم وشاری ملبورن نزیکەی ٦٠٠کم لەپیتەختەوە دوورە.
سیناتور (ئیفین)، وەزیری دەرەوەیئوسترالیا لە چاوپیکەوتنیکی روژنامەگەریدا دووپاتی کردوەکە (نالەونرکەی توقینراوانی چەکی کیمیاوی لەهەمو سوچیکی هولی کونگرەدا دەنگی دایەوەوئامادەبونی خوپیشاندەرانی کوردیش زوربەچاکی مەرامی خوی پیکاو کاری خوی کرد. من دلنیام لەوەیکەبەشدار بوانی کونگرە ئەم رووداوە لەبەرچاودەگرن).
سیناتور لەدریژەی قسەکانیدا ووتی (ئیمە هیوا دارین و هەول دەدەین تاکارەساتیکی دیکەی لەم جورە جاریکی تر لەپاشەروژدا دووبارە نەبیتەوە وخوشم هەرکاتی دەرفەتی چاوپیکەوتنی وەزیری دەرەوەی رژیمی عیراقم بورەخسا، جا چ لەنەتەوە یەکگرتوەکان بی یا لەهەر شوینیکی دیکەی جیهان، ئەوا نیگەرانی و بوچوونی خومانی دەربارەی ئەم بابەتە بو دەردەبرم).
وەفدی عیراق گەرەکی بوو کونگرەیەکی روژنامە

بو لا (18)

# نامەی سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا بۆجالیەی کورد لەئوسترالیا



سیناتور (بۆب ماکمیلان) لەجیاتی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی ئوسترالیا، قسە بۆ کوردە خۆپیشاندەرەکان دەکات.

لەئاکامی بەکارهینانی بەربلاوی گازی ژەهراوی لەگورەپانەکانی شەری مەزنی سالانی (١٩١٤-٩١٨) درندایەتی شەر بەشیوەیەکی ترسناک پەرەیسەند ئەمکارە هیندە توقینەربوو کەتەواویمروفایەتی ترساند. وەلامی کومەلگای مروفایەتی بو ئەم کارە بریتی بوو لە دارشتنی پروتوکولی سالی (١٩٢٥)ی جنیف. ئەم بەلگەنامەیە گرنگەنیشانەی رەتکردنەوەی تەواوی بەکارهینانی چەکی کیمیاویە. ئەم ریککەوتننامەیە کەلەمدواییەدا لەلایەن(١٤٩)نەتەوەی جیهان دووپاتکرایەوە تائیمرو رادەی رەتکردنەوەی چەکی کیمیاوی لەلایەن جیهانەوە بەرجەستە دەکات. بەلام لەم سالانەی دواییدا جاریکی تر ئەم کارەساتە دووبارەبووەوە سەرەرای پروتوکولی جنیف، ئەوەی بیرمان لی نەدەکردەوە رویدا: بەکارهینانی بەربلاوی چەکی کیمیاوی لەسەردەمی ئیمەشدا دووبارەبووەوە.

حکومەتی ئوسترالیا بەوپەری سووربونەوە دژی بەکارهینانی چەکی کیمیاوی دەوەستیت. جا لەبەرهەرهویەک بیت یا لەهەرباروخیکدا بی. ئیمە، بیگومان بەلینمان داوە کەپەنا نەبەرینە بەرچەکی کیمیاوی و دەولەتانی دیکەش هان دەدەین کەهەمان رەفتار بگرنەبەر.

حکومەتی ئیمە هەولیکی زوری داوە لەپینا و کارکردن دژی چەکی کیمیاوی. ئیمە لەمبوارەدا بەپیشەنگی جیهان ناسراوین. هەربویەلەومانگەی دواییدا نوینەرانی (٢٢) نەتەوەی جوراوجوری ناوچەی (ئاسیا - پاسیفیک) بو گفتوگوی کردن دەربارەی ریککەوتننامەی پیشنیارکراویچەکی کیمیاوی و سودوقازانجی ئەم ریککەوتننامەیە بو ناوچەی ئیمە، لیرە لەکانبیرا سیمینا ریک بەسترا. هەربویەش ئیمرو پتر لە (٦٠)دەولەتی جیهان خویان گەیاندوتە کانبیرا تا لەکوبونەوەیەکی میژوویدا پیشەسازی ودەولەتان ویکرا لەپینا و لیکولینەوەی هەنگاوەپیویستەکانی وەدیهینانی هیوا و ئاواتی هاوبەشیئیمەو مورکردنی ریککەوتننامەیەکی جیهانی دەربارەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی کاربکەن.

دەتوانم ئەمبەلینەشتان پی بدەم. حکومەتی ئوسترالیا لەسەر ئاستی جیهاندا شیلگیرانەو بی وچان تا وەدیهینانی ریککەوتننامەیەکی جیهانی دژی چەکی کیمیاوی و قەدەغەکردنی یەکجارەی ئەم چەکە لەلایەن تەواوی دەولەتانی جیهانەوە کار دەکات.

پاشماوەی لاپەرە (17)

گەری سازبکات، بەلام لەترسی پرسیاروبینەوبەردەی روژنامەنووسان بەناچاری دەستی لەم کارەهەلگرت و تەنانەت بەتەنهاش لەگەل هیچ یەک لە پەیام نیرانی روژنامەو ئاژانسەکانی دەنگ و باسی جیهان چاوپیکەوتنی نەکرد.

پەیامنیری (پیشەنگ)
لە ئوسترالیا

# چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا



رۆژی ١٩٨٩/٩/١٩ لە هۆلی کۆنفرانسی پێشەسازی و دەولەتان دژی چەکی کیمیاوی خۆشەکە (حریەبا باخان) چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەری لەگەڵ بەڕێز (کارث ئیفین) وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا کرد، ئێمەش وامان بە باش زانی بۆ بۆ خوێنەرانی گۆڤاری (پێشەنگ) چاپ و بلاوی بکەینەوە.

پرسیار: سوپاست دەکەین کە ڕێگای ئەم وتوویژەت پێ داین. ئایا دەستکەوتەکانی ئەم کۆنفرانسە لە ماوەیەکی نزیکدا چی دەبێت؟

وەلام: ئێمە حەز دەکەین گروتینێکی تازە بە وتوویژی جنیف ببەخشین کە بۆ وەدیهێنانی ڕێککەوتننامەیەکی فراوان دەربارەی چەکی کیمیاوی نەخشەی بۆ کێشراوە بەجۆری کە نەک تەنها بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی بەڵکو بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئەم چەکە قەدەغە بکات و لەناو بردنی ئەمبارەکانیشی مسوگەر بکات. ئەمە ئاواتێکی بەرزە و لەپرۆسەی وتوویژی جنیفدا زۆر لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا و هەربۆیە جوشدانێکی تازەی گەرەکە وئێمەش هەوڵ دەدەین سەنعەتکاران شانبەشانی دەولەتان بەشداری ئەم کاره بکەن چونکە تەنها بەهاوکاری هەردوو لا ڕێککەوتننامەیەکی سەرکەوتوو لەدایک دەبێ.

پرسیار: لەدەرەوە خۆپیشاندانێک لەئارادایە و گەلی کوردیش دەنگی خۆی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەعیراق و (ڕەنگە لەتورکیا) هەلدەبڕی. ئایا لەوباوەڕەن کەدەبوایە دەنگی ئەوانیش لەم کۆنفرانسەدا ببیسترێت؟.

وەلام: دەنگی بەرهەڵستکارانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و تۆقێنراوانی ئەم چەکە بەدرێژایی کۆنفرانس زۆر بەچاکی بیسترا. هەر نوێنەرێکی قسەی کردبێت یا لەمەودوا قسە بکات، کەوتوتە ژێر تەئسیری ڕەنج و ئازاری بەکارهێنانی ئەم چەکە کەرەنج و ئازاری گەلی کوردیش دەگرێتەوە. ئەمە نموونەیەکی ترسناکە و نیشانمان دەدات، ئەگەر چەکی کیمیاوی بمێنێتەوە ڕەنگە شتی تر روو بدات و منیش لەوباوەڕەدام کەئامادەبوونی گەلی کورد لە دانیشتنەکانی ئەم کۆنفرانسەدا بۆچاکی بیسترا.

پرسیار: بەرای ئێوە کاردانەوەی حکومەتی عیراق یاخود نوێنەرانی حکومەتی عیراق بەنیازێکی چاکەوە بەشداری ئەم کۆنفرانسەی دەکات. لەمەو بەر هەرچی ڕوویدا بێت، کەچی ئێستا ئاشکرا حەز دەکەن بەشداری لەوپرۆسەیەدا بکەن کەئێمرو هەموومانی خەریک کردووە، واتە هەولدان لە پێنا و قەدەغەکردنی یەکجارەی چەکی کیمیاوی لە سەر ڕووی زەویدا. خۆپیشاندانی ئێمرۆی ڕۆلەکانی گەلی کورد چەند بەچاکی چەند خالێکی پێکا و

منیش کەئەم خالانە رەچاو دەکەم.گرنگ ئەوەیە کەبەشیوەیەکی بنیاتنەرانە سەیری پاشە روژ بکەین و ئەوەش مسوگەر بکەین کەجاریکی تر رووداوی ئاوا ترسناک لەهیچ شوینیکی دیکەی جیهان دووبارە نەبیتەوە.

<u>پرسیار:</u> وەک وەزیری کاروباری دەرەوەیدەولەتی ئوسترالیا،ئایا لەهیچ چاوپیکەوتنیکی دووقولیدا ترس و بیزاری خوتان بوحکومەتی عیراق یا تورکیا دەربریوە؟

<u>وەلام:</u> نەلەتەوەیەککرتوەکان ونەلەهیچشوینیکی دیکە دەرفەتی دیداری وەزیری دەرەوەی عیراق، یا تورکیام بو نەرەخساوە،ئەگەر ئەو هەلەم بو برەخسی بیگومان ئەم بوچوونەی خوم بوعیراقیەکان دەردەبرم هەروەک چون بەریز (هایدن)لەکاتی ئەم رووداوانەدا زوربەروونی ئەمکارەی ئەنجامداو هەمووشمان ئاکامەکانی دەزانین، ئوسترالیا زور چالاک بوو،رەنگە ئوسترالیا لەواری بەرزکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەنەتەوە یەککرتووەکاندا چالاکترین ولاتی جیهان بیت. دلنیانین ئاخو حالی حازر هیچ بەلگەیەک هەیە کەبتوانی یارمەتیم بدا تائەم مەسەلەیە لای حکومەتی تورکیا بەزر بکەمەوە و من ئیستا لەم بارەیەوە هیچ نالیم.جاریکی دیکە لەجیاتی تاوانبارکردنی یەکتر من بەسادەیی خالە گشتییەکان دووبارە دەکەمەوە.لەم کاتەدا گرنگ ئەوەیە کەسەرنجی هەموو کەسیک بومەسەلە بنچینەییەکان رابکشین،مەسەلەی وەدەستهینانی رەزامەندی جیهان دەربارەی ریککەوتننامەیەکی ئەوتو کەدووپات نەبووەوەی هیچ یەک لەم رووداوانە لەداهاتوودا مسوگەر بکات.

<u>پرسیار:</u> لەچاوپیکەوتنیک لەگەل روبەرت رای، وەزیری وەزیری کوچکردن،لەم دواییەدا باسی مەسەلەی پەنابەرانی کوردی عیراقمان کرد، ئەوانەی لەبەر چەکی کیمیاوی رایان کردە تورکیا و ئیستا لەناوچەند خیوەتگایەدا دەژین ئیمە لەگەل سنیاتور رای دەربارەی دارشتنی پروگرامیکی گونجاو بو هینانە دەرەوەی ئەم خەلکە،یابەشیکی ئەم خەلکەی نیشتەجیی خیوەتگاکانی تورکیان قسەمان کرد. وەلامی ناوبراویش ئەوەبۆ کەئیمە گەرەکە لەگەل وەزیری کاروباری دەرەوەدا باسی ئەم مەسەلەیە بکەین. ئایا رای ئیوە لەمەر پروگرامیکی لەم چەشنە چییە؟.

<u>وەلام:</u> من ئاگاداری بنجوبنەوانی ئەم مەسەلەیە نیم و بەچاکیش دەزانم تائەوکاتەی چەند زانیارییەک دەربارەی ئەم بابەتەوە وەدەست دینم لەم مەسەلەیە نەدویم.هەلبەتە هەمو[...] لایەنەکانی مەسەلەی پەنابەران زوربەوردی هە[...] سەنگ دەکریت،چونکە سەدان هەزار کەس لە چوار[...] دەوری دنیادا هەن کەزوربەگەرمی پیشوازی لە[...] دەرفەتی کوچکردن بو ئوسترالیاو رزگاربوون لە[...] باری نالەباری خویان دەکەن.بەراستی هەلویس[...] ناخوشە بو دەولەتانی جیهان کەلەنیوان بەلگە[...] بیانوی خەلکانیکی زور کەهەموویان چاکتری[...] بەلگەی یارمەتیدان و دەستگرتنیان بەدەستە[...] تەنها دەستەیەک هەلبژیرن.بەشیوەیەکیسەرەک[...] ئەم مەسەلەیە بو وەزیری کوچکردن پلەی یەکە[...] گرنگیداگیر دەکات.بەلام راستە کەناوبرا[...] دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگانە لەگەل من گفت[...] گو دەکات و ئەوکاتەش من ئەو قسەیەی ئیوەم لە[...] یاد ناچی.


<u>پرسیار:</u> حالی حازر چەندەها کوردی دیکە لە[...] دەرەوە چاوەری دەکەن و داوا دەکەن کە ئیو[...] قسەیان بو بکەن،ئایا قسەیان بو دەکەن؟

<u>وەلام:</u> حەقتا دەولەتی جیهان و خوابەخوی دەزانی چەند کەس لەنیونەرانی پیشەسازی ئیمروئامادەی ئەم کونفرانسەن.من سەروکی هەمیشە ئامادەیئە[...] کونفرانسەم.لەوباوەرەدام بەقسەکردن لەگەل ئیوە هەست و سوزی خومم بوتان ئاشکرا کرد هەروەها سەروک وەزیران هەست و سوزی حکومەتی ئیمەی زور بەچاکی رون کردەوەو دوینیش نامەکی بو جالیەی کورد رەوانە کرد، هیوادارمخو[...] پیشاندەران ئەم مەسەلەیە دەرک بکەن. دەنگی خوپیشاندەران بیستراو پەیامەکەیان گەیشت[...] هیوادارم بەپیی ئەم بنچینەیە لیمان قبولبکەن[...]

ـ سیناتور (ئیفان)،زور سوپاست دەکەین کە کاتی خوتت بەئیمەدا.حەز دەکەم لەجیاتی بەرنامەکەمان ئەم دەرفەتە بقوزمەوە تاپیروز بابیت لی بکەم بو ئەم کونفرانسە و هیوادارم کونفرانس ئەوئەنجامە وەدەست بهینی کەهەمومان بەئاواتی دەخوازین.

<u>وەلام:</u> زور سوپاسی تان دەکەم،خوشحالم کە لەگەل ئیوەدا دوام.

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com



حریە باباخان
(١٩٨٩/٩/١٩)

# نامەی کوردەکانی ئەرمینیا بۆ گورباتشۆف

لەکوردەکانەوە بو:

بەریز/

سکرتیری گشتی حزبی شیوعی کومارە سوسیالستەکانی سوفیەت(م.س گورباتشوف)،سەروکی جفاتی بالای یەکیتی سوفیەت هاوری(ئا.ئا.گرومیکو).

سەروکی ئەنجومەنی وەزیرانی سەکیتی سوفیەت هاوری( ریژکوف)

سکرتیری یەکەمی حزبی شیوعی ئەرمینیا هاوری(ک س. دیمیرچیان )

سکرتیری یەکەمی حزبی شیوعی ئازەربایجان هاوری (ک.م. بەگیروف)

کوردەکان لەیەکیتی سوفیەت،لەئەرمینیا و ئازەربایجان وگورجستان وکازاخستان وتورکمەنستان و هەندی کوماری تری سوفیەتدا دەژین.

ئەگەربەراوردی باری ژیانیان بکەین دەبینین‌کە پیشکەوتنی کومەلایەتی وسیاسی و روشنبیریان وەک یەک نییەو لەسەرئەوە وەستاوە کەئەوکومارەی تییدا دەژین چون چارەسەری کیشەنەتەوەییەکان دەکات.

بو نموونە وبەراوردکردن،دەتوانین کوماری ئەرمینیا وئازەربایجان بهینینەوە، چونکە زور بەی کوردەکان لەودوو کومارەدا دەژین.هەندی بەلگەش دەخەینە بەرچاو،کەخویان دینەزمان و دەپەیفن.سالی(١٩٢٣)لەئازەربایجان بەریوەبەری کوردستان دامەزراو ناوەندەکەی لاچین بوو. ناوچەکانی کەلباجارو کوباتل وکورداجی ومورادخالی‌و کەرەکشلاک،کەدانیشتوانیان کوردی‌موسلمانن سەر بەو بەریوەبەریتی‌یەبوون.

مایەی‌شانازی‌یە کەلەوکاتەدا (لینین)ی مەزن پەروشی چونیەتی ژیانی ئەوبەریوەبەریتی‌یەی کوردستان بوو.لینین لەنامەکەیدا بونەریمانوف نوسیویەتی(( هیوادارم بانکی ساوای‌ئازەربایجان بنکەیەکی بەهیزی سیاسەتی ئابوری تازەی دەست کریکاران‌وجوتیارانی کوماری سوفیەتی‌برامان‌بی. چل ملیون‌یارمەتی‌بوبرسیەکانی‌خواروی‌ڤولگا و کوردستان باشترین نیشانەی ئامادەیی بەرە و پیشەوە رویشتنە لەژیرئالای‌سووری نیونەتەوایەتی زەحمەتکیشاندا )) .

بەبونەی پەیوەندی‌دوستانەی ریبەروپیشەوا وەلەو کاتەدا دەست کرا بەکردنەوەی فیرگەی کوردی و چاپکردنی پەرتوک ودانانی بەرنامەی خویندن، روژنامەی(کوردستانی‌سوفیەت)،دەرچوو.هەروەها شورش خویندنگای‌ئامادەکردنی ماموستایانی بو کوردەکان کردەوە.بنکە کەلتوریەکان گەشەیان کرد.لەکوتایی بیستەکاندا سیاسەتی دەولەتلەمەر کورد گورا.

لەسالی(١٩٢٩)بەریوەبەریتی کوردستان لەناوبرا پاشان ژمارەیەکی زوری کورد بەزور کوچ دران و رەوانەی کازاخستان‌وتورکمەنستان کران.روشنبیرانی پیشفەرو،زانا،هونەرمەندو کاربەدەستانی فەرهەنگی خرانەژیر زەبروزەنگ و زوربەیان بەتاوانی دوژمنی(گەل)گوللەباران‌کران.

دوای مردنی ستالین سالی(١٩٥٧)بارەکە توزیک ئارام بووەوەو هەندی لەکوچدراوەکان گەرانەوە شوینی خویان،بەلام‌دامەزراندنەوەی‌بەریوەبەریتی کوردستان مەحال بوو.لەسەردەمی‌ستالیندا،پانتورکیزم گەشەی کردوو بەنهینی کاری دەکرد،بو چەواشەکردنس خەلک بویاخی(مارکسیزم.لینینزم ) یان بەکاردەهینا .هەتائەمروش لەئازەربایجان‌بەرەسمی دان بەبوونی کورد دانانری،سەرژمیرەکان هەموویان شیواندراون‌وساختەیان تیدا دەکری . ژمارەی کورد وردەوردە کەم‌دەبیتەوەو بەرە و نەمان دەروات.کوردان‌لەئازەربایجان نەنووسەرو هونەرمەندو ئەکتەریان هەیەو نەلەدەزگاکانی سوفیەت وحزبی شیوعیدا هەن.ریگەبەکورد نادری لەدەزگاکانی دەولەتدا بەرپرسیاربن.بوئەوەی پلەولیپرسیراویەک وەربگرن.دەبی حاشا لەوە بکەن کەکوردن و خویان بەئازەرنانووس بکەن.

ئایا ئەمەیەکسانی‌و برایەتییە؟!!

لیرەدا پیویستەبەراوردیکی باری ژیانی‌کوردانی ئەرمینیا وئازەربایجان بکەین.

هەرلەکاتی سەقامگیری‌دەسەلاتی سوفیەتی لە ئەرمینیا ،کوردەکان هەست بەوەدەکەن کەحزب و دەولەت دەستی یارمەتیان بودریژدەکەن.ئەوەش بوتەهوی ئەوەی کەبەسەر بەرزی‌یەوە هەنگاو بەرەوپیشەوەبودامەزراندنی سوسیالیزم‌هەلبگرن. ئیستا یەریفان بەناوبانگترین ودیارترین‌بنکەی فەرهەنگی کوردەلە یەکیتی سوفیەتدا .لەهەموو پلینیوم‌و کونفرانس و کونگرەو کوبونەوەکاندا بایەخو گرنگییەکی زوربەباری ژیانی کەمە نەتەوەکانی وەک کوردو ئازەرو گریک وئاسوریەکانی ئەرمینیا دەدری.

لەسالی(١٩٣٠)ەوە لەئەرمینیا روژنامەی( ریا تازە) دەردەچی،هەرلەوسالەشەوە پەرتوکی سیاسی

و زانستی وفەرهەنگی بەزمانی کوردی دەردەچن لەگوندەکانی کوردانداا فیرگە هەن وبەزمانی زگماکی خویان دەخوینن.هەمووروژی لەئیزگەوەبە زمانی کوردی بەرنامە بلاودەکریتەوە.یەکیتی نووسەرانی ئەرمینیا بەشیکی کوردی بو نووسەرە کوردەکان و ئینستیتووتی روژهەلاتناسی،بەشی کوردو زمانەکەی و ویژەو فەرهەنگی کوردی بە باشی دەکولنەوە.

لەئەرمینیا گەلی کورد هەست بەهاوکاری وبرایی لەگەل گەلی ئەرمەن دەکات،ئەوهەستی هاوکاری و برایەتییەی کەلەسالی(١٩٢٩)ەوە لەئازەربایجان لەبەین رویشتوە.

دوای کونگرەی(٢٠)حزبی‌شیوعی سوفیەت چەندانجار کوردەکانی ئازەربایجان هەولی وەدەستهینانی مافەرەواکانی خویان داوە.گەلی کورددا واکانی خوی بەکومیتەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی‌گەیاند. بەلام وەلام تەنها پەیمان وبەلینی زەردوسوربون چەند جاریک کومیتەی تایبەتی بو لیکولینەوە هاتوون،بەلام هەموو جاریک کە کارەکە گەیشتوتە کومیتەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی‌ئازەربایجان، هەموو ریسەکە بوتەوە بەخوری،پاش لیکولینەوەکانیش باری ژیانی کوردەکان خراپتر بووە.

زیاتر لەدووسەد(٢٠٠)هەزار کورد بەئازەر ناونووس کراون ،ئەمە دووبارەکردنەوەی سیاسەتی تورکە بەرامبەر بەگەلی کوردوبولەناوبردنی کوردەو بی‌جگە لەجینوساید هیچ ناویکی دیکە لە گەلدا ناگونجی وجووت نابی .

کوردەکان کەلەسەر سنووری ئازەربایجان وئەرمینیا دەژین زورجار لەگەل ئەرمەنەکاندا بە یەکەوە هەرەوەزدەکەن.لەکی بەرکی‌سوسیالیتانە بەشداری دەکەن.ئەمەش دەبیتە هوی زیاتر بە هیز بونی ئەنتەرناسیونالیستی سوسیالیستی.

کوردەکانی دانیشتووی ئەرمینیا هەرگیزناتوانن بی‌لایەن وبی‌دەنگ بن بەرامبەر چارەنووسی هاو رەگەزەکانیان لەئازەربایجان کەزولمیان لی دەکری ولەهەموو جورە مافیک بی‌بەشن وهیچبوار یان نادری کەکەلتوری خویان گەشە پی‌بدەن و هەرەشەی توانەوەی بەکجارەکیان لی دەکری.

بویە ئیمە داوا دەکەین ئەو زەویەی کەدەکەوتە نیوان کەرەباخ وئەرمینیاوەو زوربەیدا نیشتوانیان کوردەو لەرابردوودا بەریوەبەریتی‌کوردستان بوو،بخریتە سەرکوماری ئەرمینیا.

ئەمە کاریکە هەم لەرووی ئابوری وهەم لەروی کومەلایەتی‌یەوە جی‌ی خویەتی وقازانجی گەلی‌کورد و گەلی ئەرمەنو دەولەتی سوفیەتی تیدایە، چونکە پیویست بەوە نابی کەفیرگەی تازە بو خویندن دابنرینو چاپ بکرین،پیویست نابی روژنامەیەکی تازە دەربچی،پروگرامی تازەبە زاری کوردی بو رادیو دابنری وچاپخانەی تازەی کوردی دابمەزرینری و بەرنامەی تازە بو زور شتی کەلتووری وکومەلایەتی وسیاسی دابنری، چونکە ئەوانە هەموویان ماوەیەکی زورە لە ئەرمینیا هەن.

ئەوە بیست سالیک دەبی بوبایەخدان بەکەلتوورو مسوگەرکردنی وگەشەکردنی کومەلایەتی گەلی‌کورد، لەگورجستانیش هەنگاوی چاک نراوە.

رەفتارەکانی دەسەلاتدارانی‌ئازەربایجان کاریان کردووە کەگەلان باوەریان بەیەکتری نەمینی و باوەربەیەکدی کردن ئیدی مەحالە.

ناریکی دیکەو جاریکی‌دیکە تکا دەکەین و داوا دەکەین کەداواکاریەکانی‌خەلکی‌کورد لەئازەربایجان جی‌بەجی بکرین وبەریزەوە سەیری ئەم نامەیەی ئیمەبکەن وناوچە سنووریەکانی(کەلباجارو لاچین و کوباتلی‌و زەنگەلان)بخرینە سەر ئەرمینیا و ئەوخەلکەلەوسیاسەتەی جینوسایدە رزگاربکەن،کە دەسەلاتدارانی ئازەربایجانلە سالی(١٩٢٩)ەوە دەستیان داوەتی وهەتاروئەمرو هەر بەردەوامە.

پیروسترویکا (نوی کردنەوە)و دیموکراتی کردن بو خەلکی کورد ئەوکاتە دەست پی دەکات کەباری ژیانی کوردەکانی ئازەربایجان بگوردری وبە روونی چارەنووسیان دیار بکری.

---

## پاشماوەی لاپەرە (24)

پیوویستە لەسەرمان بەهەمووتوانامانەوە لەپینا و گیرانەوەی مافەزەوت کراوەکانی ئەلمانیە سوفیەتیەکان و تەتەرەکانی قەرمو کەلمیک وبەلغار و کرانشایی وشاشانیەکانوئینفوش و یونانیەکانو کوردەکان هەلبدەین ، ئەمە کاریکی سادەو هاسان نیەبەلکو لەهەندیک لایەنەوە گرنگە ،بەلام هەر جورە سەختی‌و ئاستەنگ هەبن تەنها یەک ریگە لەبەر دەمی ئیمە دایە ئەویش لیکولینەوەی بی پسانەوە و بەردەوام لەچارەی گونجاو بوگشتی و چاودیری کردن لەواقیعی ژیانی تازەو نویدا ).

ئاژانسی نوفوستی

هەواڵ/١٩٨٩/٩/٢٣

# نامەی سەید جاسمی جەلیل بۆ گورباتشۆف



لە (جاسمی جەلیل)ەوە

بو/ سکرتیری گشتی کومیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سوفیەت، سەروکی جفاتی سوفیاتی بالا، سەروکی بەریز (میخائیل سیرگیفیج گورباتشوف).

بەم زوانە تەمەنم دەبی بەهەشتا سال، من لەسالی (١٩٣٠)ەوە ئەندامی حزبی شیوعی یەکیتی سوفیەتم، دانەری ژمارەیەک کتیبی فیرگەکانم، یەکەم سەرنووسەری گشتی ئیزگەی رادیوی بەشی کوردیم لەیەریفانو تاروژی ئەمروش دلسوزانەوبەدل وبەگیان لەپیناوی پیروکردنی سیاسەتی نەتەوایەتی لینین لەولاتەکەماندا کار دەکەم، بی سیودوو لیکردن لایەنگری سیاسەتی حزبم لەبواری گلاسنوست و پیروسترویکا، بەلام هەندی مەسەلە ناچارم دەکەن کە نامەیەک لەمەرئەوبابەتانەی خوارەوە بو بەریزتان بەرزبکەمەوە:

لەکوردستانی دابەشکراوی سەرتورکیا و ئیران و عیراق و سوریا، نزیکەی بیست و پینج ملیون کورد دەژین. رووبەری خاکەکەیان نزیکەی (٥٠٠)هەزار کم چوارگوشەیە، زیاتر لە (١٥٠)سالە خەباتی ئازادی‌خوازی کورد بەردەوامە، ئەوان بەدریژایی هەموو سالانی‌خەباتیان چاوی هیوایان بریوەتەکومەکی برایانەی گەلی روسیای مەزن خورایی نییە میللەت ئەم قسە نەستەقەی پاراستوە: (گەلی رووس ئومیدی ئەوگەلانەیە کەهیوای ژیانیان لەدەستداوە).

خەباتی قارەمانانەی کوردەکانی عیراق، بەدریژایی سالانی شەست بوو بەهوی سەرسورمانی مروفایەتی پیشکەوتنخواز لەئاسیا و ئەوروپادا، ئەودەمی لە لایەن پریس و رادیوو تەلەفزیونی سوفیەتیشەوە تیشکی دەخرایە سەر.

لەسالانی پەنگخواردوو دواتریش یەک ووشە لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردان، تەنها یەک گوتن لەژینوسایدی پیروکراو لەلایەن رژیمانی تورکیا و ئیرانو درندەیی دەولەتمەدارانی عیراق نەگوتراوەو نەنووسراوە. من ناخوازم بەدوور و دریژی باس لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەدریژایی سالانی (٦٠ -٩٨٨) بکەم، بەمەوی تەنها ئەمەی خوارەوە بخەمە روو:

لەم دواییەدا لەعیراق بەدەستی صدام حسین زیاتر لە (٤٥٠٠)گوند کویرکراونەتەوە هەزاران شیوعی و کوردی دیموکرات و مروفی پیشفەرو بەبی دادگا لەسیدارەدراون و کوژراون، (٨)هەزار بارزانی راگویزراونو دورخراونەتەوەبەو شوینی نادیارو دواتریش بی سەرو شوین کراون.

لەکوردستانی تورکیا دەیان هەزار نیشتمانپاریز خراونەتە زیندانەوە بەهەزارانیان کوژراون، خوینی خەلکی بی تاوانی کورد لەکوردستانی‌تورکیا دا دەرژی، ئەو هەتکەی لەلایەن تورکەبەرەکان بەزیندانیانی ریگەی ئازادی دەکری، لەسنوربە دەرە. شارەزاکانمان زور چاک ئاگاداری‌درندەیی حوکمرانانی عیراق و تورکیا و ئیرانن، بەلام زور پەداخەوە دەولەت و پریسی سوفیەتی و هەموو شیوەکانی دیکەی راگەیاندن لەئاستی ئەممەسەلە بی دەنگن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوراستیەی کەحزبی‌شیوعی‌یەکیتی سوفیەت و ولاتەکەی بانگەشەی ئەوەدەدەن کەولاتەکەی ئیمە پشت و پەنای‌گەلەزورلیکراوەکانی‌جیهان وگەلانی خەباتکەری ریگەی وەدەستهینانی مافی چارەی خونوسین (مافی بریاردانی چارەنووسن).

بویەمن تی ناگەمبو تائیستا دەولەتی سوفیەت و هویەکانی راگەیاندن تاکە وشەیەکیان نەنوسی لەسەر ئەم ستەمو لەناوبردنانەیکەلەعیراق بەریوە دەبرین، یان لەسەر هەلرشتنی‌بومبی کیمیاوی لەلایەن بالەفرەکانی هیزی ئاسمانی عیراق بەسەر شازی هەلەبجەدا لە (١٦/٣/١٩٨٨)دا.

خو هویەکانی راگەیاندنی هەموجیهان لەسەر ئەم مەسەلەیە زوریان ووت و تا ئەمروش دریغیان نەکردووەو هەردەیلێنەوەو دەینووسن بەلام هوکانی راگەیاندنی ئیمە قروقەپیان لیکردووە.

ئایا کی هەق دەدا بەئیمەی شیوعی کەبی دەنگ بین لەئاستی تاوانی لەناوبردنی هەزاران ژنی لاشەرو منال و پیرو لاوی بی چەکی کورد؟.

ئەوی روژی روژنامەی(ئیزفیستیا)لەسووچیکی تەسکدا نووسیبوی کەلەشەری نیوان عیراقوئیران چەکی کیمیاوی بەکارهینراوەو هیچی تریش نا!.لەکوی؟ دژی کی؟ بوچی؟...

خوناکە وشەیەک لەسەر بوردمانکردنەبەربەرییەکە نەنووسراوە.

من کوردیکی شیوعی خاوەن(٥٨)سال خەباتم،چاوم بەرابی نادات سەیری ناوچەوانی گەلەکەم بکەم ناتوانم هوی ئەوبی دەنگیەیان بولیک بدەمەوە و داکوکیشم پی ناکری.

ئەو هەموو کارەساتەلەئارادابوو کە بەملیونان خەرج دەکرا بو رزگارکردنی سی نەهەنگە بورەکەی دەریالوشی سەهول بەندی باکور،من چاوم بەهەموو لاپەرەکانی ئەوبلاوکراوە کوردییانەدا خشاند کە لەدەرەوەی کوردستان چاپ دەکرین،لەهیچ کامیاندا رستەیەکی دژ بەسیاسەتی بیدەنگی خومانم بەدی نەکرد لەمەر کارەساتەکانی کوردستانولەبین بردنی شاری هەلەبجە،دیارە ئەوە شەرمە بو رەفتاری دوستیک.

هیوادارم ئەوسیاسەتی گلاسنوستەی کەلەلایەن هەموو گەلانی ولاتەکەمان وخەلکی پیشفەرویجیهانەوە بەفراوانی پشتگیری لی دەکری،مەسەلەی کوردیش لەروژهەلاتی نافین دا بگریتەوە.

سیاسەتی جینوسایدو فاشیزمدەرهەق بەگەلی کورد بەهیچ پاساو نادریتەوە.من پیم وایە کەئەم سیاسەتە بوگەنە شایانی توندترین نەفرەت لی کردن و ئابروبردنە لەلایەن یەکیتی سوفیەت و هەموو بلوکی سوسیالیستیەوە.

هیوادارم کە وەلامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەم لەلایەن هاوری و سەروکی دەولەتەکەمانەوەبدرینەوە

لەگەل ریزی:

جاسمی جەلیل - ئەندامی حزبی شیوعی یەکیتی سوفیەت لەسالی(١٩٣٠)ەوە ،ئەندامی یەکیتی نووسەرانی یەکیتی سوفیەت لەسالی(١٩٣٦)ەوە.


یەریفان ١٩٨٨/١١/٢٤

دانەی دراوە بە:

سەرنووسەری روژنامەی پرافدا.

سەرنووسەری روژنامەی ئیزفیستیا.

# گورباتشوف باسی گەلی کورد دەکات



لەو راپوتەی کەسکرتیری گشتی حزبی شیوعی سوفیەت،میخائیل گورباتشوف لەکوبوونەوەی کومیتەی ناوەندیحزبدا لە(١٩٨٩/٩/١٩)،پیشکەشی کردتایبەت بوو بەسیاسەتی حزب سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوە ژیردەست وزورلیکراوەکان کە تییدا هاتووە:

هەردەبی قسە لەبارەی ئەورودا وەزولم و ستەمکارییە بکریت کەلە رابردودا دەرهەق بەهەندی گەل ئەنجام دراوە، نەخاسمە سالانی شەرو دوابەدوای شەر، سەرەرای ئەوەی کەچەندین هەلسەنگاندنی مەبدەئی و بریاری سیاسی لەوبارەوە وەرگیراون،بەلام ئیمرو ئالەم کاتەدا کە ئیمە خەریکی لیکولینەوەی مەسەلە سیاسیەکانی سەبارەت بەنەتەوەکانین بەپیویستی دەزانین کە رابگەیەنین:

(کارەساتە ستەمکارییەکانو راگواستنی گەلان لەناوچەکانی نیشتەجی بوونیان دە سالانی شەری مەزنی نیشتیمانیدا، جیگەی نارەزا دەربرینیکی توندەو

بولاپەرە (22)

# پەیامنێری رۆژنامەی «الفیگارۆ» باسی مەینەتیەکانی گەلی کورد دەکات

پەیامنێری رۆژنامەی (الفیگارۆ)ی فەرەنسی لە بەرواری (١٩٨٩/١٠/٢٩) وەک گەواهیەکی تازە، راپورتێکی لەسەر رەفتارە توورویست و وەحشەتناکەکەی دارودەستەی بەغدا دژ بەرۆلەکانی گەلی کوردمان خستەروو، ئەم پەیامنێرە فەرەنسییە وێنە زیندووەکانی کارەسات وشوێنەوارەکانی هێرشە دڕندانەکەی رژێمی فاشی بوسەرنیشتمان ئاشکرا ونیشان دەدا. لەخوارەوە بەشێکی ئەو راپورتە بلاودەکەینەوە....

وێرانی سەرتاسەری گوندو شارەکانی کوردستان جێگەی سەرسورمانو دلگیری هەموو بینەرو ری بوارانن، کاولکاریورمانو رووخان، تەواوی ناوچەی بەدرێژایی سەدان کم هەرلەسەرەتای رێگەکانی سەرسنوری تورکیا تادەگاتە سنوری ئێرانگرتوە. دەیان شاروسەدان دێ بەرچاو دەکەون کەبوونەتە خولەمێش و گردولکەی جیمەنتوو تەخت کراون. بەپێی قسەلوک و پروپاگەندەی حکومەتی بەغدا گوایە ئەوشالاوە، هێرشێکی سەر راست کردنەوەبوە چونکە جەماوەرو خەلکی ئەو ناوچانە پشتگیری و بەشداریان لەشەرە تاوانکاریەکەیصدام دژ بەئێران نەکردووە.

لەسەر رێگەی سنووری شاری سولەیمانی، کەیەکێکە لەشارە مەزنەکانی باکوری عیراق، بەبەغدای پیتەخت دەبەستیتەوە، توانیم لەماوەی دووسەعات بەدەیان گوندیتەواولەبەین چوو بژمێرم کەجگە لەتەرمی قوربانیانو هەندی گورستانی دەست کرد بترازی هیچی ترم بەدی نەکرد.. ژمارەکان بە هیچ شێوەیەک بەقەد وێنەو بەچاودیتن نەیان دەتوانی قەوارەی ئەوکارەساتە بسەلمێنن.

ناتوانریت ئەوەی کەبەچاو دەبینریت باوەربکری لەسەر رێگەی شاری دهوک بەشێوەیەکی یەکجارچرو پر سەربازگەکانی سوپاکەی صدام دەبینری وهەروەها گرتووخانە ناوەندیەکان بەژمارەیەکی زور دەژمێردرین و پرن لەهەزاران هاولاتی بێتاوان، سەربازیش بەوپەری ئاگاداریەوە سەر رێگەکانیان گرتووە، هەروەکو بلیچاوەروانی شتێکن.

لەم شەرەی دژبەهاولاتیان، دەیان هەزارلەوانەی کە رزگاریان بووە وخویان گەیاندوتە ئەو دیوی سنوری عیراق وگیانی خویان دەرباز کردووە، هوی چولی و خالی بوونی ئەوناوچەیەیە.

لەشاری هەولێریش، کەژمارەیەک لەدیهاتی تازە بنیات نراون، خەلکی بوئەوی بەئوتومبیل وەیان لەسەر پشتی ولاغ دەگویزرینەوەوبەسەر خانوی پر لەپەژارەییو دلتەنگی وترس ودلەلەرزەدا دابەش دەکرین، ئەوانە لەپاشەروژی نادیاری خویان لەژێر سایەی دەسەلاتی سەدام دەترسن. بەلام شاری هەلەبجەی تازە هیچی وای تیانیە کەشیوەیەکەی لەهەلەبجەی جاران بچی. ئەوشارە لەبەهاری (٩٨٨) دا خەلکەکەی دووچاری قرکردن هات لەبەربەکارهینانی گازە ژەهراویەکان بەبریاری صدامحسین لەمیانی سەردانمان بوشاریسولەیمانی، بومان ئاشکراو روون بوەوە کە نزیکەی (١٦٠) هەزار هاولاتی لەناوچەیکوردستان لەشارودیهاتەکانیان راگویزراونەتەوە، جا ئاسایشو هیمنی کەی ولەکوی بو ئەوخەلکە دابین کراوە کەلەلایەن ئەم دەستەلاتە خوینمژەوە دووچاری لەبەین بردنورا و نانهاتووە تاکو ئەودیوو سنووری عیراقیش، بگرە لەناوجەرگەی خاکی تورکیاشدا ژەهریان کردوتە ناو خواردنیان، جا سەرەرایئەمەش راکردنیان لەتورکیا بو ئێران زوری پی پیروزتربوە. بوئەوەی گیانی خویان لەمردن دەربازبکەن.

ئائەمەیە ویستەکانی رژێمی بەغدا، واتە دور خستنەوەو دەرکردنیان لە خاکی خویان ولەبەین بردنیان بەتەواوی.

(پشتینی ئاسایش) کەلەلایەن رژیمەوە لەمانگی حوزەیرانی رابردوو بەو ناوە ناونراوە، ناوچەیەکی درێژی (٣٠) کمە، بەدرێژایی سنووری عیراق. یەکێک لەدبلوماسیە بیانیەکان بەتانەوە دەربارەی ئەوناوچەیە ووتی:-

ناوچەیەکی چولەوانە، هیچی تیادا ناجولیونە دەتوانری سەردانی بکری ونەتوانای پیگەیشتنشی هەیە، بوئەوەی راستیەکی لیوەچنگ بخری. هێرشی سەرلی شیواندنی بەرفراوانێ بەردەوامە.. بە راستی بی دەنگی وبی جوولەیی بالی بەسەر باکوری عیراقدا کیشاوە.

بەلام دەبی ئەم کارەساتە بەچ بەهایەکیئابوریو بەشەری تەواو بووبی.

یەکی لەکوردە ئاوارەکان بەم شێوەیە باسی شارودیهاتەکەی خوی وگەرانەوەیان دەکات:

(خەون بەگەرانەوە بو گوندە وون بووەکەم دەبینم.. تەنها ئەوشتەی کەدەمەوی توزیک شەکرو چایە .. ئەوی تریان هەربەخوم دەیچینمودابینی دەکەم) •

# جەنگ بەچاوی منالانی کورد

تیم کلسی

بەپێی (نەوا)ی شەش سالانە: (ڕۆژکاتێک هەموو ئەوانەی کە پێدەکەنین مردن)، ئەو ڕۆژەی کاتێک (هەموو شتێک مردبوو، مریشکەکان، بالندەکان، دایکم، باوکم – هەموویان مردبوون).

دایک وباوکی سەیری ئاسمانیان دەکرد کاتێک بومباکان دابارینە خوارەوەو بەترسەوە "زەردەخەنە"یەکیان کردوو مردن.

(نەوا) لەدەرەوەی گوندەکەوە بوو کاتێک بومباکان کەوتنە خوارەوە، بەلام دلنیا بووکە خەنیون، چونکە لەوکاتەوە "زەردەخەنە"ی ترساوی دیوە. ئێستا (نەوا) لەکامپێکی پەنابەرانە لە (ماردین) لەباشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا، خەلکەکەی تری گوندەکە لەگەل خویان هیناویانە لەسەرەتای ئەیلولی پار، یەکسەر دوای ئەوەی سوپای عیراقی دەستی کردبە هێرشی کیمیاوی وئاسایی دژی ئەوکوردانەی کەلەناوچەی شاخاوی عیراقدا دەژین.

(نەوا) یەکێکە لەو چەند هەزار مندالەی کە لەو شەرەدا رزگاریان بوو. زۆر لەهاوریکانی مردن، و گوندەکەش وەک (نەوا) دەلیت: ویران کرا. باسی ئەوەناکات کەبرا دە سالانەکەی چی بەسەر هاتووە. ئافرەتێک کەلەگەل دوو مندالی خویدا (نەوا)ی هیناوەبو خیمەکەی خوی، ئەلیت: براکەی یەکێک بوو لەوانەی کەپیش ئەوەی بگەنە سنوور مردن.

(نەوا) یەکێک لەو (٤٠) منالەکوردەبوو، کە لەکامپەکانی تورکیادا پرسیاریان لیکرا لەلایەن فلیم دروستکەرانی بەریتانیاوە، (جەوانشەمفروست و دەیفیدباستین)، کەدەیان ویست بەسەرهاتی منالەکان لەگەل شەرەکەدا تۆماربکەن بو فلیمێکی دوکیومینتر (وەثائیقی)

فیکرەی ئەمان نەبوو کەداوایان لیبکەن وینە بکیشن، بەلام وینەکیشان ئەوەبوو کەزۆربەی منالەکان دەیان ویست. وەک کەسانی تر لەوکاتەدا، فلیم دروستکەرەکان بەدوای بەلگەدا دەگەران کە میری عیراقی گازی کیمیاوی دژی دانیشتوانی کوردی لاشەر بەبێ جیاوازی بەکارهیناوە لە هەولی خویدا پاشوەستانی تەقە لەجەنگەکەی لەگەل ئیراندا، بولەناوبردنی شەرپارتیزانی پیشمەرگە، یان جەنگاوەرانی ئازادی کوردەکان بوکوردستانیکی ئوتونومی.

((ئیمەلەئوکتوبەردا گەیشتینە کامپەکە، نزیکەی مانگێک دوای منالەکان. ئەمانویست باسی ئەوەبکەن چی روویدابوو، بەلام زۆربەیان نەیان ئەتوانی ئەو وشانە بدوزنەوە کەوەسفی پێبکەن. لەبەرئەوە قەلەمی رەنگاورەنگ و پەرەمان بو پەیدا کردن و رەسمیان کرد)). ئیمە لەوباوەرەدابووین کە یارمەتییان ئەدەین تالەوترس و لەرزەیچوو بووەوە گهانیانەوە رزگاریان بیت. گومانم هەیە لەوەی کە ئەمەمان کردبیت، وینەکان ساکارانە رادەی قولایی ترس و لەرزیانی ئاشکرا کرد.

ئیمرو کەبو یەکەمجار بلاودەکرینەوە، وینەکانی منالەکان کیشایان لەوەدەچیت کەبەشداریەکی ئەو هەموو بەلگانە بکەن کەعیراق چەکی کیمیاوی بەکارهیناوە، و وەسفیکی بێ رەحمانەی شەرەکە خوشی بوو. ئەمبی‌تاوانانە کەقەت چەکیان هەلنەگرتووە حوکمی مردنو ئازاریان چەشت.

پەنابەرەکوردەکان دەستیان کرد بەکوچ ولەکوتایی مانگی ئابدا پاش جەولەیەکی بوردومانکردنکەلە (٢٥)ی هەمان مانگدا گەیشتبووە لوتکە، کوردەکان گەیشتنە تورکیا. سەدانهەزار پەنابەر، بەزوری هاولاتی‌لاشەر (مدنی)، باسی بوردومانی چری‌کیمیاوی یان کردو ئەوەیان راگەیاند کەژمارەیەکی زۆر خەلک لەناوعیراقدا گیانیان لەدەست دا. زۆریش پاش گەیشتنیان یەکسەر مردن. بلاوترین‌نیشانە کە پەیوەستە بەگازی (موستاردەوە)، کە هوی تەنگی‌و نەتوانینی هەناسەدانە.

لە (٥)ی ئەیلولدا بردیانم بو بینینی (٥٠) زاروکە، لەکیلگەیەکدا کەهەرلەم دیوی سنوری تورکیا دا بوون کەروژی پیشووتر (٥٠٠٠) کوردی گەیشتبونی. هەموویان بەریز دانرابوون. هەندکیان سوربونەوە و ئاوسانی پیلوی چاویان هەبوو. هەندیکی‌تریان رەنگی پیستیان نەمابوو: هەندیک زانیاری تر کە فیریان بووم بو بەدەستەوەدانی بەلگەی بەکارهینانی چەکی کیمیاوی.

هەروەها عیراقیەکان تاوانبارکردان بەبەکارهینانی گازی کوشندەتری گازی دەمار. ئەم گازە بیرەنگە بەلام‌دەناسریتەوە، چونکە بونیکی سەیری هەیە: میوەی گەنیو، سیر یان پلاستیکی سووتا. بەلام زەحمەتە بسەلمینریت کە بەکارهینراوە. تاکە سەلماندنی‌تەواوەتی بەوەدەکریت کەدەبیت خوینی گیرودەبوان تاقی بکریتەوە (پیش وەپاش) بەر کەوتنیان بوگازەکە، دیارە ئەمەش پراکتیکی نییە. عیراق بەقاوقیژەوە ئینکاری بەکارهینانی گازی ژاراوی کرد لەپەلاماردانەکانی ئابدا. لەگەل‌ئەمە

شدا هەردوو دەولەتی ئەمریکا و بەریتانیا بە ئاشکرا ئیدانەی عیراقیان کرد لەبەکارهێنانی گازی ژاراوی لەسەر بنچینەی(بەڵگەی قەناعەت پیکراو) .شیکردنەوەی پاشانی خولی پیسبوی‌باکوری عیراق بوونی هەندیک پیکهاتووی کیمیاوی‌نیشاندا کەپەیوەستن‌بەگازی(موستارد)ەوە.
لەوینەکانیاندا ،منالەکان وەسفی بوردومانەکانیان کردووە کەکانیستەری( )وای تیابە کەجیاوازن لەبومبی ئاسایی کەئەمانەش وینەکراون - یەکیک لەبومبی گاز چاوەریدەکان ،کانیستەرەکان لەسەروئەرزەوە دەتەقنەوە. (ماردین)ی‌شەش سالانە کە یەکیک لەوینەکانی کیشا ،روونی‌کردەوە:

(( بومبەکە لەهەوادا تەقیەوە ،بونەکەی‌زورناخوش بوو..تال- تال)) .(چنورە)ی‌هەشت سالانە لەوینەکەیدا بەبیر دەهینیتەوە:(( فروکەکان بەسەر لادیکەمانەوە بوون،بەقومبەلەکان دەستیان کردە بوردومانکردنی لادیکەمان.بینیم کەهاتن:بونەکە زور ناخوش بوو..خەلکی مردن)) .
منالەکان بەدیقەتن لەوەی کەپیشانی دەدەن چون گەلای درەختەکان ئەوەرن ،لەناوجەپەلامارادرا وەکاندا لەکاتیکدا قەدولقەکانیان ساغن،وخانوەکان بەئاستەم رووخاون .سیفاتەکانی بوردومانی کیمیاوی . .لەیەکیک لەوینەکاندا ،کەکوریکی دە سالانە(ئازاد)کردی(( خەلکی بەرەو روبارەکە را ئەکەن)) ،کاردانەوەیەکی کلاسیکیانەی بوردومانی گازی کیمیاوی‌یە.
(فروکەکان هاتنە سەرلادیکەمان و بوردومانی لادیکەمانیان کرد و ئیمە رامانکرد.زور کەسمردن بەلام نەمانتوانی بیان نیژین،چونکە کاتی تەواومان نەبوو.ئەبوایە بچوینتا یەناوچەیەکی تر . دووکەلی بومباکە بونی سیری لیدیت،دووکەلەکە سپیە ،هەرچەندە ئیمەتوزیک دووربوین لەشوینی بومباکە ،بەلام هەرکەبوونی کیمیاوی‌یەکەمان کرد چاوی خومان بەئاوو پارچەپەرو شووشت وناوچەکەمان بەجی هیشت ).
منالەکان بوردومانی کیمیاوی وئاسایی‌یان لیتیک ناچیت.ئەوانەیان کەبوردومانی کیمیاوی‌یان نەدیوە نایخەنە وینەکانیانەوە:لەجیاتی ئەمە وینەی ئەو وەزعە تیکچووەو خویناویە دەکیشن کەتیایدا پیاوی بی‌سەر لەخوین هەلکیشراون، وە دەست وقاچ خوینیان لیدیت.وبەشیوەیەکی کاریگە رانە ووردن: وەک وینەی ساروخ هاویژەرەکی سەر زەوی،نوسالانەیەک ،وینەی‌منالیکی هەشت سالانەی بلدوزەریک[عیراق عادەتیەتی ئەوناوچانەی ئەی گریت تەختی ئەکات] ،زوریان وینەی هیلیکوپتەری شەرکەر دەکەن،کەسوپای‌عیراقی زور لەشەردا لە چیاکاندا بەکاری دەهینن.

ئیمرو ئەم‌منالانە قوربانی شەریکن کەتەنها بەشیکی تیدەگەن،ئەوەندە دلیان بەدنیا خوش نیە ئیستاکە زستان تەواوبوو،ژیان لەکامپەکاندا باشتر دەبیت،بەلام وەزعیان زورخراپەو تورکیا پارەی کەمە.بەلین دراوە بەکومیسیونی بالای پەنابەرانی سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان کەبچنە کامپەکانەوە بەلام تائیستاش نەتوانراوەیارمەتی یەکسەرو راستەوخویان بوریک بخریت .
کوردەکان خویان بەگەلیکی لەبیرکراو لەقەلەم ئەدەن،وجەنگەکەشیان لەگەل عیراقدا پشت گوی خراوە لەلایەن روژئاواوە،جونکە برسین بو قونتەراتی چەوری بیناکردنەوەی عیراق بەتەواو بوونی جەنگی کەنداو.روژئاوا هیشتا دەبیت صەدام حسین بانگ بکەن و بەرەقی لەگەلیا بدوین بو بەکارهینانی گازی ژاراوی یان بەکومەلکوشتن لەپاکوردا .
(شەرمین)ی‌نوسالانەئەوەندە دلفراوان بووکە ئاواتەخوازبیت بەوەی کەئەوانەی لەروژئاوان و گوی نادەنی(( هەرگیز ئەوە نەبینن کەمن بینیم ))
(ئیمە ژیانی خومان دەویت،ئیمە حەز ئەکەین ژیانمان وەک ئەوان وابیت.هیوای ئیمەش وەک هیواکانی ئەوان وایە)●



# کوردستان: مێژوویەکی بێ جوگرافیا

بەپێنووسی نوسەرسوفیتی
دیمتری زگیرسکی
(هۆشەنگ) کردویەتی بەکوردی

ئەم ووتارە لەگۆڤاری (الثقافە الجدیدە)ی ژمارە (٢١٢/ئاب/١٩٨٩) بلاوکراوەتەوە ئەویش لەگۆڤاری (آسیا وافریقیا الیوم)ی ژمارە (١٩٨٩/٦)ی وەرگرتبوو.
ئیمەش بەپیویستمان زانی بوخوینەرانی گۆڤاری (پێشەنگ) بیکەینە کوردی، تاکو خوینەران ئاگاداری بوچوونی نووسەرانی یەکیتی سوفیەت بن لەسەر کیشەی کورد و بارودوخی ئیستای کوردستان.

کورد لەتورکیا:

لەتورکیا کورد وەکو میللەت بەشیوەیەکی رەسمی دانی پیانەنراوە، ئەم راستیەیە رولی کیرا کاتی گفت وگوکردن لەپەرلەمانی ئەورووپا لە (ستراسبورگ) سالی (١٩٨٧) دەربارەی وەرگرتنی تورکیا لەخیزانی ئابوری ئەورووپا، واش دانرا، دانپیانەنانی رژیمی ئەنقەرە ئەو کاتە بەمیللەتی کورد، ئاستەنگیکە لەبەردەم تورکیا بۆوەرگیرانی لەوخیزانە. روژنامەی (هارافغی) قوبرسی رایگەیاند کە حکومەتی تورکیا ئەو راستیە دەشاریتەوە کە کوردەکان لەوولاتە مافی ئەوەیان نیە ناو لەخویان بنین کورد و قەدەغەشە بەزمانی خویان بنووسن و قسەوئاهەنگ گیران بەیادی جەژنەکانیان بگیرن هەروەها هیچ میژوویک و روشنبیریکیان نیە. لەسالی (٩٨٧) گورانی بیژ (ئیبراهیم تاتلیساز) یان حوکمدا جونکە لەسوید بەکوردی چەند گورانیەکی وتبوو، جگەلەوەشئەو فەرمانبەرانەش حوکمدران کەلەسەر ژمیردا زمانی کوردیان لەگەلئەوزمانانەنوسیبو کە رەعیەتە تورکەکان قسەی پی دەکەن.
ئەمەش کەچی کوردەکانی تورکیا لەسەرەتاکانی سەدەی ئیستا زورنزیکتربوون لەگەیشتن بەئازادی و سەربەخویی وەیان بەلایەنی کەم خودموختاری. لەسالی (١٩٢٢) (کەمالئەتاتورک) داوای بەخشینی خودموختاری بوکوردەکان کرد و ووتی (پیویستە دەولەتیکی خاوەن خودموختار لەوناوچانەدا مەزری کەلەبنەرەتا کوردەکانی تیدا نیشتەجیبوون، ئەمەش بەپیی سیاسەتی دەرەوەو قەناعەتی سیاسی تورکیا). ئەم گوفتارە ئەمرو بەیاساغ لەقەلەم دەدری، کەچیکاتی گوفاری (ایکیبین دوغرو) بلاوی کردەوە یەکسەر دەست گیر کرا، ئەمەجەندین بار دووبارە کرایەوە.
روژنامەگەری تورکی هەردەم کوردەکان بەتروروست و ئەشقیا ناو دەبات. بەلام خەباتی کوردلە پینا و سەرخوبون ناشاردریتەوە و ئەوانسەرکردە و حزبی سیاسی خویان هەیە.
سەرەرای مەیلداریەکی توند دژبەکورد، ئیمە لەهیچ روژنامەیەکدا نەمان زانیوە پەنجە بو ئەوە دریژ بکات کەوا کوردەکان (پیشمەرگە کوردەکان) لەدەرەوەی خاکی کوردستان چالاکیان ئەنجام دابیت، کەجی روژنامەکانی تورکی هەندی شتی ئاوا دەگیرنەوە.
پیشمەرگەکان لەوانەیە مینیک لەسەر ریگا بچینن بەونیازەی کەزیلیکی جەندرمەکان لەکار بخات، ئەو جەندرمانەی خاکی کوردستان ژیرپوستالیان دەخەن، جالەوانەیە هەرهەمان مین بەریکەوت لە ژیرپاسیکی هاولاتیان بتەقیتەوە و دەستەلاتداری تورکیش بەمنموونانە باسی (تاوانە وەحشەتناکەکان کەلەلایەن جەتە تروریستەکان دژ بەئافرەت و منالان) ئەنجام دەدری ناوی کورد دەزرینن ولەسەر ئەم بناغەیە هیرشی توندرەوانە دەکەنەسەر دانیشتوانە کوردەکان. بیگومان ئەمجورچالاکیانە بەبی برانەوە بەردەوامن. بوئەم مەبەستەش حکومەتی تورکیا فەیلەقیکی تایبەتی پیکهیناوە بوئەوەی شەری ئەو پیشمەرگە کوردانە بکەن کە خەریکی شەری پارتیزانین، بەشیوەیەکی ریک وپیک رژیمی تورکیا چەندین ملیار لیرەی تورکیشی خستوتەکار بو جەنگینلەگەل کوردەکان، پیشمەرگە بەناچاری لەژیر گوشاری هیزەکانی تورک زورجار بەرەو خاکی عیراق دەکشینەوە، بەلام لەویش دا شەریکی توندتر دژ بەکورد هەیە، ئەویش بەپیی ریککەوتنامەیەک دەگەل رژیمی عیراق کەوا مافی دەستەلاتدارانی تورکیا هەیە بولیدانی کوردئەو سنوورە ببرن، بونموونەش لەیدکیک لەشەرەکاندا کەسالی (١٩٨٧) روویدا (١٥) فروکەی فانتوم و (١٥) فروکەی جەنگی (ف ١٤)ی هیزەئاسمانیەکانی تورکیا بەشداریان کرد.
هەرلەو ریکەوتنامەدا کەلەنێوان عێراق وتورکیا مۆرکرابوو، برگەیەک هەبوو دەربارەی کردنەوەی

سنوور بو راونان وبەدواگەرانیپیشمەرگە کوردەکان بەرلەوەی شەر کپ بیتەوە،بەلام سەروک وەزیرانی تورکیا (تورکوت ئوزال)رەتی کردەوەکە ئەوبرگەیە لەنیو پەیمانەکەدا بنووسریت،ئەوە بوو دوایی ریگەی بەکوردە عیراقیە راکردوەکان دا پەنابەرنە تورکیا بەتایبەت دوای وەستانی شەری عیراق و ئیران .

ژمارەی پەنابەرە کوردەکان لەنیوان(١٠٠ -١٥٠) هەزارە ،بەلام تورکەکان دەلین نزیکەی(٥٠)هەزار دەبن،روژنامەی(جمهوریەت) ووتی پەنابەرە کوردەکان هەروەکو دیلانی شەر رەفتاریان دەگەل دەکری و پیاوانی پولیس بەدا ردەست لییاندەدەن ژمارەیەکی زور بەرەبەرە خەریکن تورکیا بەجی دیلن ..

## کوردەکان لەعیراق:

بەپیچەوانەی تورکیا کورد لەعیراق بەشیوەیەکی رەسمی ناسراون.هەندی بلاوکراوەو چاپەمەنی بەزمانی کوردی لە عیراق، دەردەچی.کوردی عیراق زور لەمیژە خەبات لە پینا و سەربەخویی خویان دەکەن هەروەکوبرایانیان لەتورکیا .سالی(١٩٢٢) کوردەکان لەعیراق توانیان بوماوەیەکی کورت دەولەتی خویان دا بمەزرینن کەپیتەختەکەی(سولەیمانی)بوو .سەروکی ئەودەولەتەش(شیخ محمود )توانی دروشموپەرچەمیک دابنی،هەروەها پارەشی بو لەسکەدا ،روژنامەکیش بەناوی( روژی کوردستان)دەربکات وچەندینپولی پوستەش دەربخات.بەلام لەژیر دیوەزمەیبەریتانی لە عیراق ئەم دەولەتە کوردیە ئاشنایەتی ناسراوی بەدەستنەهینا.بەلکودا مەزراندی بە هەل گەرانەوەیەک لەقەلەم درابویە هیزەئیستعمار - یەکان رووخاندیان،هەرلەوکاتەوە کوردەکان لە عیراق خەریکی شەرن.هەندیجار دژبەریتانیەکانو جاری تریش دژ رژیمە جیاجیاکانی عیراق .ئەم شەرە ماوەیەک هیمنی بەسەرداهات ئەویشلەنیوان سالانی(١٩٧٠ - ١٩٧٤)ئەو ماوەیە بارودوخیکی وا هاتەکایەوە کەئیتر هەرگیزاوهەرگیز نەتوانری بوونی کورد و بەرهەلستکاریان لەو ولاتە بە ئاشکرا رەت بکریتەوە .

سالی(١٩٧٠)راپەرینی کوردەکان دووبارە لەبەین چوو و حکومەت دەستی کرد بەشالاویراگواستنەوەو کوچدانیان بوناوچەکانی خواروو بەوپنازەی کە پشتینیکی عەرەبی لەنیوان سنوریخوی وتورکیا و ئیران دا دابمەزرینی،ئیتر ئەوەبوو ریک کەوتن لەنیوان عیراق و ئیرانو تورکیادا دژبە چالاکیەکانی کورد دروست بوو .

روژنامەکانی روژئاوا باسی شالاوی زینداندکردنو لەسیدارەدانی بەکومەلیان کرد ئەمەش هاوکات بوو دەگەل ئەوشالاوە تونرەوەی کەبەسەر کومونیستەکانی عیراقدا هات.

ئیتر وای لیهات هیرش کردنەسەر کوردەکانشیوەی دژایەتی تایبەتی وەرگرت،هەوال و دەنگ وباس دەربارەی بەکارهینانی چەکی کیمیاوی لەزوربون دابوو .لەئازاری(١٩٨٨)هیرشی لەبەین بردنی بە کومەلی دانیشتوانی کوردەکان دەستی پی کرد ، (ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی)ئەوراستیانەی ئاشکراکردو سەرکەوتنیکی لەئاشکراکردنی وە دەست هیناو دانی بەبوونیدا .بەمەش شالاوی پەنابردنی کوردەکان بوئیران پەرەی سەندچونکە لەتورکیاش هەردووچاری راونان هاتن،لەگەرمە گەرمی شەری عیراق وئیراندا حکومەتی بەغدا هاوولاتیانی کوردستانی بەخوفروش و دوژمن ناو برد ئەم ناوبردنەشی کردە بەهانەیەک بو ئەنجامدانی هیرشیکی لەشکری تازە.

راوەستانی شەری عیراقوئیران دوودلیکی زوری خستە نیوناوەندەکانی کورد ،ئەم دوودلیەش شایستەبوو،چونکی هەرلەگەل وەستانی تەقە لە بەرەکانی شەر سوپاکەی عیراق پەنای بردە بەر هیز بوچارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردەکان . راپورتی کومیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی پیران لەکونگریسی ئەمریکی بەئاشکرا باسی راگواستنی بەزوری کوردەکانی کرد بوناوچە جیا جیاکانی خوارووی عیراق.راپورتەکە ووتی : (٧٠ - ٨٠%)لەدیهاتەکانی کوردستانی عیراق و زیاترلەسییەکی خاکی کوردستان بووەتە ناوچەیەکی چول و ویران کراوە.

## کوردەکان لەئیران:

بەدریژایی میژووی بەرچاو، هەولی توانەوەو بەفارس کردنی کوردەکان لە ئیران بەردەوام بووە.هەربەم شیوەیەش خەباتی گەلی کورد لەپینا و سەربەخویی بەردەوام بووە. لەسالی(١٩٤٦)لەسەرخاکی کوردستان کوماری مەهاباد بەسەروکایەتی سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران(قازی محمد )دامەزرا ئەو قوناغە سەبارەت بەئیران بەقوناغیکی نیمچە دیموکراتی لەقەلەم دەدری.لەکانونی(١) هەمان سال ئەم کومارە بەیەکجاری لەبەین چوو، بەلام هیزدچەکدارەکانی ئەم کومارە هەرمایەوەو بەرەو شاخەکان کشا .لەسەردەمی شامحمدرەزا پەهلەوی دەزگای موخابەراتی ناسراوبە (ساواک) بەشداریکرد لەشالاویکورد کوشتن.بەلام سالی ٩٨٧ کاتی بارودوخی سیاسی بەرەو گوران چوو.(آیة الله خمینی) کەلەفەرەنسابوو پشتگیری خوی بو کوردەکان دەربری وداوای لەکەمەنەتەوەکان کرد بەشداری شورش بکەن.دوای وەدەست هینانیدەسەلات

بەرەبەرە حکومەت لەهەلویستەکانی جارانی دوور کەوتەوەو رەتی کردەوە کەواکیشەی کورد لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتیانە چارەسەر بکات. دوو بارەشەروخەباتی چەکدارانە دەستی پیکردەوە و ژمارەیەکی زور دەست گیرکران.لەسالی(١٩٨٤ز) سوپای ئیران بەتەواوی ناوچەکانی ژیردەسەلاتی کوردەکانی پاکسازی کرد.

ماوە ماوەش هەوالی شەروپیکدادان لەنیوانهیزی پیشمەرگەو سوپای ئیران بلاودەبیتەوەو هەرلەهەمان کاتیشدا هەوالی وابلاودەبیتەوە کەوازور کوردی عیراق بەرەو ئیران کوچ دەکەن.

سالیرابردوو دوای راکردنی بەکومەل بوتورکیا ودزابەتی دردسی حکومەتی تورکیا بویان،ناچار زوربەیان داوایان لەحکومەتی ئیران کرد بو ریگە بەدوچکردنیان بوئیران پی بدری،حکومەتی ئیران ئەم کارەی قەبول کردوپیشوازی لی کردن. هەوال و دەنگ و باسیکی زوریش هەبوو کەوا ئیران هاوکاری ویارمەتی دەگەل کوردەکانی عیراقدا کردووە بەتایبەتی کاتی شەربەمەبەستی کارکردنە سەر رای گشتی جیهانی هەرلەدوای بوردومانی کیمیاوی شاری هەلەبجە،ئیرانتوانی ریگەیەکی سەلامەت لەسنووری خوبەوە بو نیو عیراق بدوزیتەوە بوئەوەی روژنامەگەرانی جیهان سەردانی ئەوشارەبکەن.تائیستاش پەیوەندیەکانی عیراق وئیران خراپە بویە هەردوولاواتەعیراقو ئیران ئامادەیی خویان دەردەبرن بوپیشوازی کردنی کوردە بەرهەلستکارەکانی هەردوولا.

بەلام کوردەکان نەلایەنگری تورکیان ونە عیراقو نەئیران .بەلکو تەنها بەرگری لەخویان‌دەکەن. تەنها نیشتمانی خویان دەوی.

کوردەکان.بەلام رای گشتی جیهانی مەیلداریکی تەواوی ئەو شەش ملیون فەلەستینیە یە زیاتر لەوەی کە گرنگی بداتە (٢٢)ملیون کورد کە دوو چاری چەوسانەوەیەکی وادەبی هەرگیزپیوانەی بو نیە.ئەری کاتی ئەوە نەهاتووە کەرای گشتی جیهانی بەنیونەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان باسی ئەوەش بکات).

ئیستا کاریکی سەخت و دژوارە هیوایەک بەدی بکری کەئەو ولاتانەی کوردستانی دەولەمەندیان لەبەیندایە،واز لەو خاکە پرسامانە بهینن بو ئەوەی دەولەتیکی تازە لەسەرنەخشەی جیهان سەر هەلبدات.لەلایەکی ترەوە کیشەی کوردستان زور پیوویستە چارەسەر بکریت بەلام بەریگەی توند و شیوازەکانی عەسکەری وپولیسیانە چارە ناکریت. ناوچەو خالەئالوزو گرژەکانی جیهانی لەسایەی جموجولی نەتەوەیەکگرتووەکان خەریکی‌هیمن‌بوونە



نەسرەوتن تا سەرکەوتن

پێشمەرگە روو بە رووی مردنە

وادیارە نورەی ئەوەش هاتووە کیشەی کوردیش لە سەر بناغەیەکی دیموکراتی چارەسەربکریت.جا ئەگەر ئەوەش جی‌بەجی بکریت،ئەوا ئاشتی‌وئاسایش بەسەر گەلی کورددا بالی دەکیشی. .ئەوگەلەی کەدووچاری چەوسانەوەیەکی توند هاتووەو مافی هەیە هەروەکو تەواوی گەلانی تری جیهان بە ئاشتی بژی و چارەنووسی خوی دیاری بکات. بەئازادیە کومەلاتیەکانی شادبیتەوە. .ئەگەر ئەمەجی‌بەجی کرا بی گومان یارمەتیکی زورگەورە بو چەسپانی بارودوخی هەردووناوچەی‌روژهەلاتی ناوەراست و دوور پەیدا دەبیت ●

سەرەرای دابەشکردن‌وکەمکردنەوەی ژمارەی کورد، لەسایەی سەری شەقی زەمانەوگالتەجاریەکانی میژوو،کورد هەربەیەک گەلویەک میللەتدەمینی. چونکی زمانیکی هاوبەشیان‌هەیە کەلەکومەلەی زمانەکانی ئیرانیەو میژوویکی هاوبەشی دریژ کراوەی سی هەزارسالەیان هەیەو خاوەن روشنبیریکی هاوبەش وتایبەتمەندی نەتەوایەتی هاوبەشن،رەنگە داب و نەریت لەشوینیکەوەبو شوینیکی تر جیاوازبیت بەلام یەکیتی ویەکبوونی کورد ئاشکراو روونە.

ئیستا ژمارەیەکی زور لە ریکخراوو حزبی سیاسی کوردی خەریکی خەبات و تیکوشانە بەشیوازی‌نیوە نهینی لەناوەخو،و بەئاشکرا لەدەرەوە.

زۆربەی کوردەکان دەلین:(لەروژهەلاتی ناوەراست شەش ملیون فەلەستینی خەبات دەکەن لەپیناو گیرانەوەی مافەنەتەوایەتیەکانیان هەروەکو

# بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن لەنۆیەمین کۆنگرەیدا

ئامادەکردنی: پیشەنگ

هەرکە کونگرەی (باندونگ) ،ساڵی (١٩٥٥) بەسترا ، بیروکەی بێلایەنی سەری هەڵدا و ئەوبیروکەیەش لەلایەن سەروکی یوغسلافی (جوزیف بروز تیتو) و (جمال عبدالناصر) سەروکی میسرو (جواهیر لال نەهرو) سەروکی هیند ،لەکوبونەوەی (بریونی) ساڵی (١٩٥٦)، لەیوغسلافیا بنیات نرا ،تاکونگرەی بەلای (اسکندریە) ساڵی ١٩٦١کەتیایدا سەروکەکان بانگەوازیکیان بوولاتان ئاراستەکردتاکونگرەی دامەزراندنی بزوتنەوەکە ببەستریت وئەوەبوولە ئەیلولی هەرهەمان ساڵ لەبەلگراد بەسترا و (٢٥) ولات وەکو ئەندام و (٣) ولاتیش وەکو چاودیر بەشداریان کرد . تاکوئەم کونگرەیەی دوایی وانزیکەی زیاتر لەسی ساڵ تیپەردەبیت .

ئەوبارودوخەی کەلەگەل دامەزراندنیئەوبزوتنەوەیە هاوشانبووە ،شەریساردی نیوان هەردوو ئوردوگای جیهانبووە کەزورجار زەنگیمەترسیهەلدانی شەریکی عەسکەری دریژکراوە بو ولاتانی جیهانی سێیەمیشلیدەدا .هەروەها ئیستعمار بەهەردوشیوە کونو تازەکەشیەوە باڵی بەسەر ژمارەیەکی زور لەولاتانی ناوچەدا کیشابوو ،بویەتی روانینی سەرکردە نیشتمانپەروەرەکان بەرەو بزافیکیوا دەچوو کە ئەو ولاتانە لەکیشەو ململانە جەکدارەکان بپاریزن ،جگەلەوەش بزوتنەوەیەکی دژ بە ئیستعمار بخولقینن و پەرەسەندنی ئابووری ئەو ولاتە تازە پیگەیشتوانە رووەو جوریک لەخوبژیوی وسوشیالیزمببەن .

ئیستا زوربەی ئەوبارودوخەی کەجاران لەگەل لەدایک بوونی بزوتنەوەکە هەبوو گورانیکیتەواوی بەسەردا هاتووە ،هەم لەرووی جەندایەتی هەم لە رووی جونایەتی ،بونموونە لەبەین چوونیئیستعمار لەزوربەی کیشوەرەکانی ئەفریقیاو ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا ،هەروەها زیادبوونی ژمارەی ولاتانی ئەندام لەوبزوتنەوەیە بو چواربەرابەر جگەلەوەش بزوتنەوە ئازادیخوازەکانیش کەهەندی جار ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠) بزوتنەوە ،ئیستا چەند ژمارەیەکی کەم نەبی نەماون .

لەلایەکی ترەوە ئەو تارماییو دیوەزمەی شەرە قسەی سارد لادراو بواری کرانەوەی نیودەولەتی و ریک کەوتن لەنیوان هەردوو ولاتەمەزنەکە شوینی گرتەوە .لەمیانی ئەم دووسی ساڵەی دوایی دا لەسەرانسەری جیهان جموجولی ئیجابی مەزن هاتنە کایەوە وتوانرا هاوسەنگی هیزەسیاسییە تەقلیدیەکە بگوریت،لەوانەش ریکەوتنی نیوان سوفیەت و ئەمریکا سەبارەت موشەکی کورت و ناوەند هاویژ و هەروەها دیداری جنیف لەمەر ئاسایش و هاوکاری لەئەوروپا و ریکەوتندەربارەی ئەفغانستان و جگەلەوەش ریکەوتنی سی قولی بو نەهیشتنی کیشەی خوارووی روژئاوای ئەفریقیا و راگرتنی شەری کەنداو .. هتد .

جالیرەدا کاریکی هەلکەوت نیە کەکونگرەی وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی بێلایەن لەئەیلولی ١٩٨٨ لەنیقوسیا بارودوخی سیاسی ئیستا بەخالی وەرچەرخان لەژیانی بزوتنەوەکە ناوببات،هەر لەپیناو ئەوەش بوو کونگرە کومیتەیەکی تایبەتی پیک هینا کەئەرکە سەرەکیەکانی ئەوە بیت رول و ریبازی بزوتنەوەکە تەواوبکات،ئەم کومیتەیە بەسەروکایەتی وەزیری دەرەوەی (قبرس) یەکەمین کوبونەوەی خویان لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨دا بەو ئامانجە بەست تابزوتنەوەکە بو واقعی تازە خوی ئامادە بکات و نەکەویتە خشانو خزان بو دەوروبەرو قەراغەکانی سیاسەتی جیهانی .

شتیکی هەلەیە کەواسەیر بکریت ئەم جموجولەی ئیستا جیهانی بزوتنەوەی ولاتانی بێلایەن وەلا دەخات،هەروەها هەلەشە واسەیر بکریت، یاخود وا وەربگیریت کەسەرکردایەتی کردنی ئەم گورانکاریانە تەنها بریتییە لەچالاکیەکانی یەکیتی سوفیەت و ئەمریکا جونکە بزوتنەوەی ولاتانی بی لایەنیش رولیکی گرنگ لەمبوارەدا دەگیری .بونموونەش ئەو هەول وتەقەلایەی ئەم چەند ساڵەی دوایی بو لابردنو دوورخستنەوەی مەترسی نیوکلیاری باشترین گەواهییە لەسەر چالاکییەکانی بزوتنەوەو بەلگەش بوئەم کارە بانگەوازەکەی بزوتنەوە لەکونگرە بالایهەراری ساڵی (١٩٨٦) بوهەردوو سەروکی سوفیەت وئەمریکا . هەروەها پشتگیری بزوتنەوە بو بریارەکانی یەکیتی سوفیەت سەبارەت بەدامالینی چەکی نیوکلیاری و وەرگرتنی بریاری دیکەش هەرسەبارەت بەم مەسەلەیە لەکوبونەوەی (هافانا)یساڵی (٩٨٨) دەتوانینبلیین: کەمبونەوەی بارودوخی روبەروبونەوە لەنیوان روژهەلات و روژئاوابواریکی تایبەت بوبزوتنەوەی ولاتانی بی لایەندەخولقینی

تاکو ئەویش لەم قوناغەدا رولی تازەی خوی بگیریت و چالاکی زیاتر بنوینی. بەلام لەلایەکی ترەوە ولاتانی بێلایەن تا ئیستاش لەچنگ چەندین گیروگرفت رزگاری نەبووە لەوانەش پاشەرویی و نەبوونی یەکسانی و نەچەسپانی باری کومەلایەتی و توندرەوی و کەوتنەژیر گوشاری دەرەوەی ولاتە ئیمپریالیستەکان وشەرە ناوخوییەکان. ئەمانە هەموو واقیعیکی تالن و بەشیوەیەکی راستەوخو چارەنووسی ملیونەها کەسی ئەم وولاتانە دەخاتە مەترسییەوە. جالەپینا و ئەوەی بزوتنەوەی ولاتانی بێلایەن لەگەل ئەم باروخە تازەیەدا زیاتر بگونجی و چەند گورانکارییەک لەهەلویستەکانی جارانیدا رووبدات، پیویستە بەشداریەکی چالاکانە بکات لەو گورانکارییە نوییانەلەوانەش دارشتنی زنجیرەیەک دەست پیشخەری دەربارەی تەواوی مەسەلە بنەرەتیەکانی سیاسەتی جیهانی جگەلەوەش پیویستە لەهەندی لەهەلویستەکانی هەلبگەریتەوە کەتەنها نزمترین رادە دەنیونی، واتە (یان هەمووشتی وەیان هیچ شتیک) یاخود (ئیستا دەنا هەرگیز..) هەندی ناوەند لەو ولاتە تازەپیگەیشتووەکان لەو بروایەدان کەبەرە و پیش چوونی گفت و گوی نیوان روژهەلات ورۆژئاوا ریککەوتنی سوفیەت و ئەمریکا هیچ پیشکەش بە جیهانی سییەم ناکات وگیروگرفتە ئابوریەکانی ئەو ولاتانە سووک وهاسان و کەمتر ناکاتەوە و گوشاری ئیمپریالیزم بەسەر ئەو ولاتانە لەنەبین نابات. ئەم لیکدانەوەو بروایە هەرگیز بە واقعی نازانریت وهویەکەشی زورئاشکرایە.

دوا کونگرەی بزوتنەوەی ولاتانی بی لایە کە لە (١٩٨٩/٩/٣) لەبەلگراد بەسترا، گرنگترین بابەتەکانی گفت و گوی ئەو کونگرەیە بریتی بوو لە قەرزەکانی ولاتانیتازەپیگەیشتوو و کیشەی فەلەستین و لوبنانو شەری کەندا و ئەفغانستان جگە لەجیاوازی رەگەزپەرستی و بابەتی (مخدرات) بابەتی قەرزەکان کاریکی وابووە کەهەردەم هەرەشەی لەسەربەخویی وهاوسەنگی ئابوریزوربەی ولاتانی جیهانی سییەم کردووەو خاوەن قەرزەکان وویستوویانە لەژیر سایەی ئەم قەرزانە دەست لەکاروباری ناوخوی سیاسی ئەوولاتە قەرزارانە وەربدەن. لەجیاتی ئەوەی کەئەم قەرزانە بە یارمەتی و هاوکارییەک بوئەو ولاتانە لەقەلەم بدریت بو ئەوەی لەکەمو کورتیە ئابوریەکان دەربازبن، بەلکو وەکو چەکوچیک بەسەر سەری حکومەتەکان بەکارهاتووە تاکوناچار بکرین چەندین سیاسەتی دژواری ئابووری دیاریکراو قەبول بکەن. بویە وتو ویژەکانی کونگرەی ئەمجارە دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا پیویستە رژیمیکی ئابوری تازە بنیات بنری تاکوبتوانیت جوریک لەهاوسەنگی ئابوری لەجیهان دابین بکری و بواری بەرتەنگی ئابوری نیوان ولاتە خاوەن قەرزو قەرزارەکان لا ببریت.

لەسەر ئاستی کیشەی فەلەستین بەئامادەبوونی یاسر عرفات وتوویژەکی دریژکرا و سەروکی یوغسلافی پەنجەی بوخەبات و تیکوشانی گەلی فەلەستین راکیشا و پشتگیری خوی لەمافەرواکانی ئەوگەلە دەربری وبەشداربوان خوشحالیخویان نواند سەبارەت بەو ئاسویە تازەیەی کەلەپینا و چارەسەری عادیلانەی ئەم کیشەیە وەدەست هاتووە بەتایبەت دابین کردنی مافی چارەی خونووسین و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخو.

دەربارەی لوبنان، زوربەی سەرکردەکان داوایان کرد کە کومیتە سی قولیەکەی عەرەب لەسەرچالاکی و جموجولی خوی بەردەوام بیت بوئەوەی چارەیەک بو گیروگرفتی لوبنان وەدەست بینی وئەو ولاتە کەئەندامیکی بزوتنەوەیەبەیەکجاری لەوشەرە ویرانکارییە دەربازی بیت.

لەبارەی شەری عیراق وئیرانیش، داوایان لەهەر دوو ولات کرد کەلەپینا و گەرانەوە و بنیاتنانەوەی هیزو توانای خویان کاربکەن وگەیشتن بەچارەیەکی بنبرو لابردنی تەواوی کوسپەکان.

سەبارەت بەئەفغانستان، رایان گەیاند کەوا سەرکردەکانی بەرهەلستکار چاکتر وایە بو وت و ویژ لەگەل حکومەتی (کابول) زەمینە خوشتربکەن و کوتایی بەو شەرە ناخوییە بهینن، هەروەها کونگرە داواکارییەکەی حکومەتی کاتی بەرهەلستکاری ئەفغانستانی رەت کردەوە بو وەرگرتن بە ئەندام لەبزوتنەوەداو دووپاتی ئەوەیانکردەوە کە شەرعیەتی ئەندامیەتی هەر لەدەست حکومەت و سەروکی حکومەتی ئەفغانی و وەفدەکەیەتی.

## کێوی مەزن

کێوی مەزن، کورتە رۆمانێکی (کاروان عبداللە)یە، لەقەوارەیەکی ناوەندی ولە (١١٢) لاپەرەدا، کەوتە بەردەستی خوێنەران.

شیاوی باسە ئەم کورتە رۆمانە لەبڵاوکراوەکانی (کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان)ە.

# گەشتێک بە کوردستانی سۆڤیەتدا*

نووسینی - ئەرکیۆلۆگی سۆڤیەتی: ی. پچێلینا
وەرگێڕانی لە رووسییەوە: رەشاد میران

ئەم نووسینە لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری ماموستای کورد، چاپ و بلاوکراوەتەوە، بەڵام لە بەر گرنگی نووسینەکە، وێڕای رێز، و داوای لێبوردن لە ماموستا (رەشاد میران) وەرگێڕی نووسینەکەو ماموستا (فەرهاد شاکەلی) سەرنووسەری گۆڤارەکە. ئێمەش بۆ خوێندرانی گۆڤاری - پێشەنگ - دووبارە بڵاوی دەکەینەوە.

> گرنگی ئەو نووسینە لەوەدایە کە نووسەرێکی سۆڤیەتی نووسیویەتی
>
> ✱ ✱ ✱

هێشتاکە مەسەلەی بوونی بەشێکی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی شوورەویدا روون نەبۆتەوە و هەر جێی گومان و دەمەتەقێیە. بۆ دەرخستن و سەلماندنی ئەم راستییە، دوو جۆرە بەڵگە پێویستن:

بەڵگەی مێژوویی و هی جوگرافی. لەبارەی مێژووەوە هەروەکو لەم وتارەدا دەردەکەوێ، ساڵی ١٩٢٣ لە ئازەربایجانی سۆڤێتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان دامەزرێندرا. بێگومان دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت وەنەبێ هەر لەبەر خاتری کورد کارێکی وایان هێنابێتە کایەوە، بەڵکو رەچاوی هەندێ هۆکاری مێژوویی و جوگرافییان کردووە. ی. پچێلینا، نووسەری وتارەکە بیروڕای کوردناسانی بەناوبانگی وەک ڤ. ف. مینۆرسکی و ن. یا. مار دەهێنێتەوە کە کوردەکان لە سەدەی یازدەهەمدا هاتوونەتە قەفقاس. بەڵام نووسەر، بەپێی تێڕامانی ئەرکیۆلۆگیی خۆی، سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمی بۆ پەیدابوونی کوردەکان لەم ناوچەیەدا دەست نیشان کردووە. لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە: ئایا چەند ساڵ بۆ کۆمەڵە خەڵکێک پێویستە لە خاکێکدا بژی تا ئەو شوێنە بە خاک و نیشتمانی خۆی بزانێ؟ جا ئەگەر سەدەی یازدەهەم بخەینە لاوە و تەنها رای ئەم ئەرکیۆلۆگە وەرگرین و لامان وابێ کورد لە سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمدا لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون، وابزانم ئەو ماوەی ٥٠٠ ساڵە مافیان پێ دەدات ئەم شوێنە بە نیشتمانی خۆیان بزانن و ناوی بنێن کوردستان. چونکە ئاشکرایە کە خێڵە تورک زمانەکانی باپیرە گەورەی ئازەربایجانەکانی ئێستا تەنها لە سەدەی چواردەهەم و پازدەهەمدا لەناو بۆتەی میللەتی ئازەربایجاندا یەکیان گرت و ئەم میللەتەیان پێک هێنا (واتە - ئازەربایجانەکان تەنها ٦٠٠ ساڵێک دەبێت وەکوو میللەت بە زاراوەی زانستی هەن)، ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، ئەوا هەڵوێست و شوێن پێی کوردەکان پتەو و قایمتر دەبێ.

لەبارەی جوگرافیاشەوە، ناوچەی کوردستانی سۆڤیەتی، وەکوو لەم وتارەدا دەردەکەوێ، بەردەوامبوونێکی زۆر ئاسایی و سروشتیی کوردستانی ئێرانە. لەسەر هەردوو بەری زێی ئاراس، هی سۆڤیەتی و ئێرانییش، کورد دەژین و پارچەیەکی نەپچڕاو پێک دێنن.

لەیادکردنی ئەم دوو هۆکارە (مێژوویی و جوگرافی) تەنانەت لەلایەن کوردناسێکی بەناوبانگی وەک م.س. لازەریڤەوە (بڕوانە گۆڤاری ماموستای کورد، ژمارە ٦) وای کردووە، کە کەس دەربارەی ئەم بەشە بچووکەی کوردستان هیچ نەزانێ و بەمەش مافی رەوای دانیشتوانەکەی پشت گوێ بخرێت.

بێگومان، کە هیچ لە بارەی ئەم ناوچەیەوە نەزانرێ، هەڵبەتە کەسیش نازانێ بۆچی لەناوچوو. بەرای من تێکدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی بە رووداوەکانی کوردستانی گەورەوە هەبووە. ئاشکرایە لە ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا شۆڕش و راپەڕین هەموو کوردستانی گرتبووەوە - راپەڕینەکانی شێخ مەحمود، سمکۆ، شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥، شۆڕشەکەی ئاگری ١٩٣٠... کێشە و هەرای زۆریان بۆ هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە نابووەوە. ناکرێ بیر لەوە نەکەینەوە، کە کوردەکانی کوردستانی سۆڤیەت نابێ هەڵوێست و سیمپاتیایان بۆ ئەو راپەڕینانە نەبووبێ و پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدا نەکردبێ، بەتایبەتیش لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئاگری بە حوکمی ئەوەی بارەگاکانیان لە سنووری سۆڤیەتەوە نزیک بوون. لەم بارودۆخەشدا ستالین لە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆردا بوو بۆ خۆ لە تورکیا نزیک کردنەوە و رێی تێ دەچێ کە لەناوبردنی ناوچەی کوردستان جۆرە رازیکردنێکی ئەتاتورک بووبێ. جگە لە هەستی پان تورکیزمی هەمیشە بەهێزی ئازەربایجانییەکان، ئەوانەی هەرگیز چاویان بەرایی نەدەدا، کە پارچەیەکی

---

* - ئەم وتارە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری «ئەتنۆگرافیای سۆڤیەتی» ساڵی ١٩٣٢دا لەژێر ناونیشانی: «گەشتێکی زانستی بە ناوچەی کوردستانی ئازەربایجاندا» بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕ

خنجیلانەی کوردستان کۆمارە دیموکرات و سۆسیالیستەکەیان برازێنێتەوە. رەنگە ئەمە هاندەرێکی تر بووبێ بۆ هەنگاوەکەی ستالین. لە ئەنجامدا کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی بوو بە قۆچی قوربانی و کوردەکانیش لەم کۆمارەدا هەتا رۆژی ئەمڕۆش، لە سەرژمێرییەکاندا بە ئازەری ناونووس دەکرێن.

کوردەکانی سۆڤیەت لەم باروودۆخەی ئێستادا (واتە سەردەمی پرێسترۆیکا و گلاسنەست) یادداشتێکیان دەربارەی دامەزراندنەوەی ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت و پارتی کۆمونیستی سۆڤیەتی داوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی کوردناسان و زانا و نووسەر و رۆشنبیرانی سۆڤیەتە، بەتایبەتیش کوردەکانیان، کە نەک هەر لەم مەسەلەیە بێدەنگ نەبن، بەڵکو لە رووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لێی بکۆڵنەوە و بیخەنە روو. لەم قۆناخی بەسەرجەم مێژووی سۆڤیەت چوونەوەدا، ئەوانیش پێویستە چاوێک بە ئۆتۆنۆمییەکەی جاران و مافی کوردەکانی سۆڤیەتدا بخشێننەوە. وابزانم ئەمەش ئەرکێکی مێژوویی رەوایە و دەستەوسانیی لە ئاستیدا لێبووردنی نییە.

وەرگێڕ

سالی ١٩٢٤ گەشتێکی زانستی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی سەر بە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی سازدرا و منیش وەکوو ئەرکیۆلۆگ لەم گەشتەدا بەشدار بووم[١]. ئەو سەرنجانەی لە کاتی گەشتەکەدا لای خۆم نووسیومن، حەزدەکەم خوێنەرانی گۆڤاری «ئەتنۆگرافیای سۆڤیەتی» پێ ئاشنا بکەم.

ناوچەی کوردستان وەکوو ناوچەیەکی ئیداری خاوەن ئۆتۆنۆمی سالی1923 دامەزرا و شوێنێکی تەسک دەگرێتەوە، کە لە قەرەباخەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە زێی ئاراکس (ئاراس/ و). هەروەها بەشێکی ئەم ناوچە قەفقاسییانەش دەگرێتە خۆ: شوشینسکی، جیڤانشیرسکی و کوباتلینسکی. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە کوردی زمانن و بە دیالێکتی کرمانجی دەدوێن[٢].

کوردەکان لە هەموو شوێنێک - لە ئێران و تورکیا، یەکێتی سۆڤیەت لە چیا و شاخەکان جیانابنەوە و لە دەشتاییدا کەمن. ژمارەی کوردەکانی ناوچەی کوردستان (بەپێی ئەو زانیارانەی کە گەشتەکەمان سالی ١٩٢٤ لە لاچین وەدەستی خستن) نزیکەی ٣٥ - ٤٠ هەزار کەس دەبێ. گوند و لادێی تورکە ئازەربایجانەکانیش لێرەدا هەن و ژمارەی دانیشتوانیان رەنگە نۆ هەزار کەسێک ببێت، بەڵام گوندە ئەرمەن نشینەکان ئێستاکە نەماون. ئەرمەنییەکان تاوەکوو شەڕی ناوخۆیی سالەکانی ١٩١٨ - ١٩١٩ لەم ناوچەیەدا دەژیان، بەڵام پاش ئاڵۆز بوونی پەیوەندیی نەتەوایەتیی ئەم شوێنانەیان بەجێ هێشت و بەرەو ناوچەی زەنگەزووری ئەرمینیا کۆچیان کرد.

بە تەواوی نەزانراوە، کەی کوردەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و تێیدا نیشتەجێ بوون. سەرچاوە مێژووییە ئەرمەنییەکان دەڵێن، کە لە سەدەی یازدەهەمدا[٣] کوردەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران روویان کردۆتە ئێرە و جێگەیان بە ئەرمەنییەکان لەق کردووە. لە پێشدا کوردەکان لە پارێزگای یەریڤان و هەرێمی فارسی جاراندا، واتە ئەرمەنستانی تورکیا، دەستیان بەسەر ئەرزەکاندا گرت و وەکوو لەوەڕگا و زەویی کشتوکاڵ بەکاریان دەهێنا. ئەم کۆچکردنەی کوردەکان لەوانەیە پەیوەندیی بە شەڕەکانی نێوان تورکیا و ئێرانەوە هەبووبێت.

نابێ کوردەکان لە سەدەکانی پازدەهەم و شازدەهەم زووتر لە کوردستانی ئازەربایجانی ئێستادا پەیدا بووبن. پێش هەموو شتێکیش گۆرانی و ئەفسانە مللییەکانیان ئەم راستییە دەسەلمێنن. بۆ نموونە: بنەماڵەی ئیلیاسەکان لە گوندی ئوگوندار رەسەنی خۆیان بۆ دیاربەکر دەگەڕێننەوە، یاخود باسی ئەوە دەکەن کە ئەو کوردانەی لە خۆراسانەوە هاتبوون ئەرمەنەکانی گوندی شەلڤا - ئارداشیڤیان ئوناوە و وەدەرناوە[٤]، هەروەها ئەو دۆزراوە ئەرکیۆلۆگیانەی لەم ناوچانەدا بەرچاوم کەوتن، ئەوە دەردەخەن کە خەڵکی ئێرە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیانی ئەرمەنی بوون. بەڵگەی ئەوەش، کە ئەم کوردانە لە دەوروبەری سالی ١٥٩٨دا لەم ناوچانەدا جێگیر بوون، واتە لە کاتی شەڕی نێوان تورک و فارسەکاندا، ئەوەیە کە کوردەکانی ناوچەی کوردستان بە مەزهەب شیعەن (بەهۆی کارتێکردنی فارسەکانەوە)، لە کاتێکدا ئەو کوردە کرمانجانەی لە پارێزگای یەریڤانی جارانی تورکیادا دەژین، یان سووننی شافیعین یاخود یەزیدین.

ناوچەی کوردستان لە رووی جوگرافییەوە دەکرێتە سێ بەش.

یەکەم: دەوروبەری زێی ئاراس، دەشتە و کشتوکاڵی باشی لێ دەکرێ، وەکوو برنج و لۆکە. زستانانیش دەبێتە لەوەڕگای ئەو مەڕ و ماڵاتانەی لە زۆزانەکانەوە دادەبەزن.

دووەم: بنار شاخەکان، هەروەکو لەوەڕگا و پاوانی زۆری لێیە، زەویی کشتوکالیشی لێ هەیە.

سێیەم: چیاکان، بە زستانان کەم کەسی لێ دەمێنێتەوە. بەڵام هاوینان دەبنە زۆزان و لەوەڕگا بۆ مەڕوماڵاتی هەموو ناوچەکە.

گروپەی ئێمە کە گەشتی کوردستانی پێ سپێردرابوو، تەنها بە ناوچەی دووەمدا گەڕا و سەری لە ناوچەکانی یەکەم و سێیەم نەدا. ناوچەی دووەم چۆڵگەیی و شاخاویی سەختە. ئەوەی زیاتر سەرنجی ئێمەی راکێشا شاخە وشک و بێ داروبارەکان بوون. لەم شاخانەدا ئەشکەوتی زۆر هەن، کە یان تاک و تەران یاخود بە کۆمەڵ دەیان هەزار کونە ئەشکەوت پێک دێنن و ژوورەوەیان تاریک و رەش دەچنەوە. لە ئەشکەوتێکەوە بۆ ئەوی تر، یان لە کۆمەڵە ئەشکەوتێکەوە بۆ یەکێکی تر، رێچکەی زۆری تەسک و تروسکی بە شێوەی پێپلکە، کە لەبەر پێنخوستی ئاژەڵ هەموویان داتەپیون وەکوو تەونی جاڵجاڵۆکە تێکەڵ بەیەک دەبن. دەوروبەر چۆڵ و تەرار بێدەنگە. دەڵێی بە گۆڕستانی خەڵکی جارانی ئەم شوێنەدا تێپەڕ دەبیت[٥]. ئەو کونە ئەشکەوتانەی کە خەڵکیان تێدا دەژین، لە

دووڕا دیارن. چیایە زەق و وشکەکان تەنها بە هۆی دەرگا دارەکانی کونە ئەشکەوتەکانەوە سیمای ژیانیان پێوە دیارە و دووکەڵی ئاگردانەکانیان لە درزی ئەشکەوتەکانەوە بەرز دەبێتەوە لەبەردەم هەر دەرگایەکدا تەپاڵەی زۆر لەسەریەک کەڵەکە کراوە، بەرزایی ئەو تەپاڵانە رادەی دەوڵەمەندیی ماڵەکە دەردەخات. هەروەها گومبەتی کا لە گۆڕەپانەکاندا بەدی دەکرێن. هەر پارچە زەوییەک کە بکێڵدرێ کراوە بە باخچە یان شینایی لێ کراوە. لەسەر ئەو جۆگەلەیەی بە چیاکەدا شۆڕ دەبێتەوە، ئاشێکی ئاو هەیە کە لە تاشەبەرد بینا کراوە و سەرەوەشی گڵەبان کراوە.

بە ڕێچکەکاندا خەڵک دەڕۆن، منداڵەکان یاری دەکەن، وڵاخەکان بە بارەکانیانەوە بە ڕەحەتی دەڕۆن. بەیانیان زوو لەناو قووڵایی ئەشکەوتەکانەوە پەز و ڕەشەوڵاخەکان دەردەچن و بە ڕێچکەکاندا دەڕۆن تا هەموویان دەگەنە یەک و ران و گاران پێک دێنن، ئینجا بەرەو لەوەڕگای سەر چیاکان لێیان دەخوڕن. ئێوارانیش کە بەرەو لادێ دەیانهێننەوە، ئاژەڵەکان یەکەیەکە بڵاوەی لێ دەکەن و بۆ کونە ئەشکەوتەکانی خۆیان دەچنەوە.

لە ناوچەی کوردستاندا دوو جۆرە ئەشکەوتە خانوو هەن:

١- ئەشکەوتەخانووی دەستکرد:

أ- لە بەرە نەرمەکان شاخدا هەڵدەکۆڵدرێ و دەرگاکەی بە شێوەی بۆرییە و درێژیی مەتر و نیوێک دەبێت (ئەو مەتر و نیوەش دەبێتە ئەستوورایی دیواری دەرەی ئەشکەوتەکە). ئەم جۆرە ئەشکەوتانەم لە گوندەکانی عەبدالیان، کاریکەئاس، سەندلیار و مینکەند وەبەرچاو کەوتن. ئەمانە ئەشکەوتی گەورە نین، یان خەڵک تیایاندا دەژی یا مەڕ و ماڵاتی تێ دەکەن. هەرگیز نەمدیت کە خێزان و ئاژەڵ بەیەکەوە لەم ئەشکەوتانەدا بژین.

ب- لە گڵەزەردە، بە شێوەیەکی خڕی کەوانەیی هەڵدەکەندرێ، دیوارەکانی بە قوڕ سواخ دەدەن و دواییش بە ڕیزەبەردی یەک لەسەریەک دادەپۆشرێ، یان دیوارێکی بەبەردی ئەستوور لە پاڵدا دروست دەکەن. لەم دیوارانەدا کونێکی تەسکی تێدا دەهێڵنەوە و بە دار چوارچێوەی بۆ دەکەن و دەرگای تێ دەگرن. هەروەها چەند کونێکی بچووکیش لە دیوارەکەدا دەهێڵنەوە بۆ ئەوەی ببن بە پەنجەرە و کولانکەی دووکەڵ.

٢- ئەشکەوتە خانووی سرووشتی - ئەمیش دوو جۆری هەیە:

أ- ئەشکەوتی درز- وێنەی درزێکە کەوتبێتە شاخەکەوە. بەرزایی بەقەد باڵای زەلامێک دەبێت، بەڵام قووڵ و بەشاخەکەدا ڕۆچووە. لە هەندێکیاندا چەند نهۆمێکی یەک لەدوای یەک هەن و بەناو ئەشکەوتەکەدا ڕۆ دەچن. ئەمانە دەبن بە تەویلەی زستانانی مەڕوماڵات و جێگەی هەزا تا سێ هەزار سەریان لێ دەبێتەوە. ئەم بابەتە ئەشکەوتانەم لە گوندەکانی: ڤیزیلیا، پیرچانێ، داشلو، مینکەند، مەلا ئەحمەد لو و بۆزلو وەبەرچاوکەوتن*.

ب- ئەشکەوتی گەورە، ئەو بۆشاییە سرووشتیانەن کە دەکەونە شاخەکانەوە. ئەم جۆرە ئەشکەوتانە بۆ هەڵگرتنی کا و ئاخەڵی زستانەی هەموو گوندەکە بەکاردێن، چونکە لەبەر گەورەیی و سارد و سڕی بۆ ئاژەڵ بە کەڵک نایەن. لە نزیک گوندەکانی مەلا ئەحمەد لو، بۆزلو و قەرەقیشلاخەوە ئەم جۆرە ئەشکەوتانە هەن.

ناوەوەی ئەشکەوتە خانووەکان هەموویان وەک یەکن. ئەگەر یەکێک پەزی زۆری نەبێت، ئەوا هەر لە ماڵی خۆیدا ڕایاندەگرێ. بە دیوارێک سەرێنگانی ئەشکەوتەکەیان بۆ جیادەکاتەوە و ماڵەکەش لە بەشی پێشەوە دەبێت، واتە لە کاتی هاتوچۆدا مەڕوماڵات بەناو ماڵەکەدا تێدەپەڕن. ئەمەش بە مەبەستی پاراستنیانە، چونکە هەموو کەسێک توانای ڕاگرتنی پاسەوانی تایبەتیی نییە. ئەگەر یەکێک مێگەلێکی زۆری هەبوو ئەوا ئەشکەوتێکی تایبەتییان بۆ دەکاتە گەوڕ. لە هەموو حاڵەتێکدا گەوڕ زۆر تاریک و پیسە.

ئەو بەشەی خێزانی لێ دەژی لە هەموو ئەشکەوتەکاندا وەکوو یەکن. لەبن دیواری لای دەرگاکەوە ئاگردان هەیە (چونکە کولانکەی دووکەڵ بەسەر دەرگاکەوەیە). ئاگردان لە سێ یان چوار کوچکەبەرد پێکهاتووە، مەنجەڵی مسی گەورەی بۆ چێشت لێنان و سێل (ساج) بۆ نانکردنی لەسەر دادەنێن. کاتێک کە تەپاڵە دەخەنە ئاگردانەکەوە دووکەڵێکی زۆر و بۆنتیژ لە ماڵەکەدا پەنگ دەخواتەوە و لە کولانکەکەوە دەردەچێت. لای ژوورەوەی دیوارەکان چەند دەلاقەیەک هەن کە نوێن و شتی تریان لێ دادەنێن. یاخود لە جیاتی دەلاقە چەند تاشەبەردێک لەسەریەک دادەنێن و فەردە جۆ و برنج و گەنمەشامی و کونجییان لەسەر قووچ دەکەنەوە. لە ماڵە هەژارەکاندا بەرۆژ نوێن و شتی تر لەسەر ئەم فەردانە هەڵدەچنن. لە هەردوو حاڵەتدا نوێن و زەخیرە بە بەڕە و لبادی دەستکرد (خۆیان «کلیم»ی پێ دەڵێن) دادەپۆشن.

کوردەکان لەسەر ئەرز دەنوون. لەسەر ئەرزە گەسک دراوەکە لباد ڕادەخەن و لەسەرئەویش دۆشەکی پڕ لۆکە و لێفە (کە لە جیاتیی لۆکە خوریی تێ دەکەن) بەخۆیاندا دەدەن. هەژارەکانیش شەوان بەڕەیەک ڕادەخەن و جلی زستانەش بە خۆدا دەدەن.

نزیکەی لە هەموو ماڵەکاندا، جگە لە ئاگردان، تەندووریش هەیە، کە لە قوژبنێکدا وەکوو بیر لە زەویدا هەڵکەندراوە و ناوەوەی بە قوڕ سواخ دراوە، نان و کولێرە و لەواشەی پێ دەبرژێنن. بەشەوان تەندوورەکە ئاگر دەدەن و بەرماڵێکی بەسەردا دەدەن و بەدەوریدا هەرکەسەو لە ڕاستی خۆیەوە ڕادەکشێ و قاچەکانی دەخاتە ژێر بەرماڵەکەوە**.

کوردەکان هەروەها بۆ نانخواردنیش لەسەر زەوی دادەنیشن، لەلای ئاگردانەکەوە بەڕەیەک ڕادەخەن و بەعادەتی ڕۆژهەڵاتییان بەچوارمەشقی لەسەری دادەنیشن[٦]. خواردەمەنییەکان بە زۆریی سپیایەتییە: شیر، پەنیر، ماست، دۆ، ڕۆن، برنج بە شیر، ساوەر بە شیر. تەنها لە ڕۆژانی جەژن و ئاهەنگ یان میوانداریتیدا گۆشت دەخۆن. نانیشیان کولێرەی جۆیە کە لەسەر ئاگردان دەیکەن و لەواشەش بە تەندوور دەبرژێنن. هەروەها ئەو سەوزە و گیا و گژڵەی کە خۆشیان دەیانچینن، بۆ خواردن بەکار دێنن. ئافرەت خواردن ئامادە دەکات و بۆ خۆیان و بۆ میوانانیش لەسەر خوانچەیەک لەسەر ئەرز

* - لە کوردستانی عیراق، لە ناوچەی خۆشناوەتیدا بەم جۆرە ئەشکەوتانەی کە دەبنە گەوڕی مەڕوماڵات، دەڵێن "کونە ورسە". ناوی گوندی "کونە فلوسە" هەر لەمەوە هاتووە. وەرگێڕ.

** - ئەمە لە کوردستانی ئێران باوە و (کورسی) پێ دەڵێن. وەرگێڕ.

دایدەنێ. پێش نانخواردن لەسەر دەستشۆر دەستەکانیان دەشۆن و هەر بە دەستیش نان دەخۆن. شلە و هێلکە و رۆن و ماست بە لەواشە پارووی لێ دەدەن و دەیخۆن. لەگەڵ خواردندا ماستاو دەخۆنەوە. رۆشنکردنەوەی ئەشکەوتەکان بەهۆی دەرگا هەمیشە والاکانیانەوەیە. شەوانیش قەندیلە دادەگیرسێن. قەندیلە لە قوڕی وشککراوە درووست دەکرێ، هەندێ نەوتی تێ دەکەن و فتیلەی بۆ دەکەن، کە نیوەی دەکەوێتە ناو نەوتەکەوە و نیوەشی لە دەرەوە دەبێ و دایدەگیرسێنن[٧].

هاوینان هەموو ئیش و کاروبارێکی ناوماڵ لە گۆڕەپانە بچووکەکەی بەردەرگا دەکرێ. هەر لەو شوێنەشدا ئامێری درووستکردنی مافوور و چۆغ (دارتەون و جۆلایی) دادەندرێن و وەکاردەخرێن. زستانانیش لە دەوری ئاگردان، کە لەگەڵ قەندیلەکەدا ناوماڵ تۆزێک رووناک دەکەنەوە، کاروبار هەڵدەسووڕێندرێ.

جگە لەم ئەشکەوتانە، کوردەکانی ئەم ناوچەیە جۆرە خانوویەکی تریشیان هەیە پێی دەڵێن (قەرەدام)، ئەویش هەر لە زەویدا هەڵدەکەندرێ و تیایدا دەژین و جارجارەش خانووی وا دەکەن بە گەوڕی مەڕومالات. هەروەها خانووی ساکلا هەیە کە جۆرە خانوویەکی قەفقاسییە، بەڵام ئەمەیان کەمتر بەرچاو دەکەوێ. بۆ درووستکردنی ساکلا - دیوارەکانی بەبەرد دەکەن و بەرهەیوانێکی لە پێش دەرگاوە بۆ دەکەن[٨]. ژوورەوەی قەرەدام و ساکلا لەرووی رێکخستن و بژێوی دووکەڵی تەپاڵە و ماست و دۆوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەشکەوتەکاندا نییە.

خانووی لە تیپی خوارووی قەفقاس تەنها لە گوندەکانی پیرچان و مینکەند بەرچاودەکەون.

لەم ناوچەیەدا تەنها یەک جێگەم بینی کە پەرستگای (ئاییر)ی پێش ئیسلامی لێ بێت*. لە نێوان گوندەکانی کیزیلاف و سیندلیاردا، لە شوێنێکی شاخاویی گەرمەسێر و چۆڵدا، ئاسەواری گوندێکی کۆن هەیە و لە نزیک ئەوێشدا پەرستگایەکی کۆن بە ناوی (یانیچ یوگورووک) هەیە کە ماناکەی دەبێتە (لانکی سووتاو)[٩] پەرستگاکە خۆی و تاقە دارە بێ هێزەکەی و بنە درەختەکەی لەناو شاخ و بەردە بێگیانەکاندا دیمەنی مێرگ دەبەخشن. بە شێوەی لاکێشی دیواری لەبەردی بەدەوردا کراوە و پانایی دیوارەکان مەترێک و بەرزاییەکانیان ١,٢٥ م دەبن، بەڵام بانی نییە، دەرگاکەشی کونێکی لاکێشە و تاشەبەردێکی زلی بەسەرەوەیە، بەجۆرێک کە دەچیتە ژوورەوە دەبێ سەرت زۆر داگری. زەوییەکەی بەردڕێژ کراوە، لە ناوەندیشییەوە ئاگردانێک هەیە، لەملاتری ئاگردانەکەوە کەپرێکی لەدار دروستکراو هەیە و سەرەکەی دوو لای نشێوە و بە شەپکەدار گیراوە. بەرزایی کەپرەکە ٧٥سم دەبێ، پارچە پەڕۆ و بووکی لەپەڕۆی پێوەکراون. پارچە پەڕۆ لەو قۆپەنە نەمامەشدا هەڵواسراون، کە لە نزیک ئاگردانەکەوە شین بووە. کورد کە نەزرێک لە خۆی دەگرێ یان بۆ شتێک لە خوا دەپاڕێتەوە دەبێ لەم شوێنە بیکات و پەڕۆیەک بە لقێکی دارەکەوە گرێ بدات. ئەم داب و نەریتە ماگیبە** لە خوارووی قەفقاسدا باوە و بە پەرستنی دار یان قۆپەنەدار لە قەڵەم دەدرێ. بە رای من گۆڕی یانیچ یوگو رووک هەرچەندە رەگ و تۆخمی ئاگرپەرستی و ئایینە وەسەنییە کۆنەکانی پێوە دیارە، هەروەهاش پاشماوەی کڵێسەیەکی دیانییە (مەسیحی)یە کە تەنها زەوی و تاقەکانی ماون. لە قەفقاس لای موسوڵمانەکان رێزگرتنی پەرستگای دیانی کۆن وەکوو ئاسەواری ئیسلامی پیرۆز (کە ئەمانەش رەنگە لەسەر بناخەی پەرستگای ئایینی کۆنتر دامەزرابن) زۆر باوە[١٠].

ئەم پەرستگایە (مەبەستی یانیچ یوگز رووکە - و) کەوتۆتە ناوەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەوە. گۆڕەکان بەسەر گردەکانیشدا هەڵگەڕاون و دیسان دابەزیونەتە خوارەوە... کێلە قەبرەکان (هەندێکیان بە شێوەی بەران و ئەسپ داتاشراون) لەگەڵ رەنگی چیاکان تێکەڵ بوون. هەروەها لە گۆڕستانی گوندەکانی شەلوا، مینکەند، قەرەقیشلاخ پەیکەری بەران و ئەسپی سەر قەبرەکان زۆر بە ناڕێکی لە بەرد داتاشراون[١١]. بەتایبەتی بەرانەکان زۆر ناشیرینن، بەردێکی تاشراو لەسەر دوو پێچک دانراوە. هەندێکیان تەنها سەر و بە ئاستەم شاخەکانیان نەخش کراون و قاچەکانیش بەبێ نەقش تەنها دیار کراون. لەسەر پشت یان تەنیشتی هەندێک لەم پەیکەرانە نەقش و نیگاری وا هەیە کە لە هونەری بیناکردنی (ئەرکیتێکتۆرە)ی مەسیحی ئەرمەنی و جۆرجیاییدا بەرچاو دەکەون. جاری واش هەیە نەقش و نیگارەکان وێنەیەک لە ژیان نیشان دەدەن، بۆ نموونە: لە گوندی قەرەقیشلاخ لە لاتەنیشتی پەیکەری بەرانێکدا وێنەی پیاوێک هەیە کە دوو بازی بە هەردوو دەستی گرتوون و لە ژێرێشەوەی نیشانەیەکی بە شێوەی رۆژ هەیە و لە تەنیشتیشیەوە بزنێکی کێوی و لە ژێر ئەمیشدا شیشێک هەیە و چەند پارچە گۆشتێکی پێوەیە. هەر لەم شوێنەشدا لەسەر پەیکەری ئەسپێکا وێنەی دوو زەلام هەیە و شەڕ دەکەن. یەکێکیان خەنجەرەکەی خستۆتە قوڕگی ئەوەکەی تر کە بە خۆی و شمشێر و کەوانەکەیەوە وەستاوە. لە گوندی شەلوادا وێنەی دووپشکێک لەسەر پەیکەری ئەسپێک کراوە. دووپشکەکە لە جووڵانەوەدایە، بۆیە وێنەکەی لە خاچێکی تێکشکاو دەچێ.

هەر لە گوندی شەلوادا کە گۆڕستانەکەی نزیک کڵێسەیەکی ئەرمەنییە، کێلەقەبری بەرزی یەکجار زۆر هەن و هیچیان لەسە[ر] نەخش نەکراون. لەلای رۆژاوای کڵێسەکەوە وێنەیەکی شانۆی را[و] لەسەر کێلەقەبرێک هەیە. ئەلێنیک*** کە شاخێکی بە لق و پۆپ[ی] هەیە، وەستاوە. زەلامێک لە تەنیشت ئەسپەکەوە تیری خستۆتە د[ە] کەوانەکەیەوە (هەر لەسەر ئەم کێلەش خاچێک یان تیپ[ە] «حەرف»ێکی ئەرمەنی نەخشێنراوە). هەروەها کێلەقەبر[ە] ئەرمەنییەکان جێگەی سەرنجن، دیمەنی مردوویەک لەناو کفنەکەی

* - رەنگە مەبەستی (ئاییرگ) بێت کە خوای دارستان و راوکردنی میللەتی ئەبخازی قەفقاس بوو. وەرگێڕ.

** - ماگیا - باوەڕ بەوەی کە هەندێ وشە یا جۆرە کارێک یان شێوە سەمایەک هێزی لە سروشت بەدەریان هەبێت و لە بۆنەی تایبەتیدا پەنایان بۆ دەبەن. بە رای زۆر [...] ئایینی ئاسان (ماگیا) یەکەم و سادەترین شێوەی ئایینە لە مێژوودا. وەرگێڕ.

*** - ئەلێن - جۆرە حەیوانێکە لە سیبیریا و ئەسکەندناڤیا دەژی و قۆچی بە لق و پۆی بەناوبانگە. رەنگە ئەمە وێنەی حەیوانە کێوی بێت. چونکە ئەلێن لە قەفقاس کوردستاندا نییە. وەرگێڕ.

**** - نووسەر روونی نەکردۆتەوە کە پێش ئەم نیوسەدەیە کوردەکان پیشەیان چی بووە. وەرگێڕ.

نیشان دەدەن، یاخود دیمەنی دوو ماری لەیەک ئاڵاو هەیە (لەسەر ئەم کیلانە، وا دەبێ، تیپێکی ئەرمەنی یان خاچێک نەخش کراوە).

پیشەی سەرەکیی کوردەکانی ئەم ناوچەیە، لە ماوەی نیو سەدەدا**** شوانکاری و کشتوکاڵە.

باخچەوانی، هەنگ بەخێوکردن[12] و مافووردروستکردن[13] کە لەم ناوچەیەدا بەرچاودەکەون، ئەو بایەخە ئابوورییەیان نییە. زەرییە شاخاوییەکان، کە بە ئاستەم خۆڵیان بەسەرەوەیە بەرهەمێکی ئەوتۆی دەغڵ و گیا و گوڵ نادەن. بۆیە بە پارەی ئەو مەڕ و ماڵاتەی (یان بەرهەمەکانیان) کە دەیانفرۆشن، لە دەشتەکانی قەرەباخ دەغڵ و دان دەکڕن. هەروەها ئەو شت و بەرهەمانەی کە ژنەکان لە هاوینا ئامادەیان دەکەن، بە گەنم دەیانگۆڕنەوە.

زەوی کێڵان بەسادە و ساکارترین ئامێر دەکرێ، بۆیەش بەرهەمەکەی زۆرکەم دەبێ. جگەلەمە، لەبەرئەوەی ئەرزەکان بەرار نین، زۆرجاران تووشی کارەساتی سرووشتی دەبن، ساڵی وشکی، بارانی زۆر، بارانی هاوینان و ئەوەی چاندراوە لەناو دەچێ.

زەوی بە گاسنی دار دەکێڵن و کەستەکە خۆڵەکان دادەکوتن و دای دەچێن. دوای دروێنە، سواڵەکان کۆ دەکەنەوە و بەهۆی تەختە دارێکەوە کە وردە بەردی تێگیراون و دوو گا بەسەر خەرمانەکەدا رایدەکێشن (مەبەستی جەنجەڕە - و) گەنمەکە دەکوتن. ئنجا شەنەبای دەکەن و لە ناو بێژنگان بە ئاوی جۆگەلەکان دەیشۆنەوە، دوایی لەسەر رایەخ لەبەر هەتاو هەڵی دەخەن و وشکی دەکەنەوە و لە ئاشی دەکەن.

ژمارەی ئەو مەڕ و ماڵاتانەی کە زستانان لە گوند دەمێننەوە

بەرادەی هێزی کارکردنە، کە چەند دەتوانێ گا ئامادە بکات[14].

پایزان چەند خێزانێک بەشی زۆری مەڕ و ماڵاتی گوندەکە بۆ دەشت و لەوەڕگا زستانییەکانی کەراکسو دەبەن، خێزانەکان لەم شوێنە تاکوو بەهار کاری جووتیاری بەکرێ دەکەن. بەهاران لەگەڵ ئاژەڵەکانیان بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئنجا دوای ئەرز کێڵانی بەهاران و کاروبار تری کشتوکاڵی چەند خێزانێک ماڵاتی گوندەکە بەرەو زۆزانان دەبەن، ئەوانی تریش بۆ کاروبار کشتوکاڵ لە گوندی دەمێننەوە.

ژن و پیاو و منداڵ بەشداری لە کاروباری کشتوکاڵدا دەکەن. لە ماڵیشەوە تەنها ئافرەت ئیش دەکات. جگەلەوە، ژنەکان لە باخچە و بێستانەکانیش کار دەکەن، حەیوان بۆ لەوەڕگا دەبەن، تەپاڵە کۆدەکەنەوە، مافوور دەچنن، گۆرەویی خوری بە نەقش و نیگارەوە دەچنن. داوەبەنی خوری کە بۆ مافوور و گۆرەوی دروستکردن پێویستە، دیسان هەر ئافرەت خەمی لێ دەخوات و باش دەزانێ رەگی کامە گیا بۆ رەنگ کردن بەکەڵک دێت. لەگەڵ ئەم هەموو کارانەشدا. ئافرەت منداڵە بچووکەکەشی هەر بە کۆڵەوەیە. منداڵەکە ئەگەر زۆر ساوا بێت ئەوا بە پەڕۆیەک لە پشتی خۆی قایمی دەکات، ئەگەر تۆزێکیش گەورەتر بێت، بەدەست و قاچی، خۆی لە پشتی دایکی گیر دەکات. منداڵەکان بە گشتی پیس و پۆخڵن، بەڵات تەندرووست و عەنتیکە و بەزەوقن. جل و بەرگی کەمیان لەبەردایە، چمکی بلووز و فانیلە دڕاوەکانیان بەسەر شان و ملیانەوە دەشەکێتەوە. بەتایبەتی کوڕەکان، لە پشت را هەتا ناوقەد و لە بنشەوەش هەموو لەشیان رووتە، زگە پۆخڵ، و پف دڕاوەکانیان هەموو

دەمێک لە گۆڕینە و لەبەر هەتاو رەش داگەڕاون. لەتەمەنی ٦-٧ساڵیدا ئیش و کاری ناوماڵ بە منداڵ دەکەن. کوڕەکان یارمەتی شوانان دەدەن و کچەکانیش کاروبار خوری و دروومان هەڵدەسوڕێنن و چێشت لێدەنێن.

لەناو کوردا پیشەزان گەلێک کەمن. دوای کاروباری کشتوکاڵی و شوانکارەیی، هەرکەسەو ئەو شتانەی پێویستیەتی لە دار یان لە چەرم لەماڵەوە خۆی دروستیان دەکات. تەنها دارتاشی و ئاسنگەری نەبێت کە پسپۆری تایبەتییان گەرەکە، وردەکارەکانی تر بۆخۆیان دەیکەن. پیشەزانە ئەرمەنییەکان، کە پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵیاندا هەیە داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەن. ئێستا تفاق و ئامێری لە ئاسن دروستکراوی فابریکە و کارخانەکانی وەکوو: گاسن، داس، بزمار و ...هتد دەکەونە بەردەستی کوردەکان.

بێجگە لە شوانکارەیی و ماڵات بەخێوکردن، تەنها لێزانی و پسپۆری کە هەیانبێت، هونەری گوتنی گۆرانی تورکی و بەکارهێنانی تار و دەف و زوڕنا (سازانداری)یە. لە گوندی مەلا ئەحمەدلو هەندێ گۆرانی بێژ هەن کە لە هەموو ئازەربایجاندا بەناوبانگن و هەر بە بەهاران بۆ گوندەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە و کاروباری کشتوکاڵی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

باری ژیانی ئافرەتی کورد زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ نەک هەر ئافرەتی تورک، بەڵکو ئافرەتی هەموو میللەتانی رۆژهەڵاتی هاوسێیان. ئافرەتی کورد پەچە دانادانەوە و هەردەم دەم و چاوی بەدەرەوەیە، تەنها پیرەژنەکان بە چارۆگە دەم و لووتیان هەڵدەپێچن. ئافرەت بە ئازادی لە ماڵ دەردەچێ و تێکەڵی خەڵک دەبێ، گفتوگۆ و گاڵتە و گەپ دەکات، زۆر بە ئاسایی هەڵس و کەوت دەکات، لە هەمان کاتیشدا گرانی و سەنگینیی خۆی لەگەڵ پیاودا دەپارێزێ و هەرگیز ناگاتە رادەی سووکایەتی. کە پیاو لە ماڵدا نابێت دایکی منداڵان پێشوازی میوانان دەکات و بەخێرهاتنیان دەکات و نانیان دەداتێ و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات. ژنی کورد هەروەکو پیاو شارەزای چەک بەکارهێنانە و سواری دەزانێ. ئەگەر دایکی منداڵێک بەهۆی جوانی یان زیرەکی یا ئازایەتی ... هتد و بەوە جێگەیەکی تایبەتی لەناو کۆمەڵدا هەبێت، ئەوا منداڵەکە بەناوی دایکییەوە بانگ دەکرێ. دایک هەروەکو باوک ناو لە منداڵەکەی دەنێت.

ژن هێنان لێرە، زۆربەی جار، بە رازی بوونی هەردوو لا دەبێت و پێش ئەوەش دڵدارییان لە بەیندا دەبێت. بەڵام دەشبێ کە منداڵەکان هەر لەناو لانک لەیەک مارە بکرێن. هەر لەو کاتەوە کە دایکەکان سکیان بوو، لەنێوان یەکتری لەسەر ئەوە پێکدێن. کچ کە شوو دەکات دەبێ کچایەتیی خۆی پاراستبێ، ئەگینا رۆژی دوایی بۆ ماڵی باوکی دەیگێڕنەوە. ئافرەت دەبێ دڵسۆزی مێردەکەی بێت، بەڵام ئەمە هەموو جارێک وا نابێت. سەربەستی ئافرەت لەناو ماڵدا رێگەی دەدات بەکەیفی خۆی بکات. ئەمەش دەبێت بە نهێنی بێت، چونکە ئەوەی غایەنی لە مێردەکەی خۆی بکات، دەکەوێتە بەر نەفرەتی هەموو گوندەکان. بێحەیایی لای کوردەکانی ئێرە باوی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا رووداوی تاک و تەرا هەر دەبێت.

هەرچەندە ژن زۆری لە ناو کورداندا، بەبۆنەی ئەوەی کە موسوڵمانن، رێگەی دراوە، بەڵام دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە. تەنها ئەگەر یەکێک زۆر دەوڵەمەند بێت، ئەمیش لە دوو ژن زیاتر نابێت. لە کاتی مارەبڕیندا باوک مارەییەکە (باشلیق) وەردەگرێ، لە چ

ئەوە دەبێ بارگە (جیازی) بۆ کچەکەی بکات، کە پارەیەکی زێتریشی تێ دەچێ. بووک بارگە لەگەڵ خۆی بۆ ماڵی مێردی دەبات و دەبێتە موڵکی تایبەتیی خۆی. بارگەی بووک بە گشتی، لەمانە پێکهاتووە: ئەسپ، مەڕ و ماڵات «مەڕ، بزن، چێڵ»، جل و بەرگ، نوێن، ماڤوور، لباد، قاپ و قاچاخ... هتد.

لە کاتی جیابوونەوەدا، ئافرەت ئەم شتە تایبەتییانەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی خۆی دەباتەوە. لای کورد ژن خوازی لەناو خزمدا باوە، بۆ نموونە: ئامۆزا، خاڵۆزا، بن ئامۆزا.... بەمردنی مێرد، ژن نابێتە خاوەن ماڵ، بەڵکو کوڕی گەورە شوێن باوکی دەگرێتەوە، چونکە سەربەستیی ئافرەت هەرچۆنێک بێت، وەکو دابێکی ڕۆژهەلاتی، خاوەن ماڵ دەبێ پیاو دەبێت.

ئەنجامی ئەو سەرنجە ئەتنۆگرافیانەی دەربارەی ژیانی کوردە لادێییەکانی ئەم ناوچەیە وا نیشان دەدات، کە هێشتا پاشماوەی ژیانی ڕێکخراوی بنەماڵەییان تێدا ماوە.(١٦)

هەیکەلی بنەماڵەیی کوردان زۆر باش خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەنوێنێ: درووستکردنی تەپاڵە، کۆکردنەوەی کا، مەڕ بڕینەوە، هەرەوەز بۆ خانوو دروستکردن و بۆ کاروباری تر، کە میوانداریەکی گەورەی خاوەن کارەکە بە دوادا دێت. پاشماوەی ڕێکخراوی بنەماڵەیی و ئابووری لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕی کەلوپەل تا ڕۆژی ئیمڕۆش هەر ماوە، بۆ نموونە: ڕەوشتی میوان پەروەری.

لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری مۆڵەتی نەدا کە گۆڕان و گواستنەوە لە دەوری خزمایەتیی بنەماڵەییەوە بۆ قۆناخی دەرەبەگایەتی ڕێگەی ئاسایی خۆی بگرێتە بەر، بۆیە دەرەبەگایەتی لە ناویاندا بەتەواوی سەقام گیر و چەسپاو نەبوو. خانەوادەی سوڵتان، یەکەم کەس بوون دەستیان بەسەر زەوی و زارەکاندا گرت و دەسەلاتی فیۆدالانەی خۆیان چەسپاند. بەلام

لەبەر بێهێزیی چینایەتییان، بۆ پشتگیری، پەنایان بۆ خانە تورکەکان یان بۆ دەوڵەتی رووسی دەبرد. دوا هەوڵدانیان بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتی چینایەتیی خۆیان لەو ڕق و دوژمنایەتییە نەتەوەییەدا دەرکەوت، کە لەگەڵ کوردە چەکدارەکانی موساڤیتیدا لە دژی ئەرمەن نواندیان*.

لە سەرەتای فەرمانڕەوایی سۆڤیەتیدا هەموو زەوییەکان خۆماڵی کران و ڕێگە لە چەوساندنەوەی ڕاستەوخۆی دەرەبەگایەتی گیرا. چەوساندنەوەی پۆشراو، بێگومان، تاکو ئێستاش کۆتایی پێ نەهاتووە. بۆ نموونە، دەوڵەمەندەکان مەڕ و ماڵاتی خۆیان لەگەڵ هی هەژارەکان بۆ لەوەڕگا دەنێرن، یان لەبری ئەوەی کە ئامێرەکانیان پێ دەدەن، زەوییان پێ دەکێڵن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە چەوساندنەوانە وەکوو جاران سەر بە کوردە هەژارەکان -کرێکار، جوتیار، شوان- دانانەوێنێ و ئەمان هەمیشە ڕێگەی تێکۆشان هەر دەدۆزنەوە و پاشماوەی فیۆدالی هەر لەناو دەبەن.

بەلام لەناوچوونی ڕێکخراوی بنەماڵەیی و جێنشین کردنی شوانکارەکان و زەوی پێدانیان، لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا، خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی زیندووی پەیدا بوونی پەیوەندیی دەرەبەگایەتین، بۆیە پێویستی بە هەوڵ و بایەخ پێدانی مێژوونووسانی قۆناخە کۆمەلایەتییەکان هەیە**.

پەراوێز

(١) - ڕێکخراوی زانستیی سەر بە کۆمیتەی گشتی پشت قەفقاسەوە گەشتێکی زانستی بۆ ناوچەی کوردستانی ئازەربایجان و قەرەباخ و ناوچەی زەنگەسووری ئەرمەنی سازدا. لە گەشتەکەدا هەشت کەس بەشدارییان کرد: ئەتنۆگراف گ. ف. چووروسین - سەرۆکی گەشت، زمانەوان و ئەتنۆگراف و ئەرمەنی ناس س. د. لیسیتسیان، تیپیگراف و ئەرمەنی ناس س. ڤ. تیراڤیتسیان، زمانەوان و کوردناس لازۆ، ئیکۆنۆمیست ت. ن. ئەتابێکیان، ئیکۆنۆمیست س. ف. کاچێکیان، ئەرکیۆلۆگ بی. گ. پچێلینا، قوتابیی کۆلیجی کشتوکاڵی سەر بە دانیشگای پۆلیتێکنیکی تفلیس - ن. گ. ستێپانیان وەکوو وێنەکێش لەگەڵماندا بوو.

گروپەی گەشتی کوردستان لەم کەسانەی خوارەوە پێک هات: ک. ف. چووروسین، لازۆ، ت. ن. ئەتابێکیان، بی. گ. پچێلینا، ن. گ. ستێپانیان. لە کۆمیتەی ڕاپەراندنی پارتی کۆمۆنیست لە ناوچەی کوردستاندا موسێیب ئیلیاسۆن و لە مینکەندیش ڕا سەمەد شاسواروڤ (بۆ کاری ئەتنۆگرافی) بەگەڵمان کەوتن.

قۆناخی ڕێگاکانمان لە کوردستاندا بەم جۆرە بوو: تفلیس، یەڤلاخ بە شەمەندەفەر، یەڤلاخ - بێردەئا - ئەگدام بە ئۆتۆمبێل، ئەگدام - ستێپانەکەرت - شوشە - لیسەکۆرسک - ئەبدیلیار - لیچین بە عەرەبانە (پەیتون). لە لیچین (مەڵبەندی ناوچەی کوردستان) ڕا تاکو ئیستگەی شەمەندەفەری ناخچەوان بە سواری ئەسپ بەم شوێنانەدا چووین: لیچین، کاریکە ئاسی، کیزیلیاو، بانیچ بوگورووک، سیدلیار، پیرجانی، داشلو، شالوا، شیلانلی، مینکەند، مەلائەحمەدلو، بازلو، کەرەکیشلی، ئاگوگلان (سنووری ناوچەی کوردستان لەگەڵ زەنگە سوور)، لەمەودوا بە زەنگەسووردا. (تێبینی: لێرەدا نووسەر ناوی ئەو شوێنانەی هێناوەتەوە کە لە زەنگە سوور پێیدا تێپەڕبوون- بەپێویستم نەزانی وەریانگێڕم. وەرگێڕ).

(٢) - ڤ. ف. مینۆرسکی کورتە باسێکی دەربارەی کوردەکانی ناوچەی کوردستانی ئازەربایجان هێناوەتەوە لە وتاری: «کوردەکان، سەرنج و تێڕوانین» گۆڤاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ژمارە سێ، پیترۆگراد ١٩١٥ ل ١٩١. هەروەها س. ئا. بەگیزاروڤ « کورتە باسێکی ئەتنۆگرافی دەربارەی کوردەکانی پارێزگای بەریڤان» بڕوانە: ڕاپۆرتی کۆمەڵگای جوگرافی ئیمپراتۆریی ڕووسیا - بەشی قەفقاس، کتێبی ١٣، بەرگی دووەم، پەراوێزی ژمارە دوو. وتاری ئەندامی

* - موساڤیتیەکان - هێزێکی چەکداری ئازەربایجانی بوو لە دژی دەسەلاتداریتی سۆڤیەتی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئیمپریالیستەکان دەکرد، بۆ جیاکردنەوەی قەفقاس لە ولاتی شوورەوی. وەرگێڕ.

** - خزمایەتیی بنەماڵەکان لە قۆناخی دەرەبەگایەتیشدا دەورێکی باڵا دەبینن. نووسەر لە دەست نیشانکردنی کاتی پەیدابوونی پەیوەندی دەرەبەگایەتی (کە دەڵێ: لە ڕۆژانی ئیمڕۆدا - واتە سەرەتای سەدەی بیستەم) مەبەستی نەپێکاوە... پەیوەندی دەرەبەگایەتی زۆر زووتر لەناو کوردەواریدا پەیدا بووە. نووسەر کارێکی باشی کردووە ئەمەی ڕووبەڕووی مێژوونووسانی قۆناخەکەی کردۆتەوە. وەرگێڕ.

گەشتەکەی ئێمە گ. ف. چوورسین «کوردەکانی ئازەربایجان» بڕوانە: گۆڤاری ئینستووتی مێژوو و ئەرکیۆلۆگیای قەفقاس لە تەفلیس، ژمارە ٣، تفلیس ١٩٢٥ ل ١-١٦.

ئێستا کوردەکان بەهێزی پەیوەندی ئابووریی بەتینەوە لەگەڵ تورکزمانە هاوسێکانیاندا و هەروەها لەبەر دابڕانیان لەو کوردانەی بەزاراوەی کرمانجی دەدوێن، زمانی تورکی لێرە جێگەی کوردیی گرتۆتەوە. لادێی زۆر هەن کە خەڵکەکانیان دەمێکە بە زمانی کوردی قسە ناکەن.

(٣) - ن. یا. مار «جارێکی تر دەربارەی وشەی چەلەبی» (دەربارەی مەسەلەی دەوری میللەتی کورد لە مێژووی ئاسیای پێشەوەدا). ڕاپۆرتی کۆمەڵگای ئەرکیۆلۆگی ئیمپراتۆریای رووسی - بەشی رۆژهەلات، بەرگی ٢٠، بەشی ٢-٣، ل ٩٩-١٥١، پەترۆسبورگ ١٩١١.

(٤) - بڕوانە «فۆندی لیژنەی بەگەکانی باکۆ» کۆمەڵی ژمارە (١) ل ٣٢٩، ئەم مەتریالانەی ئەرکیڤ لە کارەکەی پرۆفیسۆر ن. ن. پچێلین دا بەکارهاتووە: «دەربارەی مەسەلەی مافی موڵکیەت لە ئازەربایجان»، دەنگ و باسی کۆلیجی قانوون، دانیشگای ئازەربایجان، ژمارە ٥-٦، ل ١٣٦، باکۆ ١٩٢٩.

حاجی حەسەن (حوسان) ناوێک گوایە سەید بووە، لە کاتی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعیلدا، دەگەڵ دە خێزان هاتوونەتە زەنگەسوور. ئەوکاتە زۆرکێنشیشی ئەرمەنی گوندەکانی شەلوا و قەرەبەیراملی (ئەوکاتە یەک گوند بوون) بەڕێوە دەبرد، گوندەکە ناوی شەلوا و خێڵەکەش ناوی قەرەبەیراملی بووە کە لە خوراسانەوە هاتووە. گوندەکانی ئاردەشەو، وەگازین، پینچانیز، کورت کاجی، سەر بە ئەرمەنییەکی تر بوون، کە ناوی شیرین بەگ بووە. حاجی حەسەن زوورکێنشیشی کوشت و شیرین بەگ رایکرد، گوندە ئەرمەنییەکان تالان کران و خەڵکەکەش هەریەکە و بەلایەکدا هەلاتن. دوایی حاجی حەسەن خۆی و ئەو ماڵانەی لەگەڵیدا بوون لە گوندەکانی ئاردەشەو و وەگازین جێنشین بوون.

(٥) - بەتایبەت لە ناوچەی «ئارەمەعدەنییەکان»دا لە نێوان گوندی مینکەند و گوندی مەلاتەحمەدلو و هەروەها لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە بۆ گوندی بازلو دەچێ، باش هەست پەمە دەکرێت.

(٦) - وەجاخ (ئۆجاخ، واتە ئاگردان، و) بەلای کوردانەوە زۆر پیرۆزە. سوێندی پێ دەخۆن و تووک لێکردنیش هەر بە وەجاخ دەبێ. گەلێ داب و نەریت پەیوەندییان بە وەجاخەوە هەیە، بۆ نموونە لە کاتی ناونانی منداڵی ساوا بەدەوری ئاگرداندا دەیسوڕێننەوە، ناوکی بڕاوی منداڵەکە لە ئاگرداندا دەشارنەوە. کە کچ بە شوو دەدەن یەکەم جار بەدەوری ئاگردانی ماڵی باوکیدا دەیگێڕن و دواییش بەدەوری ئاگردانی ماڵی مێردیدا.

کاتێ کە مەڕ دەزێ، ئاگر لە ئاگردانەکەدا نابێ بکوژێتەوە. لە رۆژی چلەی مردوودا دار دەخەنە ئاگردان، نەک تەپاڵە. پیاوی بەڕێز و بەڕێوجێ لەناو کورداندا بە خاوەن ئاگردان (یان وەجاخزادە، و) ناو دەبرێ و گەڕیدە و دەربەدەریش بەناوی بێ وەجاخ.

(٧) - ئەو رۆژەی کە یەکێک دەمرێ بەزی مەڕ لە قەندیلەکەدا دەسووتێنن.

(٨) - دەربارەی چۆنییەتی درووستکردنی قەرەدام، سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بکە:س. د. لیسیتسیان (دەربارەی دیراسەکردنی خانووی جووتیارە ئەرمەنییەکان «قەرەدامی ناوچەی قەرەباخ») - دەنگوباسی ئینیستیتووتی مێژوو و ئەرکیۆلۆگیای ئەفقاس، تبلیس ١٩٢٥، ژمارە ٣، ل ٩٨-١٠٨، هەروەها وتاری «خانووی جووتیارە چیاییەکانی ئەرمینیا» هەمان نووسەر و هەمان گۆڤار (٤) ل ٥٥-٥٧.

(٩) - دەربارەی ئەم پەرستگایە ئەفسانەیەکی کۆن هەیە. گوایە کاتی خۆی لەدێی سەیدلار (خەڵکی ئەم گوندە گوایە لە نەوەی محەمەدی پێغەمبەرن)، پیاوچاکێک ژیاوە و بۆ هەندێ کاروبار دەبوایە سەفەربکات، بەر لە سەفەرەکەی لەگەڵ کەسوکارەکەی ناخۆشییان دەبێ و ئەمیش دۆعایان لێ دەکات کە هەموویان جگە لە منداڵە ساواکە، بە ئاگر بسووتێن. دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی دەبینێ کەوا دوعاکەی قەبوڵ بووە و هەموویان سوتاون و تەنها منداڵەکەی ناو لانک بە زیندوویی ماوەتەوە. پاش ئەم رووداوە خەڵکەکە وەکوو پیاوچاک سەیری خۆی و منداڵەکەیان کردووە. گۆڕی ئەم دوانەیە ئێستاکە پێ دەڵێن یانیج یۆگزرووک. ئەم ئەفسانەیە موسایبێ ئیلیاسۆف بۆی گێڕامەوە و زۆر لەو بابەتە ئەفسانانە دەچێ کە پەیوەندییان بە ئاگرپەرستییەوە هەیە. وەکو ئەفسانەی باڵداری لینیکس (قەقنەس) کە دەسووتێ و سوتووەکەی (بەپێی ئەفسانەی میسرییە کۆنەکان - وەرگێر) دەبێتەوە بە باڵدار.

(١٠) - لەسەر ئەو چیایەی کە بەسەر دێی مینکەندا دەنوڕێ، ئاسەواری کەنیسەیەکی ئەرمەنی هەیە، کە تەنها دیوارەکانی ماون. دیمەنی دەرەوەی زۆر لە پەرستگای یانیج یۆگزرووک دەچێ. تەنها جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێت ئەوەیە کە قوربانیگەی کەنیسەکە تۆزێک لە بەشەکانی تری کەنیسەکە جیابۆتەوە.

(١١) - پەیکەری ئەسپ و بەرانی لەبەرد داتاشراو لە ئەدەبیاتی دەربارەی خوارووی قەفقاسەوە زۆرە و ئەم پەیکەرانە دەدرێنە پاڵ ئەرمەنی و تورکەکان. بەڵام بەداخەوە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە تاکو ئێستا نییە. یەکەم سەرچاوە دەربارەی ئەم پەیکەرانە نووسینەکەی Dubais de Montpereux بەناونیشانی Voyage au-tour du caucase ئەتلەس، زنجیرەی ٣، خشتەی ١٢ و زنجیرەی ٤، خشتەی ٢٨، هەروەها زانیاری دەربارەی ئەمە لە کارەکانی Perrot et chipicz دا هەیە وەکوو بەرگی پێنجەم، ل ١٧٠، "Histoire de la Societe nationale des l'antiquite"

ئنجا کورتە باس لەم بارەیەوە لەم کارانەدا هەیە:

Milchgoffer "Archaologische Zeitung" 1898 "Bulletin de la Societe nationale des antiquaires de france" ساڵی ١٨٩٩، وەرزی چوارەم، ل ٣٨٥.

"ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەرکیۆلۆگی ئیمپراتۆری لە ساڵی1898 " سان پیترۆسبورگ، ١٩٠١، ل ٥٤- ٦٨.

لەسەر پەیکەری ئەسپێک نووسراوێکی بە ڕێنووسی سامی - خوارو (ڕەنگە مەبەستی ئارامی بێت - و) هەیە، ئەم پەیکەرە لە لایەن ئی. یا. ڕیسلەرەوە لە نزیک گوندی دیخی ناوچەی کوردستانی ئێستا، دۆزراوەتەوە، س. ماژنیکۆف - ئاسەواری کۆنی چیای سمینشڤیلد، لە کتێبی: مەتریاڵ دەربارەی باسی شوێن و خێڵەکانی قەفقاس، ژمارە ١٣، لاپەڕە ٨. پەیکەری ئەسپ و زین لە ناوچەی تسیلکینسکی سەر بە پارێزگای تەفلیس: ی. پ. رۆستەمۆف، ناوچەی ئەخالکالاکس لەلایەنی ئەرکیۆلۆگییەوە - هەمان گۆڤار، ژمارە ٢٥ ل ٤٧، ٥٣، ٦٤، ٩٦، میکیلادزێ «کارەکانی کۆنگرەی

پینجەمی ئەرکیۆلۆگی لە تەفلیس» ل ٣٧، ی. ی. میشانینۆف: گەشتی ئەرکیۆلۆگی لە ناوچەکانی قەرەباخ و ناخچەوان، لە گۆڤاری ئەکادیمیای مێژووی کولتووری مادی، ژمارە (١)، ل ٣٢، لە دەشتی میلسکی لە گۆڕستانێکی موسوڵمانان (پینیگەشبار)دا دوو پەیکەری ئەسپم بینین. یەکێکیان ئێستاکە براوەتە سەفخۆزی میلسکی و لەوێدا هەڵگیراوە.

جگەلەمە لە مۆزەخانەی جۆرجیادا لە شاری تەفلیس دوو پەیکەری بەردی بەران هەن کە لە ناوچەی بۆرچالینسکی دۆزراونەتەوە. ئەم دوو پەیکەرە گەلێ باشتر و وەستایانە تر لەوانەی کە لە ناچەی کوردستاندا بینیم دروستکراون، بە نەخش و نیگاری هونەری جوان رازاونەتەوە. بەردە بەرانێکی یەکجار جوان لە باخی شاری بەرژومیدا هەبوو، لافاوی زێی کور لە ساڵی ١٩٢٥دا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. هەروەها بەردەبەرانێکی هونەری لە گوندی بیردای نزیک یقلاخدا هەیە (وێنەیەکی لە ئەرشیڤی پ. س. ئۆڤارۆڤا، لە مۆزەخانەی شاری مۆسکۆدا هەیە، بەڵام ئێستاکە هیچ لەبارەی ئەم پەیکەرەوە نازانم. لە کاتی دانانی نەخشەی ئەرکیۆلۆگی ئازەربایجان لەلایەن ف. م. سیسۆیەڤەوە پەیکەری ئەسپ و بەرانی لەبەرد داتاشراو لەم شوێنانەدا دەسنیشان کراون: نیمچە دورگەی ئەپشێرۆنسکی لە گۆڕستانێکی ئیسلامەکانی گوندی زیخ، لە ناوچەی کوردستان - گوندی کوتورلو، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی قەرەباخ لە گۆڕستانی ئیسلامانی گوندی قەرەئاغاچی، لە ناوچەی ناخچەوان لە گوندەکانی: ئەزانابیورت، ئازی «خواروو»، ڤاناند، داناگیرد (گۆڕستانی ئەرمەنییەکان)، لە شاری ناخچەوان، گوندی ئاناناب، لە دێرێکی ئەرمەنی ئیرزلجانی. هەروەها لە ناوچەی لینکۆرانسکی لە گوندەکانی: ئەبیدیری، بالابور، گۆریکدی، لیریک، تانگەرود، ئینیچاری.

(١٢) - لای کوردەکان هەنگ بەخێوکردن زۆر پێشکەوتووە. هەنگوین لە جیاتی شەکر بەکاردەهێنن.

(١٣) - ئەو کلیم و پەلاسانەی کە ژنەکان دەیانچنن لەماڵەوە دەمیننەوە، تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا لە بازاڕەکانی ئەگدام و شووشدا دەیانفرۆشن. بەگشتی کوردەکان بازرگانی ناکەن و بەچاوێکی سووک سەیری ئەم پیشەیە دەکەن، چونکە بە تەواوەتی لە شێوەی ئابووریی سروشتی دانەبڕاون. (ئابوری سروشتی: ئەو شێوە ئابورییە سەرەتاییەیە، کە هەموو پێویستیەکانی کۆمەڵگاکە دابین دەکا و پێویستییەک بە پێوەندی ئابووری لەگەڵ دەرەوەدا نامێنێ - وەرگێڕ).

(١٤) - گیا و گوڵی جۆراوجۆر بە گەنم و جۆ دەگۆڕنەوە. ئەو خێزانەی کە زەخیرەی گەنمی تا داهاتی تازە بەش بکات، بە خێزانێکی دەوڵەمەند دەژمێردرێ.

(١٥) - بۆ ئەوەی دەست بە کا و ئالیکی زستانەوە بگرن، بۆ زستان کەمترین ژمارە لە رەشەوڵاخ لە گوندا دەهێڵنەوە. بۆیە هەر چەند خێزانێک و زەوییەکانیان پێکەوە دەکێڵن، چونکە کێڵانی زەوی کرێکار و رەشەوڵاخی زۆری پێویست دەبێت. هەروەها رەشەوڵاخ بۆ بارکردنیش بەکاردێنن. کوردەکان ئەسپیان زۆر خۆش دەوێ و نرخی دەزانن، بۆیە بۆ کاروبار بەکاری ناهێنن.

(١٦) - دابی تۆڵەی خوێن کردنەوە و نەریت و بەزمی خواردنەوەی خوێنی دوژمنی کوژراو پەیوەندییان بە رێکخراوی بنەماڵەیی شوانکارەیی کۆنەوە هەیە. توخمی رێکخراوی بنەماڵەیی هەروەها لە رەوشتی رێزگرتنی ردێن سپی و پەرستنی وەجاخ و هەندێ رەوشتی تری کورداندا دەردەکەوێ، وەکو: منداڵی تازە لەدایک بوو و تازە بووک بەدەوری ئاگرداندا دەگێڕن، یان رەسمی مردوو ناشتن و بەقوربانی کردنی ئەسپی مردووەکە - ئەمانە هەموویان رەسەنی ئێرانی و بنەماڵەیی و شوانکارەیین و وێنەیان لەلای ئۆسێتینییەکان هەیە و لە هەندێ خووڕەوشتی جێرمەنییە کۆنەکانیش دەچن.

(ئۆسێتینی - میللەتێکی قەفقاسیین و لە سەرووی کۆماری جۆرجیای سۆڤیەتیدا دەژین و ئۆتۆنۆمییان هەیە. زمانیان سەر بە گرووپە زمانی ئێرانییە. وەرگێڕ)

کوردی پشت قەفقاس کەلە چوارچێوەی سیاسی و ئابووری ئیمپراتوریەتی رووسیادا بوون وەک میللەتانی تری پشت قەفقاس سەرنجی گەلێک گەریدە و زانای ئەنتوگرافیان راکیشاوە.
هەروەها شێوەی ژیانی کومەلایەتی و سیاسی کورد، و زوری ژمارەیان لە دەولەتی عوسمانی و ئیراندا سەرنجی زور دەولەتی گەورەیان راکیشاوەو کاریکی وەهایان کردووە ئەودەولەتانە بایەخیان پی بدەن.
ناسینی کوردو زمانەکەی بو یەکەم جار لە رووسیا دەگەریتەوە بونیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم - واتە بو ئەو دەمەی کە ئەکادیمیەی زانستی رووسی (فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شیوەکان)ی لەچاپدا. ئەم فەرهەنگە کەلەسالی (١٧٨٧)زدا بلاوکراوەتەوە، (٢٧٣)وشەی بە (٢٠٠)زمان، کە کوردیش یەکیکیانە، تیادا تومار کراوە.
لەکوتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەهەمدا هەندی وتارو نامیلکە لەبارەی پەیدابوون و ژمارەونەریت ....ی کوردەوە بلاوکرانەوە، بەتایبەتی هەندی زانیاری لەبابەت خیلەکوچەرەکانی کوردی پشت قەفقاسەوە کەلەهەندی راپورتی سەرژمیری و چاپەمەنی فەرمانرەوایەتیدا بەرچاو دەکەون.
د. ئەورەحمانی حاجی مارف
کورد ناسی لە رووسیا

# ئەودیو هەڵەبجە

ص . رەواندوزی

ئەمە ژانە..یاشیزوفرینایی زەمانە!
ئائەمە دەستێکیبڕاوە،یاخود تارمایی‌ئەستێرە ـ یەکی تازەی سەری سالانە!..
ئالێرە.. وەرن پەنجە بەچاوی (تاعون)هـــەڵ بمالین..وەرن،جگە لەفرمێسک وشیوەن و لورە و ماتەمینی، سەرێکی بەرزبو (ساواکەی باوەشیباوک) بچەمینین.. چوکدابدەین.
ئەوە ح چرە ئابلویە بەسەر لێوی زەردی چەرخی شەختەوە هەڵواسراوە.
ئەوە چ بێگانەیەکە بەچرنووک منداڵ دانیدایکی (زەردەشت) هەڵدەدری وفەریادیشی بەکەس ناگات.
کێ هەیە لەئێوە..تینوی درکاندنی گوفتارێکـــی شاراوە نەبێ؟.کێ هەیە لەئێوە.. تائێستا حەز نەکا نەغمەیەکی عاشقانە بو ئەودیوو ژانەکانی و (حەبیبە) نەژەنێ؟!.
تو ئەی ویژدانی بێ ویژدانی هەواداری مانگـــی ئازار..ئەم کلبلەشت کردە مل!! کێ ئێتردەرگای شەوچەرەی بەختیڕمبازیت لێ دەکاتەوە.
ئەو مەرگەی بەسەر پەنجەکانتەوەیە بەچیی دەی نێژی؟..کام گل لەم خاکە ڕەشە لەئامێزی خۆیدا هەڵتدەگری ؟
تو.. تو....
